WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18 28ی گولانی 2715 (750) دینار

کرێی منداڵێکی شیرەخۆرە 25 هەزار دینارە

## منداڵەکانیان بەکرێ دەدەن بۆ سواڵکردن

**رووداو- هەولێر**

موقەدەم فەخرەدین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانیی هەولێر رایگەیاند، رۆژ بە رۆژ ژمارەی سواڵکەر، بە تایبەتی منداڵان لە شاری هەولێر لە زیادبووندان و رۆژانە 10 تاوەکو 15 منداڵ دەستگیر دەکەن.

بەرپرسەکەی پۆلیس باسی فێڵێکی تازەی سواڵکەرەکانی کرد و گوتی "ئەو سواڵکەرانەی منداڵیان نییە، منداڵ بە کرێ دەگرن بۆ سواڵکردن و بەوجۆرە سەرنجی خەڵک رادەکێشن".

گوتیشی "سواڵکەری وامان گرتووە کە منداڵی تەمەن 2 هەفتەی پێبووە، هێشتا خوێنی ناوکی وشک نەبووە، لەگەڵ خۆی هێناویەتی بۆ سواڵکردن".

هەر لەوبارەوە گوتی "سواڵکەرمان گرتووە کچ بووە و منداڵی پێبووە، لە لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە بە کرێی گرتووە".

سەبارەت بە کرێی ئەو منداڵانەش، گوتی "هەتا منداڵەکە بچووکتر بێت کرێی زیاترە، منداڵی بچووک کرێی رۆژانەی لە نێوان 20 - 25 هەزار دینارە". گوتیشی "هەندێک لە سواڵکەرەکان منداڵەکانیان بە نیوەیی بە کرێ دەدەن، ئەو سواڵکەرە چەندی دەستبکەوێت، نیوەی پارەکەی دەداتە خاوەنی منداڵەکە".

« 2



خالید عەزیزی:

سووتاندنی هوتێل تارا کارێکی خراپ بوو

6



جەعفەر ئیبراهیم:

هەر بەرەیەک لە دژی پارتی دروستبکرێ ناهێڵین سەربگرێ

4

سێ سەرۆک شارەوانی لە پارێزگای دهۆک لادەدرێن

2

نێچیرڤان بارزانی سێ رێگا دەخاتە بەردەم بەغدا

عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق:

# کورد هەرگیز چاوی لەوە نەبێ بەغدا مانگانە ملیارێک دۆلاری بۆ بنێرێ

« 3



پیرەژنێک بە بلۆک دەکوژرێ و دواتر دەسووتێنرێ

14

فیلمێکی کوردی چانسی بردنەوەی خەلاتێکی فێستیڤاڵی کانی هەیە

10

شێرزاد حەسەن باسی رۆمانە نوێیەکەی دەکات

20



## سۆفییەکان داوای داخستنی کەناڵێک دەکەن

**رووداو- دەربەندیخان**

مامۆستایانی ئەهلی تەسەوف پێیانوایە سەلەفییەکان لە باشووری کوردستان بیری داعش بڵاودەکەنەوە. مامۆستا مەجید سەعید، گوتاربێژی مزگەوتی مەشخێلان لە دەربەندیخان دەڵێ "سەلەفییەکان کۆمەڵێک کتێب کە ڕێکلام بۆ داعش دەکات لە کوردستان بڵاودەکەنەوە". هەروەها شێخ حوسێن پیر خزری بەڕێوەبەری سەنتەری تەسەوف دەڵێ "داوا لە حکومەت دەکەین کەناڵی ئامۆژگاری سەلەفییەکان دابخات، ئەوە دووجارە ئەو داوایەمان کردووە، ئەگەر حکومەت هیچ نەکات ئەوا بەزۆر خۆمان پێیاندادەخەین". بەڵام عەلی خان یەکێکە لە مامۆستایانی سەلەفی گوتی "تاوەکو ئێستا بە بەڵگە نەسەلمێندراوە کەناڵی ئامۆژگاری بیری توندڕەوی بڵاوکردبێتەوە".




رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18

### کرێی منداڵێکی شیرەخۆرە 25 هەزار دینارە

# منداڵەکانیان بەکرێ دەدەن بۆ سواڵکردن

**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانیی هەولێر ڕایگەیاند، لەم ڕۆژانەدا پێنج منداڵی سواڵکەریان دەستگیرکردووە کە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە سیکۆتین هەڵدەمژن بۆ ئەوەی گێژ ببن و وا لە خەڵک بگەیەنن لەبرسان وایان لێهاتووە، تاوەکو خێریان پێبکەن.

موقەدەم فەخرەدین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانیی هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێنج منداڵ (3 کوڕ و 2 کچ)ی سواڵکەریان لە ترافیکلاتێکی 60 مەتری دەستگیرکردووە کە تەمەنیان لە نێوان 6 — 7 ساڵاندا بووە، ئەم منداڵانە لە ڕێگەی هەڵمژینی سیکۆتینەوە خۆیان بێهۆش کردووە و وایان لە خەڵک گەیاندووە کە لەبرسان وایان بەسەرهاتووە، تاوەکو خەڵک خێریان پێبکات. گوتیشی "ئەم منداڵانە جگە لە سیکۆتین، جگەرەشیان دەکێشا".

بەپێی قسەی موقەدەم فەخرەدین، ئەم منداڵانە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانن و ڕۆژانە لەلایەن کەسوکاریانەوە دەنێردرێنە دەرەوە بۆ سواڵکردن.

### ڕۆژانە 10 - 15 منداڵ دەستگیر دەکەن

هێزەکانی پۆلیسی شارەوانی بەبەردەوامی دەردەچن بۆ دەستگیرکردنی سواڵکەرەکان. بەپێی قسەی موقەدەم فەخرەدین، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی سواڵکەرەکان، بە تایبەتی منداڵان لە زیادبووندان. موقەدەم فەخرەدین گوتی "ڕۆژانە 10 — 15 منداڵ دەستگیر دەکەین.

سواڵکەرەکان هەمەجۆرن، جگە لە قەرەجەکان، ئێستا بەشێک لە ئاوارەکانیش خوویان داوەتە سواڵکردن کە زۆرترینیان منداڵن.

### منداڵ بە کرێ دەگرن

بەرپرسی پۆلیسی شارەوانیی هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەوپێیەی خەڵک سۆزیان زۆرتر بەلای منداڵاندا دەجوڵێ، سواڵکەرەکان ئیستغلالی ئەمەیان کردووە و زیاتر منداڵ بۆ سواڵکردن بەکاردێنن.

موقەدەم فەخرەدین باسی فێڵێکی تازەی سواڵکەرەکانی کرد و گوتی "ئەو سواڵکەرانەی منداڵیان نییە، منداڵ بە کرێ دەگرن بۆ سواڵکردن، لە ڕێگەی ئەو منداڵەوە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشن، چونکە خەڵکی ئێمە سۆزی زۆرە بۆ منداڵ". گوتیشی "تەنانەت سواڵکەری وامان دەستگیرکردووە کە منداڵی تەمەن 2 هەفتەی پێبووە، هێشتا خوێنی ناوکی وشک نەبووە، لەگەڵ خۆی هێناویەتی بۆ سواڵکردن".

موقەدەم فەخرەدین زانیاری زیاتری لەسەر بەکرێگرتن و بە کرێدانی منداڵ بۆ سواڵکردن ئاشکرا کرد و گوتی "سواڵکەرمان گرتووە کچ بووە، منداڵی پێبووە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کردووە، دەرکەوتووە بە کرێی گرتووە".



منداڵانی سواڵکەر سیکۆتین هەڵدەمژن و تاوەک نەخۆش دەربکەون و خەڵک خێریان پێ بکات

گوتیشی "منداڵی کچ کرێی زیاترە لە منداڵی کوڕ". سەبارەت بە کرێی ئەو منداڵانەش، موقەدەم فەخرەدین گوتی "هەتا منداڵەکە بچووکتر بێت کرێی زیاترە، منداڵی بچووک کرێی ڕۆژانەی لە نێوان 20- 25 هەزار دینارە، بەڵام منداڵی گەورە بە 10 — 15 هەزار دینار بە کرێ دەگرن". گوتیشی "هەندێک لە سواڵکەرەکان منداڵەکانیان بە نیوەیی بە کرێ دەدەن، واتە ئەو سواڵکەرە چەندی دەستبکەوێت، نیوەی پارەکەی دەداتە خاوەنی منداڵەکە".

### چەندیان دەستدەکەوێ؟

موقەدەم فەخرەددین نووری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو سواڵکەرانەی بەقسەی ئەو زۆربەیان ژنن، ڕۆژانە بڕە پارەیەکی باشیان دەستدەکەوێ. ئەو گوتی "زۆربەی ژنەکان دەڵێن ڕۆژانە 150 — 200 دۆلارمان دەستدەکەوێ، هیچ سواڵکەرێک نییە ڕۆژانە لە 100 هەزار دینار کەمتری دەستبکەوێ".

هەر لە کاتی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو ژنانە، موقەدەم فەخرەدین بۆی دەرکەوتووە، زۆربەی ئەو ژنانە بێزارن لە سواڵکردن، بەڵام لەلایەن مێردەکانیانەوە گوشاریان دەخرێتە سەر و پێیاندەگوترێ ئەگەر نەچنە دەرەوە، ئەوا تەڵاقیان دەدەن، بۆیە ناچارن سواڵ بکەن". ئەو دەڵێت حەقە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن.

بەبڕوای بەرپرسی پۆلیسی شارەوانی، هۆکاری بنبڕنەبوونی دیاردەی سواڵکردن پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە و دەڵێت "ئێمە کە لەگەڵ سواڵکەرەکان قسە دەکەین، دەڵێن خەڵک خێرمان پێدەکات، بەتایبەتی کاتێک دەبینن منداڵمان پێیە. ئەگەر خەڵک خێرمان پێنەکات، ناچارین واز بهێنین، بۆیە داواکارم لە خەڵک چیدی سۆزیان بۆ ئەو سواڵکەرانە نەجووڵێ، چونکە هەموویان تەمسیل دەکەن و هەژار نین".

# ژنەکەی ئەبو سەیاف سەرپەرشتیاری کڕین و فرۆشتنی کچە ئێزدییەکان بووە

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

خێزانی سەرکردەی دیاری داعش (ئەبو سەیاف) گەورەترین بازرگانی کڕین و فرۆشتنی کچانی ئێزدی بووە کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لەلایەن هێزێکی ئەمریکییەوە لە نێو خاکی سووریا دەستگیرکرا و مێردەکەشی کوژرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا هاوژینەکەی ئەبو سەیاف کە بە (ئوم سەیاف) ناسراوە، لە گرتووخانەیەکی سەربازیی عێراقە لە شاری بەغدا".

ڕۆژی 2015/5/16 بە فەرمانی باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، هێزێکی تایبەتی ئەمریکی لە سووریا ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتیان ئەنجامدا بە ئامانجی دەستگیرکردنی سەرکردەی دیاری داعش ئەبو سەیاف و ژنەکەی. لەو ئۆپەراسیۆنەدا ئەبو سەیاف کوژرا و ژنەکەی دەستگیرکرا، تەواوی ئەندامانی تیمی هێزە تایبەتەکەی ئەمریکاش



ئەبو سەیاف

بە سەلامەتی گەڕانەوە.

ئەو سەرچاوەیە کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناو و پلەکەی ئاشکرا بکرێت، گوتی "ئوم سەیاف سەرپەرشتی گەورەترین باندی کڕین و فرۆشتنی کچ و ژنانی ئێزدی دەکرد لە نێوان سووریا و عێراق". گوتیشی "بەو پێیەی ئەبو سەیاف بەرپرسی مەلەفی نەوت بوو لەنێو داعش، بۆیە ژنەکەشی دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو بە تایبەتی لە سووریا".

دوای ئۆپەراسیۆنەکە، وا بڵاوکرایەوە کە هێزە تایبەتەکەی ئەمریکا کچێکی ئێزدی لە ماڵەکەی ئەبو سەیاف دۆزیوەتەوە و ئەویشیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە. بەڵام سەرچاوەکەی (رووداو) گوتی "تاوەکو ئێستا ئەو زانیارییە پشتڕاست نەکراوەتەوە"، گوتیشی "نەک کچێک، لەوانەیە دەیان کچ دۆزرابنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ شتێک لەو بارەیەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕانەگەیەنراوە".

سەبارەت بە ڕێگای چوونی ئەو هێزە بۆ سووریا، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی گوت "دوو ئەگەر هەیە، ڕەنگە ئەو هێزە لە دهۆک یان لە هەولێرەوە چووبن". بەڵام گوتیشی "هێزێکی ئەمریکییەکان لە ناوچەی جزیرە لە ڕۆژئاوای کوردستان هەن".

# سێ سەرۆک شارەوانی لە پارێزگای دهۆک لادەدرێن



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

لە پارێزگای دهۆک هەڵمەتێکی گۆڕانکاری لە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگاکە دەستیپێکردووە و هەڵمەتەکەش سەرەتا بە گۆڕینی سەرۆک شارەوانییەکانی سێ قەزا دەستی پێکردووە، دوو لەو سەرۆک شارەوانیانە بە گەندەڵی تۆمەتبار کراون. ئەندامێکی لێژنەی شارەوانیش لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت ئەو سەرۆک شارەوانیانەی لادراون، تۆمەتی گەندەڵییان دراوەتە پاڵ و دەشڵێت "گۆڕانکارییەکان بەردەوام دەبن".

لە ماوەی ئەم مانگەدا سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ و شێخان لە پۆستەکانیان لادران، پێشتریش سەرۆکی شارەوانیی دهۆک لە پۆستەکەی لادرا. هەریەک لە سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ و سەرۆکی شارەوانیی بەردەڕەش بە تۆمەتی گەندەڵی لەلایەن داواکاری گشتی ناوچەکانیان دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە.

عیماد شوکر، سەرۆکی لێژنەی شارەوانی و خزمەتگوزاری لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی گوت "هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان، دەستمانکرد بە بەدواداچوونی کاروباری شارەوانییەکانی هەر حەوت قەزاکەی سەر بە پارێزگای دهۆک، پاش ئەوەی سەرۆکی شارەوانی دهۆکمان بانگهێشتی ئەنجوومەن کرد، دەرکەوت زۆر شتی لەسەرە و پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندیی شەخسی بەکارهێنابوو، بۆیە پێشنیازمان بۆ ئیدارەی پارێزگای دهۆک کرد بیگۆڕن، ئەوانیش گۆڕییان".

عیماد شوکر زانیاری زۆرتری لەبارەی ئەو سەرۆک شارەوانیانە ئاشکرا کرد و گوتی "بەپێی ئەو بەڵگانەی دەست ئێمە کەوتوون، زۆربەی ئەو سەرۆک شارەوانیانە، لەوانەش سەرۆک شارەوانیی ئاکرێ، بەردەڕەش و شێخان، مەلەفی گەندەڵییان لەسەرە، نەک تەنیا ئەوان، بەڵکو قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی ئەو قەزایانەش دەستیان لەو گەندەڵیانەدا هەیە".

عیماد کە ئەندامی فراکسیۆنی سەوزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، دەڵێت بەهۆی بەدواداچوونەکانیان، هەڕەشەیان لێکراوە "لەو ماوەیەدا جارێک بە تەلەفۆن هەڕەشەیان لێکردووین، دڵنیام ئەم ڕاپۆرتەی ئێوە بڵاوبێتەوە، بە دەیان هەڕەشەم بۆ دێت، بەڵام هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە ئەم هەڕەشانە نامانوەستێنن و بەردەوام دەبین لە بەدواداچوونەکانمان".

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر، ئیدارەی نوێی پارێزگای دهۆک دەستبەکاربوون، خەڵکی دهۆک چاوەڕێ بوون پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگا گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە پۆستە ئیدارییەکانی دهۆک بکەن کە ماوەی چەند ساڵێکە هیچ گۆڕانکارییەکان بەسەردا نەهاتووە، بەڵام ئەوان دەڵێن تاوەکو ئیدارەی پارێزگای دهۆک بە تەواوی پێکنەیەت ئەم گۆڕانکاریانە ناکەن.

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای دهۆک باسی ئەو گۆڕانکارییە بە پەلەیەی سەرۆکی شارەوانی چەند قەزایەک دەکات و دەڵێت، پەیوەندییان بەوەوە هەبوو کە ئەوان بە گەندەڵی تۆمەتبار کراون.

هەڤاڵ ئامێدی، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی گوت "سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ لەلایەن داواکاری گشتییەوە بە گەندەڵی تۆمەتبار کراوە و دۆسیەی بۆ کراوەتەوە، ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکیش تێبینییان لەسەر سەرۆکی شارەوانیی شێخان هەبوو، بەڵام ئەوانی دیکە سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ و دهۆک، ماوەکەیان تەواو بووبوو".

لە سنووری پارێزگای دهۆک 47 شارەوانی هەن. هەڤاڵ ئامێدی دەڵێت "بەردەوام دەبین لە گۆڕانکارییەکان، چونکە سەرجەم گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیانە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، لە ماوەی ڕابردوودا چەندین بەرپرس و کارگێڕی فەرمانگەکانی دهۆک بە گومانی گەندەڵی بانگهێشتی دادگا کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

گۆڕینی سەرۆک شارەوانییەکان پێدەچێ زۆر بە پەلە کرابێ، چونکە سەرۆکی نوێی شارەوانیی دهۆک دەڵێت ڕۆژێک پێش وەرگرتنی پۆستە نوێیەکەی ئاگادارکراوەتەوە.

ئەندازیار ئیحسان دۆسکی، سەرۆکی نوێی شارەوانیی دهۆک بە (رووداو)ی گوت "هیچ پلانێکی پێشوەختە نەبوو کە من ئەم پۆستە وەربگرم، ڕۆژێک پێشتر لەلایەن ئیدارەی پارێزگای دهۆکەوە ئاگادار کرامەوە کە سبەی وەک سەرۆکی شارەوانیی دهۆک دەستبەکاربم". دۆسکی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە شەش ساڵ لەمەوبەر پێشنیازی ئەو پۆستەی بۆ کراوە، بەڵام ئەوکات ڕەتیکردووەتەوە.

یەکێک لەو سەرۆک شارەوانیانەی لە پۆستەکەی لادراوە، گوتی "گۆڕینی من بێ پلان بوو، بۆ ئەوە نەبوو کەسێکی باشتر لە شوێنەکەی من دابنێن، بەڵکو ئەوە پیلانی چەند کەسێک بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان". ئەو سەرۆک شارەوانییە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "دڵنیام ئەم گۆڕانکاریانە هیچ شتێکی باش بەدوای خۆیاندا ناهێنن و تەنیا بۆ لادانی ئێمە بوو".

### دوای ڕاپۆرتێکی هەفتەنامەی (رووداو)

# داواکاری گشتی دۆسیەیەک لەسەر قایمقامی بەردەڕەش دەکاتەوە

**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- بەردەڕەش**

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی هەفتەنامەی (رووداو) لەسەر دوو جار قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتییەک لەلایەن قایمقامی بەردەڕەشەوە کە ئامۆزای خۆیەتی، داواکاری گشتیی بەردەڕەش دۆسیەیەک لەسەر ئەو بابەتە دەکاتەوە و دۆسیەکە ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە دەکات. بەڵام قایمقامی بەردەڕەش دەڵێت هێشتا ئاگادار نەکراوەتەوە.

هەفتەنامەی (رووداو) هەفتەی ڕابردوو ڕاپۆرتێکی لەبارەی قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتییەک بەناوی (ە.ئە) لەلایەن شارەوانی و قایمقامیەتی بەردەڕەش بڵاوکردەوە کە زەوییەکانی بەر دوو پرۆژە کەوتبوون.

ئەو هاووڵاتییە کە زەوییەکانی بەر پرۆژەیەکی کارەبا و باڵەخانەی ناحیەی ڕۆڤیا کەوتبوو، بە 12 پارچە زەوی قەرەبوو کراوەتەوە. هەرچەندە قایمقامی بەردەڕەش لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت ئەو ئامۆزایەی ئەو وەکو هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی کە زەوی بەر پرۆژەی حکومەت کەوتووە، بە بڕیاری سەرووی خۆی قەرەبوو کراوەتەوە، بەڵام هەندێک جوتیار و سەرۆکی پێشووی شارەوانیی ڕۆڤیا لە ڕاپۆرتەکەدا گوتبوویان ئەو کەسە "بە نائاسایی قەرەبوو کراوەتەوە".

هەر دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی (رووداو)، داواکاری گشتیی بەردەڕەش دۆسیەیەکی لەسەر مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتییە کردەوە. ئەندامێکی داواکاری گشتی لە بەردەڕەش کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بەڵێ ڕاستە دۆسیە لەسەر قایمقام کراوەتەوە و ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی بەردەڕەش کراوە".

دادوەرێکی دادگای لێکۆڵینەوەی بەردەڕەش پشتڕاستی کردەوە کە دۆسیەیەکیان لەوبارەیەوە بە دەست گەیشتووە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی دۆسیەکە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک لەوبارەیەوە بدات.


سەردار شێخ یەحیا عەبدولعەزیز، قایمقامی قەزای بەردەڕەش بێ ئاگایی خۆی نیشاندا کە لەلایەن داواکاری گشتییەوە دۆسیەی لەسەر کرابێتەوە و گوتی "هیچ شتێکم لەلایەن داواکاری گشتییەوە بەدەست نەگەیشتووە".

قایمقامی بەردەڕەش ئامادەیی خۆی نیشاندا هەر نووسراوێکی لەلایەن دادگا و داواکاری گشتییەوە بەدەست بگات، بچێتە دادگا و گوتی "ئامادەم بچمە بەردەم دادگا و بێ تاوانیی خۆم بسەلمێنم، هەر ئەو بەڵگەنامانەی (رووداو) بڵاوی کردنەوە، بەسن بۆ ئەوەی بێ تاوانیی خۆمی پێ بسەلمێنم".

## ئۆباما بۆ بارزانی: دژی خواستەکانتان ناوەستینەوە

**رووداو – هەولێر**

دەرباز کۆسرەت، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەندامی شاندی کوردی بوو بۆ سەردانی ئەمدواییەی واشنتن بە (رووداو)ی گوت "مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە واشنتن زۆر بە وردی باسی داهاتووی گەلی کوردی کرد". سەبارەت بە تێڕوانینی بەرپرسانی ئەمریکا لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان. دەرباز گوتی "ئۆباما بە بارزانی گوت ئێمە ویستمان بزانین خواستی ئێوە چییە، دژی خواستەکانتان ناوەستینەوە، هەروەها جۆو بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بە بارزانی گوت بە دڵنیاییەوە لە تەمەنی خۆم و خۆت دەوڵەتی کوردستان دەبینین".



رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18

## نێچیرڤان بارزانی سێ ڕێگا دەخاتە بەردەم بەغدا

### عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق:

# کورد هەرگیز چاوی لەوە نەبێ بەغدا مانگانە ملیارێک دۆلاری بۆ بنێرێ



### سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان:

### بەغدا لە باشترین حاڵەتدا 600 ملیار دینار بۆ کوردستان دەنێرێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

وەزیری نەوتی عێراق بە یەک دێڕ تەواوی نیەتی حکومەتی بەغدای بە هەولێر گەیاندووە لەبارەی بەشە بودجەکەی و رایگەیاندووە کە با هەولێر هەرگیز چاوی لەوە نەبێت بەغدا مانگانە ملیارێک دۆلاری بۆ بنێرێ. لەبەرامبەریشدا نێچیرڤان بارزانی لەڕێی وەزیری نەوتی عێراقەوە سێ بژارەی خستووەتە بەردەم حکومەتی بەغدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەفتەیەکی پڕ لە کۆبوونەوەی لەبارەی کێشەی نەوت و بودجە بەڕێکرد. مەبەستیش لەو کۆبوونەوانە بەدەستهێنانی پاڵپشتی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق بووە و ئامانجەکەشی پێکا.

هەرزوو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەرپشک کرد بۆ دابینکردنی بودجە کە چۆن پێویستی کرد، وا مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی نەوتدا بکات.

### سێ ڕێگا لەبەردەم بەغدا

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆیەکی گەرمی نێوان نێچیرڤان بارزانی و عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات.

ئامانج رەحیم کە لە هەمانکاتدا راوێژکاری یاسایی ئەنجوومەنی وەزیرانە و بەشداری کۆبوونەوەی وەزیری نەوتی عێراقی کردووە، دەڵێ "سەرۆکی حکومەت نیگەرانییەکانی هەرێمی کوردستانی گەیاندە عادل عەبدولمەهدی و ئەویش هاوڕابوو لەگەڵ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان پابەندی رێککەوتنەکە بووە، بە تایبەتی لە مانگی رابردوودا". بۆیە وەزیری نەوتی عێراق داوای لە حکومەتی عەبادی کرد رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا جێبەجێ بکات.

رۆژی 2014/12/2 حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق رێککەوتنێکیان بۆ ماوەی یەک ساڵ واژۆ کرد، بەپێی رێککەوتنەکە، دەبێ هەرێمی کوردستان رۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای سۆمۆی عێراق بکات و لە بەرامبەریشدا حکومەتی عێراق 17%ی بودجەی گشتیی عێراق بداتە هەرێمی کوردستان.

مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "بەغدا پابەندی رێککەوتنەکە نەبووەو تاوەکو ئێستا تەنیا لە چوار مانگی یەکەمدا عێراق نزیکەی سێ ملیار دۆلار قەرزاری هەرێمی کوردستانە، چونکە هیچ مانگێک 17%ی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە".

بەگوێرەی رێککەوتنەکە، عێراق دەبێ مانگانە ترلیۆنێک و 200 ملیار دینار (ملیارێک دۆلار) بداتە هەرێمی کوردستان.

ئامانج رەحیم دەڵێ "مانگی چوار بۆ هەرێمی کوردستان سەنگی مەحەک بوو، ئێمە بە تەواوەتی پابەندی رێککەوتنەکە بووین، بەڵام بەغدا هەر نەهاتە پێش". گوتیشی "نێچیرڤان بارزانی بە عادل عەبدولمەهدی گوت تەنیا سێ رێگا هەیە: یان هەردوو لایەن پابەندی رێککەوتنەکە دەبین. یان رێککەوتنێکی دیکە دەکەین و یاخود دەستبەرداری رێککەوتنەکە دەبین و هەر لایەک نەوتی خۆی بفرۆشێ و بودجەی خۆی دابین بکات".

### عەبدولمەهدی: عێراق ناتوانێ ملیارێک دۆلار بدات

دەربارەی وەڵامی وەزیری نەوتی عێراق بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئامانج رەحیم دەڵێ "عادل عەبدولمەهدی بە ئاشکرا گوتی: هەرگیز چاوتان لە یەک ملیار دۆلار نەبێ لە مانگێکدا، وەک ئەوەی لە رێککەوتنەکەدا هاتووە، چونکە حکومەتی عێراق ئەو پارەیە نادات".

عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق رۆژی 2015/5/13 گەیشتە هەولێر و بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هەرێمی کوردستان مایەوە و سێ کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازکرد، بەڵام بەبێ هیچ ئەنجامێک گەڕایەوە بەغدا.

وشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ژێر گوشاری توندی شیعەکاندایە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێککەوتن دەکات و بودجە رەوانە دەکات و گوتی "ئێستاش ئەوە لە نێو شەقامی شیعەدا زاڵە کە کێ زیاتر دژایەتی کورد بکات، جەماوەری زیاتر دەبێ".

### لە ماتماتیکیشدا ئەوە نییە

وشیار عەبدوڵڵا، باسی نامەیەکی هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق دەکات لەبارەی ناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسان بە ناتەواوی و دەڵێ "زێباری نامەیەکی توندی بۆ عەبادی نووسی و تێیدا گوتی بەهیچ شێوەیەک و بەگوێرەی هەموو پێوەرە ماتماتیکییەکانیش، ئەو پارەیەی تۆ بڕیارت داوە بۆ هەرێمی کوردستانی بنێری وەکو مووچە و بودجەی مانگی نیسان، رەوا نییە". هۆشیار زێباری هەر لەو نامەیەدا بە عەبادی گوتووە "ئەوەی تۆ دەیکەی غەدرێکە لە کورد".

بەگوێرەی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق لە مانگی نیساندا تەنیا "488 ملیار دیناری ناردووە و ئەوەش بەشی نیوەی مووچەی مانگێکی فەرمانبەران ناکات".

ئامانج رەحیم لەو بڕوایەدایە بەغدا پابەندی رێککەوتنەکە نابێ و دەڵێ "تەسەور ناکەم بەغدا لە باشترین حاڵەتدا لە 600 ملیار دینار زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ".

### چاوەڕێی کۆبوونەوەی سێشەممەن

بڕیارە رۆژی سێشەممەی داهاتوو 2015/5/19 ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کۆببێتەوەو تێیدا بابەتی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان تاوتوێ بکرێ.کرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقیش دەڵێ "لەهەموو حاڵەتێکدا چاوەڕێی کۆبوونەوەی رۆژی سێشەممە دەکەین، کە هەم کاک هۆشیار زێباری و هەم عادل عەبدولمەهدی گوتوویانە قسەی خۆیان دەکەن و دەڵێن هەرێمی کوردستان پابەند بووە بە رێککەوتنەکە".

# کورد سەربەخۆیی ئابووری لە بەغداوە رادەگەیەنێ

### زانا رووستایی: پەرلەمانتارە عەرەبەکان دەڵێن رۆژێک زووتر جیاببنەوە باشترە

### پەرلەمانتارێکی پارتی: لە بەغدا سەربەخۆیی ئابووری رادەگەیەنین

### پەرلەمانتارێکی یەکێتی: دەبێ بە وردییەوە راگەیاندنی سەربەخۆیی ئابووری تاوتوێ بکەین

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا چاوەڕێی بە یەکگەیشتنەوەی شاندی کورد و بەغدا دەکەن و دواهەمین هەڵوێستی خۆیان بەو کۆبوونەوەیەوە گرێداوە کە ئاخۆ دەگەنە ئەنجام یان جارێ نائومێدی دەدەن. پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "لە دوای مانگی نیسانی ئەمساڵەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە، هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا پشتیوانی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن".

رۆژی چوارشەممەی رابردوو، جارێکی دیکە پەرلەمانتار و وەزیرانی کورد لە بەغداوە گەڕانەوە بۆ هەولێر و لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان تاوتوێی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکانیان کرد لەگەڵ بەغدا.

ئەوکاتەی بەغدا لە نیوە کەمتریش پارەی مانگی نیسانی ناردبوو کە ئەوەش لادان بوو لەو رێککەوتنەی لە مانگی کانوونی یەکەمی رابردوو لەسەر مەسەلەی نەوت و بودجە واژووکرا.

بەڵام نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارتە بەکارنەهێنراوەکەی کوردی هێشتەوە و داوای کشانەوە لە بەغدا نەکرد، بۆ ئەوەی چانسێکی دیکە بداتە حکومەتەکەی عەبادی.

زانا رووستایی، سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ بۆچوونی بەربڵاو لەنێو پەرلەمانتارە شیعەکانی عێراق ئەوەیە کە کورد مافی پارێزگاکانی دیکە دەخوات و دەبێ ئەو قەرزەی لێوەربگیرێتەوە "جگە لە کوتلەی مواتن و فەزیلە، هەموو کوتلە شیعەکانی دیکەی عێراق کورد بە قەرزدار دەزانن و بەردەوام حکومەت لە دژی کورد هاندەدەن".

وەک زانا رووستایی گوتی، سەردەمی پەرتبوونی هەڵوێستی کورد لە بەغدا کۆتایی هاتووە و ئەوان چاوەڕوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لەبارەی ئەنجامی گفتوگۆکانەوە هەڵوێستی کۆتایی خۆی رابگەیێنێ تاوەکو ئەوان بزانن لە بەغدا چی دەکەن "ئەگەر بڕیاری کشانەوە لە بەغدا دەربچێ، هیچ لایەک رەتیناکاتەوە و بێ سێ و دوو دەگەڕێینەوە، بڕواناکەم هیچ لایەک جورئەتی ئەوە بکات نەکشێتەوە، ئەگەر خۆی بە نوێنەری خەڵکی کوردستان بزانێ".

قسەی کۆتایی لای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. چەند رۆژێکە لە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا و چیک و هەنگاریا گەڕاوەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت لەبارەی چارەنووسی باشووری کوردستانەوە قسەیەک بکات، کە تاوەکو ئێستا نەیکردووە. لە کۆبوونەوەیەکی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانیشدا لە رۆژی شەممەی رابردوو کە راگەیێندراوێکیان بڵاوکردەوە، وێڕای ئیدانەکردنی ئەو هێرشانەی لە بەغداوە دەکرێنە سەر کورد، رایانگەیاند "هەرێمی کوردستان بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە و زەمەنی سیاسەتی خۆسەپاندن تێپەڕی و بەسەرچوو، گەلی کوردستان خاوەنداری ئیرادەی خۆی دەکات و خۆی بڕیار دەدات و تەسلیم بەکەس نابێت".

پەرلەمانتارێکی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بەهەمان شێوەی زانا رووستایی دەڵێ چاوەڕوانی دواییـن گفتوگۆی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان دەکەین "ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوکات دەست بەجێبەجێکردنی پلانەکەی خۆمان دەکەین".

### پلانەکە چییە؟

ئەردەڵان نورەدین، هێما بۆ ئەو بڕگەیەی یاسای بودجەی عێراق دەکات کە تێیدا هاتووە ئەگەر لایەنێک پابەند نەبوو بە رێککەوتنەکە، لایەنی بەرامبەر دەتوانێ رێگایەکی دیکە بگرێتەبەر. هەروەها پلانەکە بە "راگەیاندنی سەربەخۆیی ئابووری" ناودەبات و دەڵێ "هەر لە بەغداوە پەرلەمانتارانی کورد کۆدەبینەوە و رایدەگەیەنین هەرێمی کوردستان لەمەودوا بۆ خۆی نەوت دەفرۆشێت".

ئەو ئەندامەی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەشزانێ ئەو راگەیێندراوەی کورد کێشە و ئاڵۆزی لە نێو پەرلەمان بەدوای خۆیدا دێنێ "چونکە بەوە رازی نابن و بڕیارێکی زۆر قورسە".

بەپێی قسەی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، کاتێک لەگەڵ پەرلەمانتارانی شیعە و سوننە دادەنیشن لە کاتی پشوودان و گفتوگۆی نافەرمیان لەگەڵ دەکەن، ئەوان دەڵێن "ئێمە دەزانین کورد لە عێراق کاتین و هەر جیادەبنەوە". زانا رووستایی هەروەها دەڵێ "هەندێک پەرلەمانتار پێمان دەڵێن رۆژێک زووتر لێک جیاببینەوە، باشترە".

ئەندامێکی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ رۆژی سێشەممەی داهاتوو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانە و لەو کۆبوونەیەدا دۆخەکە تارادەیەک روون دەبێتەوە "بەڵام ئەمجارە دەبێ هەموو حیزبە کوردستانییەکان بەیەکەوە بڕیار بدەن ئاخۆ کورد چیبکات ، بۆ ئەوەی ئەنجامەکان تەحەمول بکەین".

بەختیار شاوەیس پەرلەمانتاری یەکێتی پێیوایە ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا باشترە لەسەردەمی مالیکی و ئەوەش وادەکات راگەیاندنی سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئێمە گران بکەوێ "ئایا تورکیا رێگای نەوتەکەمان لێناگرێ؟ ئایا بەغدا لە دژی کورد تموحی گەورە ناخاتە بەردەم تورکیا؟ بۆیە دەبێ بە وردی راگەیاندنی سەربەخۆیی ئابووری تاوتوێ بکەین". گوتیشی "هەرچۆن بێت ئێستا هەموو لیستە کوردییەکان پێکەوەن و لە دوای مانگی 4 ئەمساڵەوە کە حکومەتی هەرێم پابەند بووە بە رێککەوتنەکەوە، هەموومان بەیەکەوە بڕیار دەدەین".

## نازم دەباغ: ئێران داوای کردووە پێگەی خانەوادەی تاڵەبانی بپارێزرێ

**ڕووداو- هەولێر**

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران ڕایگەیاند بەشێک لە ئەجێندای سەردانەکەی ئەم دواییەی بەرهەم ساڵح جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ ئێران پەیوەندی بە کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتییەوە هەبووە و گوتی "لەگەڵ بەرپرسانی ئێران باسی یەکێتی نێو یەکێتی کراوە و یەکێتیش وەکو پێویستییەکی گرنگ لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کورستان و عێراقدا". سەبارەت بە باسکردنی ململانێی نێو باڵەکانی یەکێتی. نازم دەباغ گوتی "ئێرانییەکان داوایانکرد کە خانەوادەی مام جەلال لە نێو یەکێتیدا شوێن و پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە و دەبێ ئەو پێگەیە بپارێزرێ".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18

### جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:

# هەر بەرەیەک لە دژی پارتی دروستبکرێ ناهێڵین سەربگرێ



دەستوور دەکرێ لە مانگێکدا یەکلا بکرێتەوە

گوتەبێژی فەرمی مەکتەبی سیاسی گەورەترین حیزبی باشووری کوردستانە، بەرپرسی ڕێکخستنی پارتییە و لەهەمانکاتدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام پێناچێت لەو ماوەیەدا لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، پەیوەندییەکانی باش بن. جەعفەر ئیبراهیم لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو)، دەڵێ "گۆڕان لە ئیدارەکردندا شارەزا نین و لەنێو پەرلەمانیش حیزبایەتی دەکەن".

هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد

**ڕووداو: سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو ویستیان کۆبوونەوەیەک بکەن لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەلایەن ئێوە و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی تێکدرا، بۆچی؟ بۆ ئێوە ئامادەنین لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ بکەن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەم گرفتە شکڵی بوو، هیچ پەیوەندی بەوەوە نەبوو کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەمواربکرێتەوە یان نا، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەبوو من وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئاگادار نەکرابوومەوە. گومانێک بۆ ئێمە دروستبوو کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەبێ ئێمە (پارتی) ئەو بابەتە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ. لەهەمان ڕۆژدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان بوو، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێکەوە بووین. کە پێکەوە بووین بۆ بە منیان نەگوت لە کاژێر 1:00ی دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە هەیە، ئەگەر پێشوەختە منیان ئاگاداركردبایە، ئەوکات من ئامادەبوومایە یان نا، پێویستی بە ڕوونکردنەوە نەدەکرد، بەڵام کە کۆبوونەوەکەیان کرد و دواتر وا بڵاویانکردەوە کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئامادە نەبوو، ناچار بووم ڕوونکردنەوە بدەم.

**ڕووداو: گومانتان هەبوو لە پشتی ئێوە چێشتێک لێدەنرێ و ئاگاتان لێ نییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ گومانمان هەبوو کە لە پشت سەری ئێمە هەندێ ڕا دروستبکرێن.

**ڕووداو: بەڵام ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەبێ پارتی هەر چوار فراکسیۆن پێشتریش بەیاننامە و هەندێ بڕیاریان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کردووە، هەر کاتێک ویستیان دەتوانن بەبێ پارتی هەر کارێک بکەن و دەڵێن ئەمە دیموکراسیەتە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ڕاستە ئەمە دیموکراسیەتە. ئێمە هیچ گرفتێکمان لەوەدا نییە کە چوار لایەن ببنە یەک و ڕێز لە ڕای ئێمە بگرن، بەڵام ناکرێ پارتی پەراوێز بخرێ، دەبێ ڕای بەرامبەریان بە هەند وەربگرن و لە سیستەمی تەوافوقیدا پەراوێزخستن نییە. لە سیستەمی پەرلەمانیشدا دروستکردنی بەرەیەکی سیاسی نییە. بۆیە هەر بەرەیەک لە دژی پارتی دروستبکرێ بە مەترسی دەزانین و ڕێگەش نادەین سەربگرێ، ئینجا بۆ هەر پرسێک بێ، چ پەیوەندی بە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەبێ، یان لە دەرەوەی پەرلەمان بێ. ڕێگەش نادەین جارێکی دیکە دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان دروست ببێتەوە.

**ڕووداو: لە نێو پەرلەمان گەلەکۆمە لە پارتی دەکرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتی بە تەنیاش بێ، سەنگ و پێگەی خۆی هەیە و کەس ناتوانێ پارتی نەخوێنێتەوە. لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسیدا پارتی پەراوێز ناخرێ.

**ڕووداو: هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆبوونەوەیە لەلایەن ئێوەوە وەکو هۆشدارییەک بوو کە بەبێ پارتی ناتوانن هیچ بکەن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** هۆشداری نییە، بەڵکو مافی پارتی بوو، ئێمە چۆن خۆمان وەکو پارتی دەناسین، ئەوانیش بەهەمان شێوە پارتی دەناسن. ڕاستە کاتی خۆی ئەو شەڕەی لەنێو پەرلەمان ڕوویدا چوار لایەن بەیاننامەیەکیان لە دژی پارتی دەرکرد، لەبەر ئەوەی شتێکی لاوەکی بوو بە هیچمان وەرنەگرت. بەڵام ئەگەر پەیوەندی بە بابەتێکی وەکو دەستوور یان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبێ، هەڵوێستی توندمان دەبێ.

**ڕووداو: بەڵام سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ئێوە ناڕازی بوو کە بەیاننامەت دەرکرد لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** من پرس بە سەرۆکی پەرلەمان ناکەم بەیاننامە بنووسم یان نا. هەندێ شت پەیوەستە بەمنەوە وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان. هەر کاتێ بزانم هەندێ شت دەکرێن تەجاوزن لەسەر دەسەڵاتی من وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان، پرس بە کەس ناکەم و کاری خۆم دەکەم و ڕای گشتی ئاگادار دەکەمەوە، چونکە ئەوەی کرا کارێکی باش نەبوو، ئەوە بۆ من وەکو زەنگێک بوو ئەگەر ئەو هەنگاوەم نەگرتبایە بەر دەبووە عادەت و بەردەوام دەبوو. بۆیە ئەوەی ڕوویدا ئێمە بە خراپ لە قەڵەمی دەدەین.

**ڕووداو: بەیاننامەکەی ئێوە ئەو هەنگاوانە ڕادەگرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەوەی تێگەیشتووم دەتوانین پێکەوە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان ئەو کارانە دووبارە نەبنەوە.

**ڕووداو: سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی داوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** وا تێگەیشتووم کە ئەمە دووبارە نابێتەوە.

**ڕووداو: ڕای پارتی چی بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتی هەموو دەسەڵاتێکی بەمن داوە. منیش توند نیم و گلەییش لەمن دەکرێ کە لە سیاسەتدا نەرمم. نەرمی نواندنیش نیشانەی هێزە. حیزبەکەی من هەموو دەسەڵاتێکی پێداوم، بەڵام ئێمە خاوەنی حکومەت و پەرلەمانین، بۆیە هەنگاوی خراپ نانێین.

**ڕووداو: ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان کردی لە نەزانینی بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** هەر شتێک هەبێ دەیخەمە چوارچێوەی ئەوەی کە گۆڕان ئەزموونی کەمە لە ئیدارەدا، نەوەیەکیان هێناوەتە پێش ئەزموونیان زۆر نییە، لەبەر ئەوەی ئێستا دۆخەکە ناهەموارەو قەرەبالغی هەیە، دەرفەتیش نییە زوو فێری کاری ئیداری ببن.

**ڕووداو: بەڵام یەک دنیا ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان هەن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** سوود لە ڕاوێژکار وەرنەگیراوە، نە پێشتر و نە ئێستاش. دەمەوێ ڕاستییەکیش بڵێم، ڕاوێژکار هەموویان بۆ کارکردن دانەمەزراون، بەڵکو لەبەر موحاسەسەی حیزبییە و لەنێو پەرلەمانیش ڕەنگیدایەوە و بەردەوامە. ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو دەیانگوت چاکسازی لە ئیدارەدا دەکەین، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیکەن هیچ پەیوەندی بە چاکسازی ئیدارییەوە نییە، بەڵکو ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە. ئەگەر چاکسازی بکەی ناکرێ باری حکومەت قورس بکەی و خەڵکی زیاتر دابمەزرێنی. ئەگەر بەرنامەت هەبێ بەرنامەکەت جێبەجێ بکە. ئەو پاکێجانەی پێشتریش بە ئێمەیان دابوو کە لە ئۆپۆزیسیۆندا بوون، لە بواری کرداریدا نەیانتوانیوە 20%یشی جێبەجێ بکەن.

**ڕووداو: یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چی لێ دەکەن، هەمواری دەکەنەوە بۆ ئەوەی دیاریێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن و بە چ میکانیزمێک هەڵدەبژێردرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەگەر ئامادەکاری بکرێ، ئەوا دەستوور لە ماوەی مانگێکدا یەکلایی دەبێتەوە. دەستوور هەمووی یەک بەندە کە ئەو هەموو گفتوگۆیەی لەسەر دەکرێ، ئەویش مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە لە پەرلەمانەوە بێ یان لەلایەن خەڵکەوە بێ. ڕاستە هەندێ بابەتی دیکە هەن، بەڵام جەوهەری نین و شایەنی ئەوە نین کێشەیان لەسەر دروست بکرێ.

لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دوو بۆچوون هەن، ڕای پارتی ئەوەیە سیستەم پەرلەمانی بێ و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ و ناکرێ ئەو مافە لە خەڵک بسەندرێتەوە. لایەنی دیکەش دەڵێن نەخێر با لەلایەن پەرلەمانەوە بێ و بکرێ بە حیزبی و خەڵک مافی ئەوەی نەبێ سەرۆکی خۆی هەڵبژێرێ و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کەم بکرێنەوە.

**ڕووداو: پێتوایە ئەوە پێش مانگی هەشت تەواو دەبێ، چونکە لە 2015/8/19 ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەگەر حیزبەکان قورسایی خۆیانی بخەنەسەر، بەڵێ تەواو دەبێ، ئەگەرنا مەسەلەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموار دەکرێتەوە. ئەگەر هەمواریش نەکرا ئەوا دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ، ئەوکات کێ کاندید دەبێ، جەنابی سەرۆک بارزانی جاری دیکە تەنیا کاندید نەبووە، بەڵکو چوار کاندید هەبوون.

**ڕووداو: ئێستا چۆن دەبێ ڕاستەوخۆ یان لە نێو پەرلەمان دەبێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەمە مەسەلەیەکی قانونییە و پێمان باشە کۆمیسیۆنێکی یاساناسان دروست بکرێ، یان دادگای تەمیز یان تێکەڵ بێ لەهەردوو لایەن، پێمانوایە ئەوە هەنگاوێکی باش دەبێ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە. پارتیش ئێستا لەگەڵ لایەنەکان لە ڕاوێژدایە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو بابەتە بدۆزێتەوە.

**ڕووداو: واتە ڕاستەوخۆ دەبێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** لەوانەیە و دەتوانم بڵێم 50% شانسی هەیە ڕاستەوخۆ بێ، 50%ی دیکەش لەگەڵ ئەوەن لە پەرلەمانەوە هەڵبژێرن. ڕای کاک مەسعود و پارتیش ئەوەیە ڕاستەوخۆ بێ، ئەگەر کرا بە پەرلەمانی ئەوا دەمێنێتەوە بۆ خودی کاک مەسعود و بەرژەوەندیی میللەت و هێزە سیاسییەکان. لەسەر ئەو پرسەش ڕای گۆڕان وەکو ڕای یەکێتییە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ و ڕای کۆمەڵ و یەکگرتووش هەمان ڕایە.

**ڕووداو: پێشتر لەنێو پارتیشدا داوا لە بارزانی دەکرا خۆی هەڵنەبژێرێتەوە، ئێستاش ئەو داوایە هەیە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** لە 2005 منیش یەکێک بووم لەوانە و بە نووسین ئەوەم نووسیبوو کە ببێ بە مەرجەعی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا کاتەکە جیاوازە، جەنابی کاک مەسعود دووربکەوێتەوە زیانێکی گەورەیە بۆ کوردستان.

**ڕووداو: لێژنەی پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان 21 کەسن، گۆڕان لە پشکی خۆی کورسییەکی دا بە یەکێتی، ئەوە دروست بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەوە موجامەلە بوو، موجامەلەی یەکدییان کردووە و شتێکی باشیان کردووە، بۆ ئەوەی سەنگ و پێگەی یەکێتی باشبێ. بەڵام ئەوەی دیارە دەستوور بەبێ سازان و بەبێ پارتی ناکرێ.

**ڕووداو: گلەییەک هەیە کە گۆڕان دەست لەکاری پەرلەمانی وەردەدات، وایە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** گۆڕانیش لاسایی پارتی و یەکێتی دەکاتەوە، ئێستا ئێمە خۆمان چاککردووە، بەڵام گۆڕان تەدەخول دەکات. من باسی پەرلەمان دەکەم، گۆڕان حیزبایەتی لەنێو پەرلەمان دەکات، هیوادارم ئەوە ڕای بزووتنەوەی گۆڕان نەبێ، چونکە هەندێ کەس لێرەن بەناوی گۆڕانەوە کار دەکەن و ئەزموونیان کەمە و یەکەمجار زیان بە گۆڕان دەگەیەنن پاشان بە پەرلەمان. چاوەڕوانیی من لە سەرۆکی پەرلەمان ئەوەبوو کە ئەم هەوڵانە کەمبکاتەوە یان نەهێڵێ، بەڵام بەداخەوە ئەویش بێدەنگیی نواندووە. خۆم لە کاک نەوشیروانم بیستووە و ئەوەندەی من لێی تێگەیشتووم زۆر لەوە نیگەران بوو کە حیزبایەتی لەنێو پەرلەمان بکرێ و موزایەدە بکرێ، ئەم ڕایەی بەڕێز کاک نەوشیروان زۆر ڕاست و دروست بوو.

> 50% چانسی ئەوە هەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێ

> گومانمان هەیە لە پشت سەری ئێمە لە پەرلەمان شتێک دەکرێ

> پێویست ناکات بۆ دەرکردنی بەیاننامە پرس بە سەرۆکی پەرلەمان بکەم

> کۆبوونەوەی سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر و سەرۆکی چوار فراکسیۆن زەنگێک بوو بۆ من

> پێمان باشە کۆمیسیۆنێکی یاساناسان مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆک یەکلا بکەنەوە

رووداو
راپۆرت
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18

## کۆمەڵ: پشتگیری AKP و HDP دەکەین

**رووداو- سەردەشت**

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا پشتگیری لەهەردوو پارتی دیموکراتی گەلان HDP و پارتی داد و گەشەپێدان AKP دەکەن. محەممەد حەکیم گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پشتگیری AKP و HDP دەکەین، چونکە هەردووکیان لەلایەن دەسەڵاتی عەلمانی و ئەتاتورکەوە زوڵمیان بەرامبەر کراوە، ئاکەپە وەکو ئاین، هەدەپەش وەکو نەتەوە". پێشتر د.عەلی قەرەداغی، ئەمینداری گشتی یەکێتی زانایانی موسڵمانانی جیهان پشتگیری خۆی بۆ AKP راگەیاند بەو هۆیەش رەخنەی زۆری لێگیرا.

### سوننە بۆ چەک و هەرێمی سەربەخۆ لە ئەمریکان

# قایمقامی مووسڵ: داوا دەکەین چەکمان لەڕێی هەولێرەوە پێبگات نەک بەغدا

### پەرلەمانتارێکی کورد: دەبێ کورد ئاگاداری هەوڵی سوننەکان بێت



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

دوای سەردانی حەیدەر عەبادی بۆ واشنتن و بەدوای ئەویشدا بارزانی، ئەمجارە وەفدێکی سوننەکان سەردانی واشنتنیان کرد، بەرپرسێکی سوننە ئەجێندای ئەو سەردانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت ئەوان داوایان لە ئەمریکا کردووە لەڕێی هەولێرەوە چەکیان بەدەست بگات نەک بەغدا، هەروەها داوای بە هەرێمکردنی سێ پارێزگا سوننەنشینەکانی عێراقیان کردووە.

شاندەکەی سوننەکان پێکهاتووە لە ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری نەینەوا و رافیع عیساوی، وەزیری پێشووی دارایی عێراق، وەکو نوێنەری پارێزگای ئەنبار.

حوسێن عەلی، قایمقامی قەزای مووسڵ کە ئاگاداری وردەکاریی سەردانی شاندی سوننەکانە بۆ ئەمریکا، بە (رووداو)ی گوت "ئەو شاندە دوو ئامانجیان هەیە، یەکەمیان پڕچەککردنی هێزەکانی عەرەبی سوننە و شێوازی رەوانەکردنی چەک بۆ ئەو هێزانە، دووەم بەهەرێمکردنی هەر سێ پارێزگای سوننەنشین (نەینەوا، ئەنبار و سەلاحەددین)".

حوسێن عەلی سەردانی ئەو شاندەی لەو کاتەدا بە پێویست زانی و گوتی "سوننە لە عێراق پێکهاتەیەکی فەرامۆشکراوە، رۆژ لە دوای رۆژ چارەنووسیان بەرەو خراپی دەڕوات، بیرمان لەوە کردەوە بەرلەوەی لە عێراقدا لەناوبچین، رێگەیەک بدۆزینەوە، بۆیە ئەو شاندەمان چووە ئەمریکا".

هەرچەندە ئەو شاندە فەرمی نییە، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و کۆنگرێسی ئەمریکا گرنگییەکی زۆریان پێدان. سەبارەت بە بینینی سەرۆک و وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی ئەمریکا، حوسێن عەلی گوتی "رەنگە شاندەکە لەگەڵ سەرۆک ئۆباما کۆببێتەوە، بەڵام بەنهێنی".

سەبارەت بە وەڵامی ئەمریکییەکان بۆ داواکاریی سوننە، حوسێن عەلی گوتی "بەپێی ئەو زانیاریانەی لە شاندەکەوە پێمانگەیشتووە، ئەمریکا رازی بووە هێزەکانمان پڕچەک بکات". گوتیشی "ئێمە ئێستا 20 هەزار چەکدارمان لە پۆلیس و خۆبەخش و حەشدی نیشتیمانی ئامادەیە بۆ هێرشکردنە سەر مووسڵ، ئەمریکییەکان رازی بوون ئەو هێزە پڕچەک بکەن، بەڵام شاندەکە داوای کردووە ئەو چەکانە لە رێگەی هەولێرەوە بگات بەم هێزە نەک بەغدا، چونکە ئێمە هیچ متمانەمان بە بەغدا نییە و دڵنیاین ئەگەر لەڕێی بەغداوە بێ 1%ی ئەو چەکەمان پێناگات".

حوسێن عەلی باسی چارەنووسی ناوچە سوننییەکان دەکات و دەڵێت "ئەو شاندە داوای لە ئەمریکا کردووە کە لەم سێ ساڵەدا و هەتا شەڕی داعش کۆتایی دێت، هەریەک لە پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەددین بکرێنە سێ هەرێمی سەربەخۆ، هەموو داواکارییەکانی ئەو سێ هەرێمەش لە رێگەی هەولێرەوە بگەیەنرێنە بەغدا".

پەرلەمانتارێکی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو سەردانەی عەرەبی سوننە بۆ ئەمریکا لە بەرژەوەندی کوردیشدا دەبینێ. موحسین سەعدون دەڵێت "باشتربوو ئەگەر کوردێکی مووسڵیش لەو شاندەدا بووایە، بەڵام ئێستاش چوونی ئەو شاندە سوننیە لە بەرژەوەندیی کوردە، چونکە ئەگەر سوننەکان پڕچەک بکرێن و مووسڵ ئازاد بکەن، ئەوا بە قازانجی کوردیش دەشکێتەوە".

سەبارەت بە هەرێمبوونی نەینەواش، موحسین سەعدون گوتی "هەرێمی ئەنبار و نەینەوا جیاوازە، دەبێ کورد زۆر ئاگاداری ئەو هەوڵەی سوننەکان بێت، چونکە چەندین ناوچەی کوردی کە لە چوارچێوەی ماددەی 140ی دەستووری عێراقدان، دەکەونە سنووری پارێزگای نەینەوا، دەبێ کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەر بکرێ، ئینجا باسی بە هەرێمبوونی نەینەوا بکرێ".

حوسێن عەلی جگە لەوەی قایمقامی مووسڵە، بەرپرسی حەشدی نیشتیمانی مووسڵیشە و کەسایەتییەکی دیاری شارەکەیە. ئەو کە لەدوای هاتنی داعشەوە یەکەمجارە بۆ میدیایەکی کوردی قسە دەکات، گوتی "بەهۆی ئەوەی لە شنگال روویدا و عەرەبی ناوچەکە خیانەتیان لە برا ئێزدییەکان کرد، لە رووم نەدەهات لە میدیاکان قسە بکەم".

ئەو پێیوایە ئەوەی ئێستا بتوانێ فریای عەرەبی سوننە بکەوێت، کوردە. حوسێن گوتی "عەرەبی سوننە پەرتوبڵاو بوون، بۆیە ئێستا زۆر پێویستمان بەهاوکاریی کوردە، تاوەکو ناوچەکانمان لەژێر چنگی داعش دەربێنن و هەرێمێکی سوننی دروست بکەین".

عەرەبی سوننە بەراورد بە عەرەبی شیعە ژمارەیان کەمە، بەڵام هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاوەکو 2003 حوکمی عێراقیان کردووە. ئەوان لە دوای 2003 بە توندی دژایەتی دابەشکردنی عێراقیان دەکرد بۆ هەرسێ هەرێمی (کورد — سوننە-شیعە) بەڵام ئێستا زۆر لەبەرپرسانیان داوای هەرێمێکی هاوشێوەی کوردستان دەکەن، بۆ سوننە.

حوسێن عەلی باسی چەند راستییەک بۆ مێژوو دەکات و دەڵێت "ئێمە وەک سوننەی عێراق، هەموو کاتێک دژی مافەکانی کورد بووین، هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تەنانەت دوای 2003 دژایەتی کوردمان کرد، بەڵام کاتێک شیعە دژمان وەستانەوە، نیازپاکیی کوردمان بینی، ئەوان فریامان کەوتن و بە هەزاران ئاوارەی سوننەیان حەواندەوە، بۆیە ئێستا بۆچوونی سوننەکان بەرامبەر کورد زۆر گۆڕاوە. ئێمە ئێستا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، چونکە کورد باشترین دراوسێمانن".

ئەو بەرپرسەی عەرەبی سوننە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان سوننە و کورددا دەبینێ و دەڵێت "سوننە وەکو کورد نین، راستە لەکوردستاندا جیاوازی سیاسی هەیە، بەڵام ناگاتە دژایەتی و کوشتن، سوننەکان یەکدەنگ نین، ئێستا کەس نییە لە عێراق بەناوی سوننە قسە بکات و خۆی بەنوێنەری هەموو سوننەکان بزانێت. بەداخەوە بەرپرسانی سوننە نێوانیان زۆر خۆش نییە، هەندێکیان قسە لەگەڵ یەکدی ناکەن، کەس بە کەس نییە، بۆیە سەرەتا واباشە هەر سێ پارێزگاکە هەرێمی جودایان هەبێت".

سەبارەت بە ئازادکردنی مووسڵیش، گوتی "من وەکو ئەو کەسانە بیرناکەمەوە کە دەڵێن مووسڵ بە چەپڵەڕێزان ئازاد دەکرێ، ئێستا بەشێک لە سوننەکانی نێو مووسڵ لەگەڵ داعشدان و ئامادەن خۆیان بە کوشتن بدەن، بۆیە شەڕی مووسڵ شەڕێکی قورس دەبێت، ئەگەر پلانێکی باشی بۆ دابنرێت، بە دوو مانگ ئازاد دەکرێت".

# دابەشکردنی یەکەم مووچەی پێشمەرگە ئێزدییەکان ناڕەزایی خستەوە



قاسم شەشۆ:
واستەکاری هەبووە

### خۆبەخشێکی ئێزدی: سێ مانگ لە چیابووم ناوم نەگەڕاوەتەوە، کەچی ئەوانەی لەژێر خێوەت بوون مووچەیان وەرگرت



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

دوای شەش مانگ چاوەڕوانی، 5 هەزار خۆبەخشی ئێزدی کە وەکو پێشمەرگە ناویان نووسرابوو لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە، یەکەم مووچەیان وەرگرت، بەڵام وەرگرتنی ئەو مووچەیە کێشەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. هەندێک لەو پێشمەرگانە دەڵێن ئەوان شەڕیان کردووە و ناویان نەگەڕاوەتەوە، کەچی "ئەوانەی لەژێر خێمەدا بوون" ناویان گەڕاوەتەوە و مووچەیان وەرگرتووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە فەرماندەی پێشمەرگە ئێزدییەکان لە چیای شنگال دەڵێت پێویستیان بە 5 هەزار پێشمەرگەی دیکەیە بۆ بەرگری لەو ناوچانەی ئازادکراون.

دوای ئەوەی داعش لە 2014/8/3 سەنتەری قەزای شنگال و ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری قەزاکەی داگیرکرد، ئەو ئێزدیانەی نەکەوتنە دەستی چەکدارانی داعش پەنایان بۆ چیای شنگال برد و لەوێ بەشێکی زۆر لە گەنج و پیاوەکانیان چەکیان هەڵگرت.

لە چیای شنگال هێزی جیاجیا دروستکران، لەوانەش هێزی خۆبەخشانی ئێزدی کە زیاتر لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتی دەکران. یەکینەیێن بەرخودانا شنگالێ کە پەکەکەی لە پشتە. هێزەکانی پاراستنی شنگال کە زۆرتر بە حەشدی شەعبیی شنگال ناسران، بەو پێیەی لەلایەن بەغداوە یارمەتی دەدران.

ئەم هێزانە نەیانهێشت داعش بگاتە سەر چیای شنگال و بەرگرییان لە مەزارگەکانی ئێزدیان کرد، لەوانەش مەزارگەی شەرفەدین. نزیکەی 5 مانگ لەمەوبەر پێشمەرگە دژە هێرشی بۆ گرتنەوەی گوند و ناحیەکانی دەوروبەری شنگال دەستپێکرد و لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی ناوچەکانی ئازادکردنەوە و گەمارۆی سەر چیای شنگالی شکاند. دوای ئازادکردنی ئەو ناوچانە، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی چیای شنگالی کرد و دەستخۆشی لەو خۆبەخشە ئێزدیانە کرد و هەر لەوێش بڕیاری دا بیانخاتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی پێشمەرگەیان بدرێتێ.

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، هەفتەی رابردوو ئەو خۆبەخشانەی خرابوونە سەر وەزارەتی پێشمەرگە کە ژمارەیان 5 هەزار کەسە، یەکەم مووچەیان لە رێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە وەرگرت، بەڵام ئەوە دڵی هەموو خۆبەخشەکانی خۆش نەکرد.

تارق حوسێن، کە خۆبەخشێکی ئێزدییە، دەڵێت سێ مانگ لەسەر چیای شنگال ماوەتەوە و بە درێژایی ئەو سێ مانگە لە سەنگەری بەرگریدا بووە، بۆ ئەمەش راپۆرتەکانی (رووداو) بە بەڵگە دێنێتەوە و دەڵێت "بڕۆن سەیری ئەرشیفی کەناڵی رووداو بکەن، بزانن کێ لە مەزارگەی شەرفەدین بووە و بەرگری لەو مەزارگەیە کردووە".

تارق حوسێن یەکێک بووە لەو خۆبەخشانەی ناوی نووسراوە تاوەکو ببێتە پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەت، ئەو چاوەڕێی وەرگرتنی یەکەم مووچەی لە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە، کەچی کاتێک مووچەکە هاتووە پێیانگوتووە ناوی ئەوی تێدا نییە.

تارق پرسیاری نەگەڕانەوەی ناوەکەی کردووە، پێیانگوتووە کە "لە سەرەوە" ناوەکەی دەرهێنراوە. تارق گوتی "خەڵکی وا هەیە مووچەی وەرگرتووە پێشتر مووچەی لە حەشدی شەعبی وەرگرتووە، یان ئەوکاتەی ئێمە لە چیا بەرگریمان دەکرد، ئەو لەژێر خێوەت پاڵی داوەتەوە. بەڵام چونکە ئێمە واستەمان نەبوو، ناومان نەگەڕایەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، پێنج هەزار کەس لەو خۆبەخشانەی لە چیای شنگال بوون، وەکو پێشمەرگە ناویان تۆمارکراوە تاوەکو مووچەیان پێبدرێ. قاسم شەشۆ کە فەرماندەی پێشمەرگە ئێزدییەکانە، دەڵێت نا عەدالەتی لە پێدانی مووچە هەیە بە پێشمەرگە ئێزدییەکان.

شەشۆ بە (رووداو)ی گوت "پێشتر کاک مەسعود و کاک مەسروور بە منیان گوت تۆ فەرماندەی هەموو پێشمەرگەکانی چیای شنگالی. کاتێک دەستمان بە ناونووسکردنی خۆبەخشەکان کرد بۆ ئەوەی بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، هەندێک لێژنە دروستکران و لە سەرووی ئێمەوە ناویان بەرز دەکردەوە. ئێمە ناوی سەرجەم ئەو کەسانەمان نووسین کە لە چیای شنگال بوون، بەڵام کاتێک مووچە هات، ناوی بەشێکیان دەرهێنرابوو، خەڵکی دیکە لە شوێنیان دانرابوو کە لە ژیانیاندا رۆژێک نەهاتوونەتە چیا و هەر لە کەمپەکان بوون".

قاسم شەشۆ رەتیکردەوە نەگەڕانەوەی ئەو ناوانەی ئەو نووسیبوونی پەیوەندی بەوەوە هەبێ و گوتی "ئەوەندەی من ئاگادارم واستە و واستەکاری لە 1000 ناودا کراوە. من ئێستا دەمەوێ سەرۆک بارزانی ببینم و لێی بپرسم کە من بەرپرسی پێشمەرگەکانی چیای شنگالم یان نا".

قاسم شەشۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پێشتر بەڵێنیان پێدرابوو مووچەی سێ مانگی ئەو پێشمەرگانە بە یەکجار بدرێ، بەڵام ئێستا تەنیا مووچەی مانگێکی 5 هەزار پێشمەرگە هاتووە و نازانن مووچەی چ مانگێکیشە".

سەبارەت بە پێداویستی دیکەی وەک جلوبەرگ و چەک و خواردن بۆ ئەو پێنج هەزار پێشمەرگەیە، قاسم شەشۆ گوتی "جلوبەرگیان بۆ هاتووە، بەڵام هێشتا چەکیان وەرنەگرتووە".

قاسم شەشۆ پێیوایە ئەو پێنج هەزار پێشمەرگەیە کەمن بۆ پاراستنی ناوچەکانیان و گوتی "بۆ ئەوەی بتوانین دوای شەڕی داعشیش بەرگری لە شنگال بکەین، پێویستمان بە پێنج هەزار پێشمەرگەی دیکە هەیە، ئێستا پێنج هەزار ناوی دیکەمان ئامادە کردووە، بەڵام چاوەڕێی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین بۆ دەستبەکاربوون".

قاسم دەربۆ، کە یەکێکی دیکەیە لە فەرماندەکانی ئەو هێزە و ئێستا لە چیای شنگالە، دەڵێت ئەوان لە 20ی کانوونی یەکەمی 2014وە لە چیای شنگالن و تاوەکو ئێستا دوو شەهید و 14 برینداریان داوە.

بەپێی قسەی دەربۆ، هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە کە لە چیای شنگالن، تاوەکو ئێستا چوار جار جێگۆڕکێیان پێکراوە، بەڵام ئەوان هەر لە شوێنی خۆیانن. ئەویش ناڕازی بوو لە دابەشکردنی مووچەی پێشمەرگە ئێزدییەکان و گوتی "ئەوانەی مووچەیان وەرگرتووە، ئێستاش لەناو خێمەکانن، شنگال شوێنی شەڕە با بێنە ئێرە، ئێمە لێرە ماندوو بووین، با بێنە شوێنی ئێمە شەڕ بکەن".

## خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# سووتاندنی هوتێل تارا کارێکی خراپ بوو

زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر توندوتیژی و ناڕەزایەتییەکانی بەردەم هوتێل تارای شاری مەهاباددا تێدەپەڕێت، ڕووداوێک کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد و لە چەندین ڕەهەندەوە گەنگەشە کرا، یەکێک لە ڕەهەندەکانیشی هەڵوێست و کاریگەریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەناویاندا حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لەسەر ئەو ڕووداوە.

بە ئامانجی گفتوگۆکردنی زیاتر لەسەر ڕووداوەکە و کاریگەرییەکانی، سەردانی خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانم کرد لە بنکەی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە لە دەشتی کۆیە.

هێشتا ڕووداوەکانی مەهاباد لەناو پێشمەرگەکانی ئەو حیزبەدا باسوخواسی سەرەکی بوو، سەبارەت بەو ڕووداوە و کاردانەوەکانی چەند پرسیارێکم ئاراستەی خالید عەزیزی کرد.

هەڤپەیڤین: ئومێد بەرین
ڕووداو - کۆیە

> حیزبی دیموکرات پڕکێشەترین حیزبی کوردستانی ئێرانە

> لە کورتماوەدا هیچ هیوایەک بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو دیموکرات نییە

> ئەمریکاییەکان پرسیاریان لەبارەی مەهاباد هەبوو



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕووداو: ناڕەزایەتییەکەی مەهاباد، پرسێکی سیاسی بوو یان کۆمەڵایەتی؟**

**خالید عەزیزی:** لە ئێراندا پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵن، تەنانەت جاری وا هەیە لە وڵاتانی دیمۆکراتیکیش پرسی کۆمەڵایەتی دەبێتە پرسێکی سیاسی و هەندێک لایەنیش لەو ناوە هەوڵ دەدەن داواکارییەکانی خۆیان زەق بکەنەوە، هەرچەندە پرسەکەی مەهاباد کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام لە درێژەیدا بوو بە سیاسی، هۆکاری ئەوەش زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی و پشتکردن لە داخوازییەکانی خەڵکە کە بەستێنی ئەوە دەڕەخسێنێ.

**ڕووداو: توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا پاساوی هەیە؟**

**خالید عەزیزی:** من هیچکات لایەنگری توندوتیژی نیم بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان، بەڵام هۆکاری ئەو توندوتیژییە ئەوەیە کە حکومەت وەڵامدەر نییە و گوێ لە داواکاریی خەڵک ناگرێت. خەڵک لەناچارییەوە پەنای بۆ دەبەن. لە وڵاتانی دیموکراتیکیش توندوتیژی ڕوودەدات، بەڵام بەو جیاوازییە کە بەرهەمی کاردانەوەیەکی کورت ماوەیە، بەڵام لە ئێران بەهۆی کەڵەکەبوونی داخوازییەکانی خەڵک ئەو بەستێنە لەمێژە ڕەخساوە.

**ڕووداو: هەندێک گوتیان توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا نەزۆکە و شۆڕشی لێ ناکەوێتەوە؟**

**خالید عەزیزی:** لە ڕوانگەی منەوە ئاگردانی هۆتێلەکە کارێکی باش نەبوو، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیانتوانی کارێک بکەن کە ئەوە ڕوونەدات، ئەوان زۆر بە ئەزموونن لە جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی ناڕازی و خۆپێشاندەر، من پێموایە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە بەکردەوەکانی، خەڵکی هاندا. هێزە ئەمنییەکان دەیانویست وێنایەکی توندوتیژ لە خەڵکی کوردستان نیشان بدەن و ڕوو بەدەرەوە بڵێن کە ئەوە هۆتێل ئاگر دەدەن. واتە کۆماری ئیسلامی قەیرانەکەی ئیدارە کرد، بۆ ئەوەی ناڕەزایەتییەکە بە ڕێڕەوێکی ئارامدا نەڕوات و نەگوازرێتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان.

**ڕووداو: دوای سووتاندنی هۆتێل تارا هێزە ئەمنییەکان پاشەکشەیان پێکرا، بۆچی؟**

**خالید عەزیزی:** کاتێک کە زانییان ناڕەزایەتییەکان گەورە دەبن، پاشەکشەیان بە هێزە ئەمنییەکان کرد، بۆئەوەی خەتا لەسەر شانی خۆیان لاببەن و پروپاگەندەی پێوە بکەن، واتە لە قۆناغی یەکەمدا خەڵکیان وروژاند بۆ ئەوەی توندوتیژی ڕووبدات و لە قۆناغی دووەمدا پاشەکشەیان بەهێزە ئەمنییەکان کرد. بەپێی ماددەی پازدەی دەستووری ئێران، خۆپێشاندانەکەی مەهاباد ڕەوا بوو، نە کەس چەکی پێبوو، نە لە دژی ئیسلام بوو، بەڵام ئەوان یاسای خۆشیان پێشێل دەکەن و ئەو مافە لە خەڵک دەستێننەوە، هۆکارەکەشی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە پرسی کورد، دەسکەوتی کورد لە پارچەکانی دیکە هیوا و ئومێدی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش دروست کردووە و حکومەت لەوە دەترسێ.

**ڕووداو: ناڕەزایەتییەکە چۆن دەیتوانی ڕەواڵەتێکی مەدەنیانەتر وەربگرێ و بەردەوامیی هەبێ؟**

**خالید عەزیزی:** با خۆپێشاندان وا سەیر نەکەین کە تەنیا دەبێ کاردانەوە بێ بەرامبەر کردەوەیەکی حکومەت، با بژاردە و ڕۆشنبیرانی ئێمەش کە لەناوخۆدا کار دەکەن بەشداری ناڕەزایەتییەکان بن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ لەلایەنی مەزهەبییەوە کەڵکی خراپ لە هەستی مەزهەبی وەربگرێت و لەدژی هەستی نەتەوەیی ئێمە بەکاری دێنێت، با مامۆستایانی ئاینیش بەشداری خۆپێشاندانەکان بن، ئەوە یارمەتیدەرە کە ناڕەزایەتییەکان درێژەی هەبێت و دەستی حکومەت دەبەستێ لەوەی نەتوانێ بە ئاسانی ئەو جۆرەی کە پێی خۆشە لێکدانەوە بکات. ئەگەرچی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی لە هەر حاڵەتێکیدا ڕەوایە و مافی خەڵکە، با بیکەن بە عادەت و لەوە بەدواوە بەوشێوەیە ناڕەزایەتی دەربڕین.

**ڕووداو: بەشێک لە میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەوەی بەڵگەیان لەبەردەست بێت، ئەو تۆمەتانەی دەخرانە پاڵ خاوەن هۆتێلەکە پشتڕاستیان دەکردەوە، چەندین هەواڵیشیان بڵاوکردەوە کە دوایی دەرکەوت دوورن لە ڕاستی، ئەوە زەبر لە پرستیژی ئێوە نادات؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە توانای میدیاییمان سنووردارە و جاری وا هەیە زانیاری ڕاست ناگاتە میدیای ئێمە و ئەوە قبوڵ دەکەم.

**ڕووداو: لەلایەن هەندێک ئەندام و پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، لەناویاندا حیزبی ئێوەش، هێرش کرایە سەر چالاکڤانانی سیاسی نێوخۆی ڕۆژهەڵات، بەوە تۆمەتباریان کردن کە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەپارێزن، لێکدانەوەت بۆ ئەوە چییە؟**

**خالید عەزیزی:** پێویستە هەموو لایەکمان کاتێک باسی کوردستانی ئێران دەکەین، هەرکەسە بەپێی گرێدراوی پێگەی جوگرافیایی، حیزبی و تاکەکەسیی خۆی دادوەری نەکات، ئەوە تووشی هەڵەمان دەکات، هەڵوێستی چالاکڤانانی ناوخۆ و دەرەوە کە زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵوێست دەگرن، یا هەڵوێستی حیزبەکان سەبارەت بە ڕووداوەکەی مەهاباد، زۆر شتی تێدابوو کە دەبێ لێی فێربین، کوردستانی ئێران موڵکی هەموو لایەکمانە، نابێ هیچ لایەک حوکم لەسەر لایەنەکەی دیکە بدات، کاری چالاکڤانانی ناوخۆ بەرز دەنرخێنم، دەبێ لێکحاڵیبوونێک هەبێ و خۆ بپارێزین لە بەکارهێنانی وشەی خائین و جاش و خۆفرۆش کە ئەو ڕەفتارە لەدژی زمانی پێکەوەبوون و یەکگرتووییە.

**ڕووداو: لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس لە دەسپێکی شەڕی چەکداری و تێکهەڵچوون دەکرا، بەڵام هیچکات بەشێوەی فەرمی پشتڕاست نەکرانەوە.**

**خالید عەزیزی:** کۆنترۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دەستی ئێمە بەدەرە، هەندێک کەس بەپێی حەز و خولیای خۆیان بیردەکەنەوە و دەیانەوێ وەها وێنایەک لە ڕووداوەکە پێشانی ڕای گشتی بدەن کە خۆیان حەزیان لێیە وابێ، ئەو کێشەیە بەهۆی دابڕان و نەبوونی گوتاری هاوبەش لەنێو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بووە، لە نەبوونی گوتار و حەرەکەتێکی هاوبەشدا بۆشایی سەرچاوە دروست دەبێت.

**ڕووداو: چالاکڤانان و ڕۆژنامەنووسان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات لە دوو لاوە لەژێر گوشاردان، ئێران مۆرکی سیاسیبوون و جیاخوازیان لێدەدات و هەندێک لە پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مۆرکی جاشێتی، ئەوە هەمان ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی نییە؟**

**خالید عەزیزی:** لە هەمانکاتدا کە کار بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک دەکەین، بەشبەحاڵی خۆم لە ئەگەری شێوانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیگەرانم کە لە ئاکامی نەبوونی سەرچاوەیەکی هاوبەشدا، کەشوهەوایەک دروست بێت ئێمە تێیدا زەرەرمەند بین. ڕەوایە کە لەوەها کەشوهەوایەکدا ڕەخنەگران و میدیاکاران نیگەرانییان هەبێت. بەڵام گەشبینم چونکە ڕووداوی هاوشێوەی ئەوەی لە مەهاباد ڕوویدا فێرمان دەکات، ئێمە ئێستا لە دەسەڵات و کۆمەڵگای خۆمان دوورین، بە شێوەی ئاشکرا تەنیا هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەندامانی خۆمان هەیە. حیزبێک لەلایەنی سیاسیەوە قەت ناتوانێت باش بیربکاتەوە ئەگەر تەنیا بە گوێرەی ئەقڵییەتی ئەندامانی خۆی بیربکاتەوە و ئەو شتەی دەیڵێت ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگای خۆیدا فیت باگی بۆ نەیەتەوە، ئێمە دوورین لە کۆمەڵگای خۆمان و زۆربەی ئەو کەسانەی لەسەر کارەکانی ئێمە ڕایان دەردەبڕن خەڵک نینە، زۆربەی خەڵکانێکن کە لە دەرەوە دانیشتوون یان ئەندامی خۆمان یا خەڵکی دەگمەن لە نێوخۆی کوردستانی ئێرانن، ئەوەش گەورەترین کەمایەسی ئێمەیە.

**ڕووداو: وا دابنێین ئێوە لە ڕۆژهەڵات گەیشتوونەتە دەسەڵات، من بابەتێکی ڕەخنەگرانە لەسەر ئێوە بڵاودەکەمەوە، دەتوانی دڵنیایی بەمن بدەی کە هەڕەشە و مەترسیم لەسەر نابێت؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە دڵنیات دەکەمەوە کە شتی وا ڕوونەدات، بەڵام لە نیگەرانییەکان تێدەگەم، بەو هۆکارە کە کەشوهەوای دیالۆگ لەنێو ئێمەدا پۆلاریزە بووە، ئێمەش وەک حیزبە سیاسییەکان لە خانەی لەیەکدانی یەکدی، بچووککردنەوە و دابڕاندین، جا مادام فەرهەنگی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر ئاوابێ، بێگومان ئەندامانی ئەو حیزبانەش لە ڕێبەرانی خۆیان شت فێردەبن و هەوڵ دەدەن لە دژی دژبەرانی خۆیان و کۆمەڵگاش بەکاری بێنن. بە نیگەرانییەوە سەیری دەکەم، بەڵام تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە من و حیزبی منەوە هەیە، هەوڵ دەدەم فەرهەنگسازی بۆ بکەم. ئێمە لە بەفەرهەنگکردنی ئەساسنامەی خۆشماندا سەرکەوتوو نەبووینە، فەرهەنگ لەو شوێنانە دروست نابێ کە حیزبەکان لە کوردستانی عێراق تێیدان، بەڵکو لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێت.

**ڕووداو: کاردانەوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ڕووداوەکانی مەهاباد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە هەوڵماندا لە چەند بواردا کاری بۆ بکەین، یەکەم: بە خەڵک بڵێین کە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی مافی ئێوەیە و دەبێ شارەکانی دیکەش پشتگیریی لێبکەن. دووەم: ڕاکێشانی پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە بوو. سێیەم: ناساندنی لەسەر ئاستی جیهان لەڕێی میدیاوە کە خۆشبەختانە بە هاوکاریی لایەنەکانی دیکە ئەوە مسۆگەر بوو.

ڕووداو: پێشتریش گوتبووت کە ئێرانمان پێ نارووخێ؟ پێتوانییە ئەوە وەرە ڕووخێنەرە؟

خالید عەزیزی: دوای تێپەڕینی 70 ساڵ لە مێژووی حیزبی دیموکرات و 36 ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەبێ پێداچوونەوە بەخۆماندا بکەین، ڕووخێنەر نییە، من ئێستاش بە ڕاشکاوی بە خەڵک دەڵێم خەبات و تێکۆشانی کورد لە هیچ پارچەیەک بۆ ڕووخاندنی حکومەتی ناوەندیی نییە، کورد حکومەتی ناوەندیی پێ ناڕووخێ، پێشی وانەبێت ئەگەر بیڕووخێنێ لە ناوەند دەبێتە دەسەڵات. 36 ساڵ بڵێین دەڕووخێ و دوایی بۆمان نەڕووخێ، ئەوە ڕووخێنەرە. کاری ئێمە مسۆگەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە، لەسەر ئەو ئەساسە دەزانین کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوەند بکەین. سەردەمێک حیزبە ئێرانییەکان چەپڵەیان بۆ ئێمە لێدەدا کە کوردستان سەنگەری ئازادییە، بۆخۆشم لە ڕابردوودا گوتوومە، ئێمە نابێ لە ژێر کاریگەریی ئەو دروشمانە خۆمان بخەینە پانتایی شەڕێک کە بۆمان ناکرێ، با شتێک بڵێین کە بۆمان جێبەجێ دەبێ.

**ڕووداو: ئەگەر ناتوانن حکومەتی ناوەندی بڕووخێنن، ئەی ناتوانن کوردستانیش ئازاد بکەن؟**

**خالید عەزیزی:** نا، ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان وەدەرنێین، تا ئێستا نەمانتوانیوە یەک گوندیشی لێ بستێنینەوە و حکومەتی تێدا ڕابگەیەنین، ئێمە دەبێ پێداچوونەوە بەو فکرەدا بکەین، تا کەنگێ؟ میتۆدێک کە 36 ساڵە لەگەڵی بەرەوڕووین، لایەنێکی سیاسی وەک حیزب و خەڵک وەک گەل دەبێ پێداچوونەوە بە خۆیاندا بکەن، بڵێن ئەوەمان بۆ جێبەجێ نابێت، خۆ ئەوە نە گوناهە و نە کوفرە، بەڵکو تۆ لە حەلێکی دیکە دەگەڕێی کە لەدەستت دێت.

**ڕووداو: کاتی ئەوە نەهاتووە پێداچوونەوە بە فۆرمی کلاسیکی حیزبی دیموکرات، واتە سانترالیزمی دیموکراتیک بکەن؟**

**خالید عەزیزی:** دەتوانین پێداچوونەوە بە زۆر شتدا بکەین، بەڵام لەتبوونی حیزبی دیموکرات و دروستبوونی ڕکابەرییەکی ناساڵم لە نێوان هەردوو باڵی حیزبی دیموکرات، گۆڕانکاریی دیل کردووە، نەهامەتییەکە لەوەدایە کاتێک باسێک دێتەگۆڕێ و هەست بە پێویستیی گۆڕانکارییەک دەکرێت سەبارەت بە پرسی کورد لە کوردستانی ئێران، لایەنەکەی دیکە تەنیا لەبەر ڕکابەریی حیزبی خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو پرسە دەکات، ئەوە تایبەت نییە بە لایەنێک. بەڵام سەرەڕای ئەوە پێموایە کە مەجالێک هەیە بۆ پێداچوونەوە لە ساڵیادی 70 ساڵەی حیزبی دیموکرات.

**ڕووداو: چ فۆرمێکی بەدیل پێشنیاز دەکەی؟**

**خالید عەزیزی:** ڕەنگە لە داهاتوودا باسی ئەوە بکرێت، بەڵام با ئەندامانی هەردوولای حیزبی دیموکرات یەکەم وەک تاک بیر لەوە بکەنەوە. دەبێ بیر لە تاکتیک و ستراتیژی و شێوەی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بکەینەوە. دووەم دەبێ بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێین 36 ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەشەڕداین، جیاواز لە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی کە ئێمە بەخراپی دەزانین، بەڵام ئێمەش بێ هەڵە نەبووین و دەبێ بە بوێرییەوە لانیکەم لە ژووره داخراوەکانی خۆماندا باسی بکەین، لانیکەم 50 ساڵی ڕابردووی حیزبی دیموکرات، سەرەڕای قوربانی و تێکۆشانێکی زۆر، بە ناکۆکی و لێکدابڕان تێپەڕیووە.

**ڕووداو: واتە عەقڵیەتی دیمۆکراسیخوازی کە حەفتا ساڵە خەباتی بۆ دەکەن لەناو حیزبدا پراکتیزە نەبووە؟**

**خالید عەزیزی:** عەقڵیەتی دیمۆکراسیخوازی باسهەڵگرە، ئێمە 15 کۆنگرەمان گرتووە، لە کۆنگرەی چوارەوە تا ئێستا هەمووی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بووە، بەردەوام ڕامانگەیاندووە کە کۆنگرە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، بەڵام لەسەردەمی شۆڕشەوە تا ئێستا حیزبی دیموکرات پڕکێشەترین حیزبی کوردستانی ئێران بووە، مێژوویەک پڕ لە دەستەبەندی، لێکدابڕان، جەناحبازی، ڕکابەریی نابەجێ و ناوچەگەرایی، پێداچوونەوە ترسی ناوێت و یارمەتیدەر دەبێت بۆ یەکخستنەوەی هەردوو باڵی حیزبی دیموکرات.

**ڕووداو: باسی یەکگرتنەوەت کرد، لەو ماوەی ڕابردوودا چەند کتێب و وتارێک سەبارەت بە پرسی لێکدابڕانەکانی دیموکراتەکان بە قەڵەمی ڕێبەرایەتی هەردوو لایەن بڵاوبوونەوە، چ کاریگەرییەکیان لەسەر پرسی یەکگرتنەوە داناوە؟**

**خالید عەزیزی:** ڕێز و حورمەتم هەیە بۆ نووسەرانی ئەو کتێب و بابەتانە، بەڵام کاریگەریی نەرێنییان هەبووە و ئێمەیان لە ڕابردوودا هێشتووەتەوە و بەس برینەکانیان کولاندووەتەوە.

**ڕووداو: پرسی یەکگرتنەوە بەکوێ گەیشتووە؟**

**خالید عەزیزی:** بەداخەوە هیچ دانیشتنێکمان لەسەر ئەو پرسە نییە، هیچیشمان بەدەستەوە نییە، تەنیا پەیوەندیی دۆستانە و ئەمنیەتیمان بەیەکەوە ماوە.

**ڕووداو: هیوایەک بە یەکگرتنەوە نەماوە؟**

**خالید عەزیزی:** لە کورتماوەدا هیچ هیوایەک نییە، بەڵام لە درێژماوەدا من هیوادارم.

**ڕووداو: پێتوانییە نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزماتیک خەساری گەیاندووە بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**خالید عەزیزی:** ئەگەر تۆ قسە لە بزووتنەوە و خەبات و تێکۆشان دەکەی، ئەوە ڕێبەری دەوێ، تەواو. خەبات و تێکۆشان بە قسە ناکرێ، ناتوانی کۆمەڵێک کەس بی و خەریکی شەڕو دەمەچەقە و دەمەقاڵە بی، خەبات حیزبی بەهێز بەرەوپێشی دەبات، خەبات و شۆڕش بە پەرلەمان ناکرێت، بە دەسەڵات دەکرێت.

**ڕووداو: ڕۆژهەڵاتی ناوین بە قۆناغێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت، دوو بەرە پێکهاتووە، ئێوە چیتان کردووە بۆ قۆستنەوەی هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵات؟**

**خالید عەزیزی:** نابێ سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانە بێ تەفاوت بین، ناشمانەوێ ببینە بەشێک لە کێشەی سوننە و شیعە، بەڵام هەوڵ دەدەین لە بەرژەوەندیی خۆماندا سوودی لێوەربگرین.

**ڕووداو: بەرژەوەندیی ئێوە لەوەدا نییە بچنە بەرەی سوننە؟**

**خالید عەزیزی:** بەهیچ شێوەیەک، ئێمە ناچینە بەرەی شیعە یان سوننە، ئێمە لە بەرەی دژی ئێران دەبین. بەرەی شیعە یەکگرتووە و ئێران ڕێبەریی دەکات، بەڵام بەرەی سوننە چەند دەنگن و هەر وڵاتێک خولیایەکی هەیە. ئێمە نە وەک بەرە بەڵکو بە هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتەکان بە نیازین تەعامول لەگەڵ ئەو پرسە بکەین، بەڵام تا ئێستا بە ئاکامێکی تایبەت نەگەیشتووین.

**ڕووداو: سەرکونسوڵی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی بنکەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد، بۆچی هاتبوو؟**

**خالید عەزیزی:** ڕووداوەکانی مەهاباد دەنگدانەوەی زۆری لە میدیاکانی جیهانیدا هەبوو، پرسیاریان لەبارەی خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەو ڕووداوە و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەهاباد هەبوو، لەسەر داواکاریی خۆیان هاتن و میوانداریمان کردن، لە ڕوانگەی خۆمەوە کارێکی باشیان کردووە، ئەمریکا زلهێزە و دەبێ لە دەلاقەی ڕاستییەکانەوە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببینێ، ئێمەش بەرچاوڕوونیەکمان لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدان.

**ڕووداو: باسی شەڕی چەکداری یان وەرگرتنی یارمەتیتان نەکرد؟**

**خالید عەزیزی:** دڵنیاتان دەکەمەوە کە شتی وا نەبووە.

**ڕووداو: میدیای سێبەری ئێوە، دەڵێت پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێزێکی چەکدارییە و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا هەن، ئەمساڵ بڕیارە جووڵەیان پێبکرێ؟**

**خالید عەزیزی:** پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دامەزراون و بۆخۆیان بڕیار دەدەن بۆ هەر جووڵەیەک و بەرپرسیارێتی هەر کردەوەیەکیان دەکەوێتە سەر شانی خۆیان و پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نییە.

## شارەزایانی بیانی:

# پێشمەرگە پێویستی بە ڕوئیایەک هەیە بۆ یەکگرتنەوە

**کامپبێڵ ماکدیارمید**
**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی قسەی شارەزایانی سەربازی کە ئێستا لە کوردستانن، پێشمەرگە پێویستی بە ڕوئیا و ستراتیژێکی باشترە بۆ داهاتوو، ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرکردە سەربازیەکانی کورد تەنیا چاویان لەسەر پێداویستییەکانی ئێستا و کەموکورتیەکانی هێزی پێشمەرگەیە لە شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش).

هەفتەی ڕابردوو لە هەولێر کۆنفرانسێک لەلایەن پەیمانگای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە لەژێر ناونیشانی "داهاتووی هێزە سەربازییەکان لە کوردستانی دیموکرات" سازکرا. شارەزایانی سەربازیی بیانی و چەند ئەفسەرێکی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە لە کۆنفرانسەکەدا گفتوگۆیان لەبارەی قۆناغێک لە مێژووی سەختی هێزە کوردییەکان و ئەو ئاستەنگانە کرد کە لە بەردەمیانە.

قسەکەرانی کۆنفرانسەکە بیروڕای جیاوازیان هەبوو لەسەر ئەوەی ئایا قەیرانی ئێستا هەلە یان ئاستەنگە لەبەردەم پرۆسەی خاوی یەکگرتنەوە و چاکسازی لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا.

ئێستا تەنیا سێیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکخراون. ئەوەی دیکە لەژێر چەتری پارتەکانی وەک یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندان.

جەبار یاوەر، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند، مانەوەی پێشمەرگە وەک هێزێکی سەر بە حیزب پرۆسەی یەکگرتنی ئەو هێزانەی قورس کردووە. هەروەها ستایشی هەوڵەکانی پاش ساڵی 2010ی کرد لە یەکخستنی سێیەکی پێشمەرگە لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە. یاوەر ئاماژەی بە مێژووی شەڕی ناوخۆی نێوان ئەو دوو پارتە کرد لە ساڵانی نەوەدەکاندا.

یاوەر گوتی "بۆیە پرۆسەی یەکخستنی پێشمەرگە هەنگاو بە هەنگاو دەبێت. با ئەوە لە یاد نەکەین کە تەنیا لە چوار ساڵی ڕابردوودا توانیومانە 14 لیوا دروست بکەین و ئێستا شانبەشانی یەکدی شەڕ دەکەن بەبێ بوونی هیچ کێشەیەکی سیاسی."

یاوەر شەڕی ئێستای دژ بە داعش و ناکۆکییە داراییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی وەک ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم پرۆسەی یەکخستنی پێشمەرگەدا ناوبرد. ئەو گوتی "لەبەر ئەوەی هێزەکان پێویستن لە بەرەکانی شەڕ، ناکرێت ئەو هێزانە لە بەرەکان بکێشرێنەوە بە مەبەستی یەکخستنیان".

یاوەر خەرجیی ساڵانەی هێزەکانی پێشمەرگەی بە 2.9 ملیار دۆلار مەزەندە کرد، بەڵام ڕایگەیاند تەنیا 1.2 ملیار دۆلاریان پێگەیشتووە بۆ ساڵی 2014. گوتیشی "ئەگەر ئەو بڕە پارەیەش بنێرن، تەنیا بەشی مووچەی ئەو 14 لیوایە دەکات."

پارەی زیاتریان پێویست دەبێت بۆ خەرجیی ژووری عەمەلیاتی هاوبەش کە سیستمێکی یەکگرتووی پەیوەندیکردن و ستافێکی پرۆفیشناڵە و زۆر پێویستە بۆ هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە.

وەزیری پێشووی پێشمەرگە شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت پێویستییەکانی ئێستای پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی تەرکیزی سەرەکی گفتوگۆکان بێت.

"داعش مەشق و کەلوپەلی باشتری هەیە، بەڵام پێشمەرگە ورەیەکی پۆڵایینی هەیە بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا". ئەو گوتی "ئەگەر کەلوپەلی سەربازیی پێویستمان هەبووایە، ئەوە ژیانی زۆر کەسمان ڕزگار دەکرد، بۆیە داوا لە هاوڕێکانمان و هاوبەشەکانمان لە هێزی هاوپەیمانان دەکەین، ئەم چەکانەمان بۆ دابین بکەن تا بتوانین داعش لەناوبەرین."

بەڵام فلۆرانس تاوب، توێژەری باڵا لە پەیمانگای یەکێتی ئەورووپا بۆ خوێندنی ئاسایش گوتی "ئەگەری دابینکردنی ئەو هاوکاریانە لەلایەن وڵاتانی دەرەوە کاتێک دەبێت ئەگەر پێشمەرگە ستراتیژێکی ڕوونی بۆ داهاتوو هەبێت".

ئەو گوتیشی "چیتر پێشمەرگە چەند گرووپێکی پارتیزانی نین لە شاخەکان، ئێستا ڕۆڵی پێشمەرگە گۆڕاوە، بۆیە ڕوئیایەکی نوێی پێویستە. ئەوەش یارمەتی کێشەکەت دەدات ئەگەر بزانی ئامانجت چییە، کاتێک داوای کەلوپەلی سەربازی دەکەی، بۆیە نابێت ڕوئیای ستراتیژیت لەبیر بچێت."

هەر لەوبارەوە مایک بێدناریک، بەرپرسی ئۆفیسی بەرگریی ئەمریکا بۆ ئاسایش و هاوکاریی عێراق، داوای لە سەرکردە سەربازییەکانی پێشمەرگە کرد کە تەنیا چاونەبڕنە سەر هەڕەشەکانی ئێستا و بزانن کە دوژمنی داهاتوو چییە. ئەو گوتی "ئەوە هەڵەیەکی ستراتیژییە کە پلان دابڕێژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنە کۆنەکان."

یەزد سەیج لە سەنتەری کارنیجی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕوئیایەکی پێشنیاز کرد کە گرنگ دەبێت ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە لە داهاتوودا کاری لەسەر بکات.

ئەو باسی لە پێویستی وەزارەتێک کرد کە گەندەڵی تێدا نەبێت و تێیدا بەرزکردنەوەی پلەی تاکەکان لەسەر بنەمای پەیوەندییان بە پارتە سیاسییەکانەوە نەبێ.

سەیج گوتی "پێشمەرگە وەک هێزێک زۆر کاریگەرتر دەبێت ئەگەر بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەرەکانی لەسەر بنەمای لێهاتوویی بێت و هەموو کەسێک وەک یەک و بە یەکسانی هەل و دەرفەتیان هەبێت لە هەموو قۆناغێکی بەرزکردنەوەی پلەدا".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە زۆر لە سوپاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی ئەوەیان هەیە و ئەفسەرە باڵاکان یان ئەفسەرە پلە نزمەکان ناتوانن بگەنە پلەیەکی بەرزتر بە مافی خۆیان. سەیج بە ئامادەبووانی گوت "بڕواناکەم زۆربەمان لەسەر ئەم کێشەیە کۆک نەبین". ئینجا پرسی "ئایا هۆکارێک هەیە لە پشت ئەوەی کە بۆچی بەرەو پێش ناچن؟ نازانم!".


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# "شەهیدبوونی فەرمانده‌کانی پێشمەرگە ئاسایی نییە"

## مستەفا چاوڕەش: پێویستە ڕێنمایی تازە بۆ دیاریکردنەوەی ئەرکی پێشمەرگە و فەرماندە دەربکرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت فەرماندە و پلەدارەکانی هێزی پێشمەرگە کەسانی ئازا و لێهاتوون، بۆیە دەچنە پێشەوەی بەرەکانی شەڕ و شەهید دەبن، بەڵام بەرپرسانی دیکەی سەربازی دەڵێن شەهیدبوونی ئەو سەرکردانە ئاسایی نییە و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان زەحمەتە.

هەفتەی ڕابردوو بەهۆی دانانی بۆمبی چێنراو لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە ناوچەی داقوق، لیوا سەلاح دیلمانی، فەرماندەی لیوای 118ی باڵەک لەگەڵ بەرپرسی پاسەوانەکانی و دوو پێشمەرگەی دیکە شەهید بوون.

دیلمانی دوایین فەرماندەی پێشمەرگە بوو کە شەهید بکرێ و نێویشی چووە ڕیزی ئەو هەزار و 200 پێشمەرگە و پلەدارەی کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی دژی داعشەوە شەهیدکراون.

لەوەتەی شەڕی پێشمەرگە لەدژی چەکدارانی داعش دەستیپێکردووە، چەندین فەرماندە و پلەدار شەهیدبوون. یەکەم فەرماندەی پێشمەرگە بەناوی عەمید بژار خەلیل کە بەرپرسی میحوەری کەسکێ بوو، ڕۆژی 2014/8/2 شەهید بوو. دوای ئەویش چەندین فەرماندەی دیکە شەهید بوون، لەوانەش: لیوا حوسێن مەنسوور، فەرماندەی هێزی پشتیوانی دوو. عەمید شێرکۆ فاتیح، فەرماندەی لیوای یەکی پیادەی هێزی پێشمەگە. عەقید حاجی ئەحمەد ئیبراهیم، بەرپرسی فەوجی پێنج لە لیوای 120، ئەحمەد مزوری، بەرپرسی هێزی دژە تیرۆر لە دهۆک، لیوا عوسمان پیرانی، جێگری فەرماندەی بارزان، لیوا سەفەر ئامێدی. لیوا تاهیر حاجی دەرباز کورکی. هەژار خەلیل، بەڕێوەبەری ئاسایشی جەلەولا لەگەڵ چەندین پلەداری دیکەی نێو هێزی پێشمەرگە.


لیوا عوسمان پیرانی


لیوا حوسێن مەنسوور


ئەحمەد مزووری


عەمید شێرکۆ فاتیح

### "پلەدارەکان ئازان"

لیوا جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە باسی هۆکاری شەهیدبوونی ئەو پلەدارانە دەکات و دەڵێت "پلەدارەکانی هێزی پێشمەرگە کەسانی ئازا و لێهاتوون و دەچنە پێشەوەی بەرەکانی شەڕی دژی داعش، بۆیە شەهید دەبن".

هەندێک بەرپرسی دیکەی سەربازی دەڵێن لە ڕابردوودا سەرکردە سەربازییەکان لەپشتەوە بوون، بەڵام ئێستا پێچەوانە بووەتەوە. مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەماوەی ڕابردوودا چەند جارێک وەکو بەرپرسی سەربازی بەشداری شەڕی دژی داعشی کردووە، دەڵێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەگەر بەرپرس لەپێشەوە نەبێت، ڕەنگە نەتوانرێت شەڕەکە ئامانجەکانی بپێکێت.

چاوڕەش گوتی "بەپێچەوانەی جارانەوە کە بەرپرس لەپشتەوە تەنیا فەرمانی دەردەکرد، ئەمڕۆ ئەگەر بەرپرسەکە لە پێشەوە نەبێت، شەڕەکە بەباشی ناکرێ و ئەوانیش خۆیان فیدا دەکەن بۆ ئەوەی شەڕەکە باش بکەن".

### "نابێت لە پێشەوە بن"

بەپێی نەریتی سەربازی، ناکرێ سەرکردە و فەرماندە بڕۆنە سەنگەرەکانی پێشەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بەرکەوتن ورەی هێزەکەیان نەڕووخێ.

فەریق سەروەر قادر، ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی بە (ڕووداو)ی گوت، شەڕی داعش زیاتر جەنگێکی پارتیزانی و دەروونییە، هەرچەندە بەپێی نەریتی هەموو سوپایەکیش، سەرکردە نابێت بڕواتە ڕیزی پێشەوە بۆ شەڕکردن، بەڵام چوونە پێشەوەی فەرماندەکانی پێشمەرگە لەم شەڕەدا نیشانی دەدات کە ئەوان خەڵکی نیشتمانپەروەرن و بەو کارەیان ورەیەکی بەرزتر دەدەنە پێشمەرگەکان.

فەریق سەروەر گوتی "وەک دەبینین هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێنا، ئەوەش بەرهەمی شەهیدبوونی ئەو پلەدار و پێشمەرگانەیە، شەڕکردنی ئێستاش کە فەرماندە سەربازییەکان دەچنە پێشەوە عەقیدەیەکی نوێی شەڕکردنە، چونکە جاران بەو شێوەیە نەبووە".

### "فەرماندەکان ئەزموونیان زیاترە"

شەڕی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە لەکاتێکدا بوو کە تازە خەریک بوو وەزارەتی پێشمەرگە هێزەکانی (80 و 70)ی پارتی و یەکێتی ڕێکدەخستنەوە، بەڵام شەڕەکە ئەو پلانەی دواخست و هێزەکانیش بۆ ئەو شەڕە ئامادە نەکرابوون.

بەهار عەبدولڕەحمان، بڕیاردەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، پێشتر هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان بۆ ئەو شەڕە ئامادە نەکردبوو، ڕانەهێنرابوون و پلەدارەکانیش بەو پێیەی ئەزموونی پێشتریان هەیە لە بواری شەڕدا، زیاتر دەچنە پێشەوە. دەستپێکردنی شەڕەکەش دیسانەوە لەکاتێکدا بوو کە هەرێمی کوردستان بەهۆی بڕینی بودجەوە لەلایەن حکومەتی عێراق تووشی قەیرانێکی دارایی گەورە هات و بەو هۆیەشەوە هێزەکانی پێشمەرگە مووچەکانیان دوادەکەوێ.

بەبۆچوونی بەهار عەبدولڕەحمان، لەمڕۆشدا پێشمەرگە بەهۆی خراپی بارودۆخی ژیانییەوە ڕەنگە ئامادە نەبێت بەو ڕۆحیەتەی جارانەوە بجەنگێت، لەبەرئەوە هەتا فەرماندەکەی هێرش نەکات، ئەویش شەڕ ناکات.

### "شەهیدبوونیان ئاسایی نییە"

شەڕکردنی هێزی پێشمەرگە لەدژی چەکدارانی داعش، بەدرێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەترە، لەماوەی ڕابردووشدا ناوچەیەکی بەرفراوان لەبندەستی ئەو چەکدارانە دەرهێنراون.

لیوا جەبار یاوەر پێیوایە شەهیدبوونی ئەو پلەدارانە بۆ شەڕێکی لەو شێوەیە "ئاساییە" و گوتی "ئێمە وا ماوەی ساڵێکە لەدژی هێزێکی توندڕەوی وەک داعش بەدرێژایی هەزار کیلۆمەتر لە شەڕداین و داعشیش هێزێکە دەست ناپارێزێ".

بەڵام فەرماندە سەربازییەکان پێچەوانەی ئەوە دەڵێن. فەریق سەروەر لەڕوویەکەوە شەهیدبوونی ئەو پلەدارانە بە "ئاسایی" دەبینێ، بەوپێیەی جەنگەکە سەختە و بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە، فەرماندەکان پێویستە بڕۆنە پێشەوە، بەڵام دەڵێت شەهیدبوونی ئەو پلەدارانە زیانێکی گەورەیە و بۆشایی دەخاتە نێو هێزی پێشمەرگە کە پڕکردنەوەی ئاسان نییە، چونکە ئەو پلەدارانە بەشێوەیەکی ئەکادیمی پەروەردە کراون".

### "ڕێنمایی نوێ پێویستە"

مستەفا چاوڕەش شەهیدبوونی ئەو فەرماندانەی نەک هەر بەلاوە ئاسایی نییە، بەڵکو بەپێویستیشی دەزانێت وەزارەتی پێشمەرگە ڕێنمایی نوێ بۆ دیاریکردنەوەی ئەرکەکانی پێشمەرگە و فەرماندەکان دەربکات "شەهیدبوونی ئەو فەرماندانە ئاسایی نییە، دەبێت فەرماندە سەرکردایەتی شەڕ بکات، بۆیە پێویستە بیربکەینەوە بەرەکانی شەڕ بەشێوەیەکی باشتر دابڕێژینەوەو ڕێنمایی نوێ بۆ ئەرکەکانی پێشمەرگە و پلەدار دەربکرێ، چونکە ئەگەر ئەو هەموو پلەدارە شەهید بکرێن، زەرەری گەورە دەکەین".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18

## ئێران لە هەولێر سەنتەری بازرگانی دەکاتەوە



**ڕووداو – میهر**

وەلیوڵڵا ئەفخەمی ڕاد، جێگری وەزیری پیشەسازیی ئێران ڕایگەیاند ئێران سەنتەرێکی بازرگانیی لە هەولێر دەکاتەوە و گوتی "سەنتەری بازرگانیی ئێران دەبێ بە ناسینی ڕەوشی بازاڕی عێراق، بوارە بازرگانییەکانی هەولێر بە بازرگانەکان بناسێنێت و پشتگیریی کۆمپانییە ئێرانییەکان بکات". ئەفخەمی ڕاد هەروەها گوتی "دەبێ ئەو کۆمپانیایانەی کە لە سەلیقەی خەڵکی هەولێرەوە نزیکن، بە دامەزراندنی سەنتەرێکی بازرگانی، بازاڕی ئەو ناوچەیە بناسن و بریکاری خۆیان لەوێ جێگیر بکەن".

## بڕیارەکەی وەزیری کشتوکاڵ جێبەجێ نەبوو

# هێشتا کێشی مریشکەکانی کوردستان دانەبەزێنراوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە لەسەر مۆڵەتەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هێشتا مریشکفرۆشەکان مریشکی سەرووی دوو کیلۆیی دەفرۆشن، ئەگەرچی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت سەرجەم کێڵگە پەلەوەرییەکان ئاگادارکراونەتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1156 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەریی گۆشت هەن و نزیکەی 65%یان کاردەکەن، تێکڕای بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە 67 هەزار تۆن مریشک، بەڵام بەپێی پێشبینییەکان، توانای هەرێمی کوردستان لە بەرهەمهێنانی گۆشتی مریشک تاوەکو ساڵی 2019 دەگاتە 140 هەزار تۆن.

بەپێی بڕیارێکی وەزیری کشتوکاڵ کە دوای بەرنامەیەکی "لەگەڵ ڕەنج"ی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) هات، دەبووایە لە سەرەتای ئەم مانگەوە هیچ مریشکێکی کێڵگە پەلەوەرییەکان کێشیان لە دوو کیلۆ زیاتر نەبێت، بەڵام بازاڕەکان ئێستاش پڕن لە مریشکی سێ کیلۆیی و تەنانەت چوار کیلۆییش.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ گوتی "بەنووسراوی فەرمی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و خاوەن پرۆژەکانمان لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ئاگادار کردووەتەوە، بۆیە ئەگەر جێبەجێ نەکرابێت، ئەوا ئەو لایەنانە کەمتەرخەمییان نواندووە".

ڕەمەزان محەممەد، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە پێویستی بەدەرکردنی چەند ڕێنماییەک هەیە. ئێستا ئەوان بەهاوکاریی پسپۆڕان خەریکی دانانی ئەو ڕێنماییانەن. ئەو گوتی "ڕێنماییەکان پەیوەندییان بە ڕێکخستنی چۆنیەتی کڕینەوە و بە بازاڕکردن و سەربڕینی مریشکەکان و دروستکرنی بریکار هەیە، چونکە گرفتی خاوەن کێڵگەکان بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانیانە نەک بەرهەمهێنانی مریشک بەم کێشە".

کەمکردنەوەی کێشی مریشک بۆ دوو کیلۆگرام تازە نییە، وەزارەتی کشتوکاڵ لە 2009/6/4 لەکاتی دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (2)ی تایبەت بەجێبەجێکردنی سیستەمی بازنەیی تەواوکەر لە پیشەسازیی پەلەوەر ئەم بڕیارەی داوە، ئەم ڕێنماییەش لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی گرفتی هاوردەکردنی مریشک و هەڵوەشانەوەی سیستەمەکە بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا.

### جێبەجێکردنی ئاسان نییە

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر دەڵێت بڕیاری کەمکردنەوەی کێشی مریشک بۆ دوو کیلۆگرام بە نووسین ئاسانە "بەڵام شێوازی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ئاسان نییە و پێویستی بەدیراسەت هەیە، بۆ نموونە دەبووایە دوو مانگ بەر لە دەرچوونی بڕیارەکە، وەزارەت بیری لەدەرکردنی ڕێنمایی بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە کردبایەوە و ڕاوێژی بە کۆمەڵە و کۆمپانیا و خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر کردبایە".

ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ ڕاوێژی بە کەسێکی وەکو حەیدەر کردبایە، ئەو پێشنیازی دەکرد سەرەتا بیر لە بە بازاڕکردنی ئەو مریشکانە بکرێتەوە کە ئێستا لە کێڵگەکانن، دواتریش لە جیاتی کێشی دوو کیلۆیی، کێشی دوو تاوەکو دوو کیلۆ و نیویی پەسەند دەکرد، چونکە مریشکی هیچ پرۆژەیەک هەموویان دوو کیلۆ دەرناچن".

حەیدەر لەو باوەڕەدایە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە 3 مانگی دیکە دەخایەنێ، چونکە تاوەکو ئێستاش لە کێڵگە پەلەوەرییەکاندا مریشکێکی زۆر ماوە کە کێشیان لە دوو کیلۆ زیاترە.

حەیدەر گوتی "ئەگەر حکومەت بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی مریشکی زیندووی داوە و توانای بەبازاڕکردنی مریشکی هەیە، بابێت مریشکی ئەو کێڵگانە تەواو بکات، ئەوکات ئێمە هاوکار و پشتوانیان دەبین".

دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە لەتورکیا، لە ڕۆژی 10ی ئەم مانگەوە وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی مریشک و هێلکەی ئەو وڵاتەی قەدەغەکرد، هەفتەی ڕابردووش دوای دەرکەوتنی چەند حاڵەتێک لە پارێزگای سلێمانی لەنێو مریشکی خۆماڵی، فرۆشتنی مریشکی زیندوو لە بازاڕەکانی کوردستان قەدەغەکرا.

ئەم بڕیارەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەکاتێکدایە لەکۆی ئەو 67 هەزار تۆن مریشکەی ساڵی ڕابردوو لە کێڵگەکانی کوردستان بەرهەم هاتووە، تەنیا 7 هەزاریان لە سەربڕخانەکان سەربڕاون، ئەوانی دیکە بەزیندوویی فرۆشراون.

دەوەن موحسین، خاوەنی سەربڕخانەی ئیعتیماد کە وزەی ڕۆژانەی کوشتارگەکەیان 10 هەزار مریشکە، دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ خاوەن پرۆژەیەکی پەلەوەر مریشکی بەکێشی دوو کیلۆ نەهێناوە بۆ سەربڕین، ئەو مریشکانەشی کە ڕۆژانە لەکوشتارگە سەریان دەبڕین، زۆر کەمن. خۆمان لە پرۆژەکان دەیکڕینەوە و کێشەکانیان لەنێوان دوو کلیۆ و 400 گرام تا دوو کیلۆ و 600 گرامدایە".

### کەس لێیان ناکڕێ

لە سنووری پارێزگای دهۆک 222 پرۆژەی پەلەوەری هەن، وزەی بەرهەمهێنانیان لەهەر 60 ڕۆژدا جارێک دەگاتە 3 ملیۆن و 500 هەزار مریشک، لەتوانایاندا هەیە مانگانە 2 هەزار و 600 تۆن کیلۆ گۆشتی مریشک بخەنە بازاڕ، بەڵام بەهۆی مریشکی هاوردە ڕێژەیەکی زۆر کەمی لەناوخۆ بەکاردێت، ئەوی دیکەی بۆ شارەکانی ناوەڕاستی عێراق هەناردە دەکرێت، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی ڕێگا، مریشکێکی زۆر لەم پارێزگایە کەڵەکە بووە.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

حاجی سەباح عەبدوڵڵا، سەرۆکی کۆمەڵەی گارە بۆ پیشەسازیی پەلەوەر لە دهۆک گوتی "ئێستا نزیکەی 70 کێڵگەی پەلەوەر لە دهۆک مریشکیان ئامادەیە بۆ فرۆشتن. کێشی مریشکەکانیشیان لەنێوان دوو کیلۆگرام تاوەکو 4 کیلۆگرامدایە، بەڵام بەهۆی هەرزانیی نرخی مریشکی هاوردە هیچ کۆمپانیا و کەسێک ئامادەنییە مریشکەکان بکڕێت". گوتیشی "پەیوەندیمان بە وەزیری کشتوکاڵ و بەرپرسانی وەزارەتەوە کرد بۆ سەربڕین و بەبازاڕکردنیان، بەڵام کەس خۆی لێ نەکردینە خاوەن".

حاجی سەباح کە خاوەنی 14 کێڵگەی پەلەوەرە، هەشت کێڵگەی پڕن لە مریشک. ئەو ئامادەیە هەر کیلۆیەکی مریشک بە 2100 دینار بفرۆشێ، ئەم نرخەش کەمترە لە تێچووی بەخێوکردنیان، بەڵام دەڵێت "کەس ئامادەنییە بەم نرخەش بیکڕێ".

بەپێی ستانداردی جیهانی، ئەگەر مریشک باش پەروەردە بکرێت، لە تەمەنی 35 تاوەکو 40 ڕۆژدا کێشی دەبێتە دوو کیلۆگرام.

شەوکەت عەزیز، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی، دەڵێت "بۆ لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی پرۆژەکانی خۆمان لەگەڵ ئەم ستانداردەی هەیە، دوو کێڵگەی پەلەوەرمان بە نموونە وەرگرت، یەکێکیان لە تەمەنی 38 ڕۆژی کە کێشی مریشکەکانی گەیشتە 2 کیلۆ و 700 گرام، ئەوەی دیکەشیان لە کێڵگەیەکی دیکە بە 40 ڕۆژ گەیشتووەتە 2 کیلۆ و 700 گرام، بۆیە ئێمە پێشنیازمان بۆ وەزارەت کردووە تەمەنی مریشک هەژمار بکرێت نەک کیلۆ".

شەوکەوت عەزیز گوتی "تاوەکو ئێستا 70%ی مریشکی کێڵگەکانی پارێزگای سلێمانی بەکێشی زۆر و بە زیندوویی دەفرۆشرێن و هیچ ڕێوشوێنێک بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی وەزارەت دەرنەکراوە".

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر دەڵێت جێبەجێکردنی هەر پرۆژە و ڕێنماییەکی نوێ کاتی پێویستە، بۆیە پێیوایە ئەگەر ئەمساڵ 50%ی پرۆژەی کەمکردنەوەی کێشی مریشک بۆ دوو کیلۆگرام جێبەجێ بکەن، خۆیان بەسەرکەوتوو دەزانن.

# بڕیارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ نرخی سەوزە و میوە بەرز دەکاتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

نرخی سەوزە و میوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ بڕیارێکی وەزارەتەکەی کە لە جیاتی قەدەغەکردنی سەوزە و میوەی هاوردەکراو لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵیدا، گومرگی خستە سەر.

ساڵانی ڕابردوو لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومی خۆماڵیدا، وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاری قەدەغەکردنی هێنانی 22 بەرهەمی کشتوکاڵی دەدا، بەڵام بەهۆی بەقاچاخ هێنانیان، بڕیارەکە ئامانجی خۆی نەدەپێکا. بۆیە ئەمساڵ لەبری قەدەغەکردن، وەزارەت بڕیاری دا لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم ڕەسمی گومرگیی سەر 22 جۆر سەوزە و میوە زیاد بکات (17 جۆر سەوزە بۆ هەر کیلۆیەک 250 دینار، 5 جۆر میوە بۆ هەر کیلۆیەک 350 دینار).

نووری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینە و بەبازاڕکردنی سەوزە و میوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "95%ی ئەو سەوزە و میوەیەی لە کوردستان هەن لە دەرەوە دەهێنرێن، لەپێناوی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ لەکاتی پێگەیشتن لە جیاتی قەدەغەکردن ڕەسمی گومرگیمان خستە سەر بەرهەمی هاوردەکراو، ئەمەش نرخەکانی بەرزکردەوە".

نووری ئیسماعیل هۆکارێکی دیکەی بەرزبوونەوەی نرخی سەوزە و میوەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "پێشتر وەزارەتی کشتوکاڵ کرێی گواستنەوەی بەرهەمی دەدایە جوتیاران، بەڵام ئێستا نایدات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی جوتیاران کەمتر بەرهەمەکانیان ببەنە گومرگ".

دانانی ڕەسمی گومرگی بە تەنیا کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخ نەبووە، تەنانەت بەرهەمی هاوردەشی کەمکردووەتەوە. نووری ئیسماعیل دەڵێت "ئێستا تورکیا و ئێران کەمتر ڕێگە بە هەناردەکردنی سەوزە و میوەی جوتیارەکانیان دەدەن، ڕەنگە ئەمەش پەیڕەوکردنی جۆرێک لەسیاسەتی بە بازاڕکردن بێت، چونکە ئێمە ڕەسمی گومرگیمان خستووەتە سەر هاوردەی بەرهەمەکانیان، ئەوانیش لەبەرامبەردا ڕێگە بە هەناردە نادەن".

ساڵانی ڕابردوو بەرهەمێکی زۆری میوە لە ڕێگەی سووریا و ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر دەستی داعشدان وەک عوزێم و خاڵس، سوڵتان عەبدوڵلا و گەیارە، دەهاتە کوردستان، بەڵام ئێستا بەهۆی نەمانی ڕێگاوە زۆر کەم دێت، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە کەمبوونەوەی سەوزە و بەرزبوونەوەی نرخەکەی.

لەزۆربەی گومرگەکانی سەوزەو میوە، هۆبەیەکی تایبەت بۆ دانانی نرخ و بەدواداچوون هەیە، ئەم هۆبانە هەفتانە نرخ بۆ فرۆشتنی سەوزە و میوە بەتاک و کۆ دادەنێن، بەڵام بەقاڵەکان پابەند نین بەم نرخانە.

نەجمەددین عەبدوڵلا، بەرپرسی هۆبەی دانانی نرخ سەوزە و میوە و بەدواداچوون لە گومرگی هەولێر دەڵێ لەدانانی نرخدا هەمیشە هەوڵ دەدەین هاوسەنگی لە نێوان سوودمەندبوونی جوتیار و بەکاربەر ڕابگرین، ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییەش زۆر قورسە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "دواجار خواست بڕیار لەسەر نرخەکان دەدات".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ گوتی "بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە شارەکانی کوردستان و گرفتی هاوردەکردنی سەوزە و میوە، خستنەڕوو کەمە و خواست زۆرە، ئەمەش نرخی سەوزە و میوەی بە شێوەیەکی گشتی تاوەکو 20% بەرز کردووەتەوە".

ئەرکێکی دیکەی هۆبەی کشتوکاڵیی نێو گومرگەکان بەدواداچوونی فرۆشتنی بەروبوومەکانە بەو نرخەی کە دیاریکراوە، بەڵام زۆرجار نووسینگەکانی فرۆشتنی سەوزەو میوە بەو نرخەوە پابەند نابن.

نەجمەددین دەڵێ "توانیومانە تا ڕادەیەک کۆنترۆڵی نووسینگەکانی فرۆشتنی سەوزە و میوەی نێو گومرگ بکەین و ناچاریان بکەین بەهەڵواسینی نرخ و فرۆشتنی بەروبوومەکان بەو نرخەی بۆیان دیاری کراوە، بەهۆی پابەندنەبوونیش، ئەمساڵ 15 خاوەن نووسینگەمان بە دوو تاوەکو پێنج ملیۆن دینار سزا داوە".

بەهۆی پابەند نەبوون بەهەڵواسینی نرخ و فرۆشتنی بەروبوومی میوە و سەوزە بەو نرخەی دیاری کراوە، ئەمساڵ لە شاری هەولێر 56 دوکاندار سزا دراون.

محەممەد عەباس، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی لە پارێزگای هەولێر، گوتی "بەگوێرەی ئەو نرخەی کە هەفتانە بۆ سەوزەو میوە لەلایەن هۆبەی دانانی نرخ لە گومرگی هەولێر دیاری دەکرێ، ئێمە بەدواداچوون دەکەین، هەر یەکێک سەرپێچی بکات و نرخ بەرزبکاتەوە یان هەڵینەواسێت، سزای دەدەین". گوتیشی "بۆ جاری یەکەم بە50 هەزار دینار سزای دەدەین، ئەگەر دووبارەی کردووە هەفتەیەک دوکانەکەی دادەخەین، ئەگەر هەر بەردەوام بێت ئەوا ئاراستەی لیژنەی نەهێشتنی سەرپێچییەکانی دەکەین لە قایمقامیەت، لەوێ بە نزیکەی 5 ملیۆن دینار سزا دەدرێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

عەبدولباست خدر، خاوەنی نووسینگەی قەڵا و منارە لە گومرگی سەوزە و میوەی هەولێر دەڵێت "98%ی ئەو بەرهەمەی ئێستا لە بازاڕە هاوردەیە، ساڵان بەرهەم زۆر بوو، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە ئێستا کەمتر بەرهەم لە سووریا و عێراقەوە دێت، بۆیە نرخیش تاڕادەیەک بەرزبووەتەوە".

لەکۆی ئەو 22 بەرهەمەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ساڵی 2015 بڕیاری داوە لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ ڕەسمی گومرگییان بخاتە سەر، ئێستا تەنیا چوار بەرهەمیان گومرگیان خراوەتە سەر، ئەوانیش بریتین لە (کولەکە، خەیار، پەتاتە و پیازی وشک).

ئەبوبەکر محەممەد، بەرپرسی هۆبەی گومرگی کشتوکاڵی لەپارێزگای سلێمانی پێیوایە بەرزبوونەوەی نرخەکان وەرزییە و لە کاتی نەمانی بەرهەم زۆرجار نرخەکان بەرزدەبنەوە.

ئەبوبەکر پێیوایە بە تەنیا ڕەسمی گومرگ هۆکار نییە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی سەوزە. ئەو گوتی "بەرهەمەکە هەر لە شوێنی خۆی بە نرخێکی گران دێت، جگە لەوەش بەهۆی کواڵێتی کۆنترۆڵەوە بازرگانەکان ناچارن بەرهەمی باش هاوردە بکەن کە نرخیان گرانە".

پارەکە نادەن

# پاڵاوگە نایاساییەکانی سلێمانی به 200 ملیۆن دینار سزا دران



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

## "دەبێ پارێزگار دایانبخات"

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بە پشتیوانیی دادگا و داواکاری گشتی، بەرپرسانی ژینگە لە سلێمانی دەیانەوێ دەموچاوی ڕاستەقینەی پشت دووکەڵە ڕەشەکانی تانجەرۆ و هەندێک شوێنی دیکە ئاشکرا بکەن و دوای ڕێکارە یاساییەکان بەڵێن بدەن، یان پرۆژەکانیان دابخەن، یان ئەوەتا ڕێگایەکی یاسایی بگرنەبەر. بەرپرسێک لە سلێمانی گوتی "ئیدی دەبێ گوێ لە هەڕەشەکانی شێرپەنجە بگرین".

لە گوندێکی نزیک تانجەرۆ، دانیشتووانەکەی بە جۆرێکی دیکە ڕۆژی ژینگەیان بەڕێ کرد، ئەوان لە ماڵەکانی خۆیان نەهاتنە دەرەوە و ئەو ڕۆژە هەموو جوڵەیەکی ژیانیان وەستاند. ئەوەش گوزراشت بوو لە نارەزاییان لەو دۆخە ناهەموارەی پاڵاوگە نایاساییەکانی نەوت لەو دەوروبەرە بە دووکەڵ و پاشماوە و پاشەڕۆ مەترسیدارەکان، بۆی دروستکردوون.

محەممەد جەبار، دانیشتووی گوندەکە، دەڵێ ڕۆژانە بە چاوی خۆی دەبینێ لەوێ چی ڕوودەدا، جگە لەو دووکەڵە ڕەش و پیسە، پاشەڕۆی پاڵاوگەکان دەڕژێتە ئەو زەوییانە و دواتر بەرەو ناو تانجەرۆ دەڕوات "زەوی ئەو ناوەی تەواو کوشتووە، هەواکەی پیس کردووە، ماسی و گیانەوەرە ئاوییەکانی ناو تانجەرۆش وا لەناودەچن".

هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێگەی خۆژیێنی هەنگاو دەنێت و ئێستا نەوت خێراترین ڕێگایە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات و پارە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پەیدا بکات، خەڵک ئێستا لەوە تێدەگەن، بەڵام هێشتا ئەوە بە پاساو نازانن بۆئەوەی سەرمایەدار و کۆمپانیاکان پاڵاوگەی نەوتی نایاسایی دابنێن.

غالب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، باسی ئەو پاڵاوگە نەوتییانەی سنووری پارێزگاکە دەکات کە سەردانی هەندێکیانی کردووە "کە دەچیت نازانی کێ خاوەنیانە، کەس ڕێگرییان لێناکات، نە باج دەدەن و نە باکیشیان بەوەیە بەهۆی کارە نایاساییەکانی ئەوانەوە چی ڕوودەدات".

غالب محەممەد، پێیوایە زۆربوونی حاڵەتەکانی شێرپەنجە لە دەربەندیخان و تانجەرۆ، قسەیەکی ڕوونن لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو پاڵاوگانە "ئەو خەڵکە دەناڵێنن، ئێمە لانیکەم دەمانەوێ ئەوانە بکرێنە پاڵاوگەی یاسایی".

لە سنووری پارێزگای سلێمانی، 41 پاڵاوگە و عەمباری نایاسایی نەوت هەن (26 پاڵاوگە و 17 عەمبار) کە لەسەر 745 دۆنم زەوی بنیاتنراون. پارێزگای سلێمانی لەسەر داوای ئەنجوومەنی پارێزگاکە لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ ئەوەی سەردانی پاڵاوگەکان بکەن و لە شێواز و ڕێڕەوی کارکردنیان بکۆڵنەوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان پشتڕاستکردنەوەی گلەییەکانی ژینگەپارێزان بوو.

### به 200 ملیۆن دینار سزا دراون

بەڕێوەبەری ژینگەی سلێمانی دەڵێت جگە لە پاڵاوگە حکومییەکەی بازیان، هیچ کام لەوانە یاسایی نین "هیچیان بە فیلتەری ژینگەدا ناڕۆن و ئێمە لە ڕێگەی داواکاری گشتییەوە ڕووبەڕوویان بووینەتەوە و دەبێ خۆیان یەکلا بکەنەوە، یان ئەوەتا بێنە ژێر فیلتەری ژینگە یان ئەوەتا دایبخەن".

محەممەد سەعید هەروەها دەڵێ "لەساڵی 2011دا دادگا ئەو پاڵاوگانەی بە 8 ملیۆن دینار سزا دا، بەڵام پارەکەیان نەدا و ناشچنە دادگا، ئێستا سزای زۆرتر دراون".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، دادگا و داواکاری گشتی جگە لە پاڵاوگەکانی نەوت، خاوەنی کارگەکانی چەو و لم لە قەراخی سیروان و دەربەندیخانیشی دەوێ و ئەوانیش بەهەمانشێوە دەستیان لە وێرانکردنی ژینگەی ناوچەکەدا هەیە. بەڕێوەبەری ژینگەی سلێمانی گوتی "ئێستا کۆی ئەو پارەیەی دادگا وەک سزای دارایی سەپاندوویەتی بەسەر پاڵاوگەکانی نەوت و کەسارەکانی چەو و لمدا، گەیشتووەتە 200 ملیۆن دینار و ناشیدەن".

### سندووقەکانی ژینگە بەتاڵن

پەرلەمانی کوردستان بە یاسایەک سندووقی ژینگەی دانا بۆ ئەوەی پارەی سزای دارایی ئەو کۆمپانیایانەی ژینگە پیس دەکەن و کۆمەکی کۆمەکبەخشانی ژینگەی تێبچێت. وەک محەممەد سەعید گوتی، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش لای خۆیەوە سندووقێکی دیکەی بۆ ژینگە داناوە و دەبێ کۆمپانیاکانی نەوت پارەی تێبکەن "بەڵام نە سندووقەکەی لای خۆمان دینارێکی تێدایە و نە ئاگاشمان لەو سندووقەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە". گوتیشی "باشترین قەرەبوو کە کۆمپانیا نەوتییەکان بیکەنەوە ئەوەیە پشتێنەی سەوز بۆ چواردەوری شارەکان دروستبکەن".

شارەزایانی نەوت و ژینگە پێیانوایە ئەگەر لەسەر بنەمایەکی زانستی کار لەسەر دەرهێنان و بەکارهێنانی ئەو سامانە سروشتیە نەکرێت، خێروبێرەکەی دەگۆڕێ بۆ شەڕ و هەڕەشە لە ژینگە و سروشتی کوردستان. هەر بۆیە داوا دەکەن پشت بە توێژینەوە زانستییەکان ببەسترێ کە لە کوردستان بەرهەمهێنراون.

پارێزگاری سلێمانی نووسراوێکی ناردووە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە نێوەڕۆکی نووسراوەکەدا پارێزگاری سلێمانی نووسیویەتی "ئایا ئێمە چۆن ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببینەوە؟ ئەو پاڵاوگە نەوتییانە دابخەین یان نا؟". بەڵام غالب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ "پێویست بەو نووسراو و نووسراوکارییە ناکات، با پارێزگار دایانبخات و تەواو".

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ بە نووسراوی فەرمی داوامان لە پارێزگاری سلێمانی کردووە و ئەویش بەهەمانشێوە داوای لە وەزیری سامانە سروشتییەکان کردووە و چاوەڕوانی وەڵام دەبین "دڵنیام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەڵام دەدەنەوە ، بەڵام ئەگەر وەڵام نەدرایەوە، بۆ خۆمان دیراسەی دەکەین بزانین چی بکەین و چۆن چارەسەری بۆ بدۆزینەوە".

# کوردستان و ڕێککەوتنێکی نوێی نەوتی لەگەڵ بەغدا

عومەر ئەحمەد

ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بابەتی بودجە و نەوت گەیشتووەتە لووتکەی خۆی و پاش نەناردنی بودجەی شیاوی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە لە مانگی نیسان، پێدەچێت هەرێمی کوردستان ئەمجارە زۆر دیپلۆماسییانە و بەجددی هەوڵ دەدات بژارەی دیکە بگرێتەبەر.

کەس چاوەڕوانی نەدەکرد بەو خێراییە و بە ئاشکرا حکومەتی فیدراڵی بەبیانووی جۆراوجۆر خۆی لە ڕێککەوتنەکەی مانگی 12ی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بدزێتەوە ، پێشبینی دەکرا تا دوای یەکلابوونەوەی شەڕی داعش، ئەو دوو لایەنە لەبەر ڕەوشی ئەمنیی ئێستای عێراق پابەند بن بە ڕێککەوتنەکە.

لەڕاستیدا هەر لە بنەڕەتەوە بەهێزترین فاکتەر کە وایکرد هەرێمی کوردستان لە بواری نەوتدا ڕێگای خۆی هەڵبژێرێت و ساڵ دوای ساڵ لە بەغدا دووربکەوێتەوە، سیاسەتە ناوەندگەراییەکانی دەسەڵاتدارانی بەغدا بوو. پاش ساڵی 2005 و دوای ئەوەی بەرپرسانی کورد زانییان ئەستەمە لە عێراق یاسایەکی دادوەرانەی نەوت و گاز پەسەند بکرێت کە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازی خۆی تێدا ڕەچاو کرابێت، یەکسەر ڕوویان کردە پارلەمانی کوردستان و پێشنووسی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیان بردە پارلەمان و لە ساڵی 2007 پەسەندکرا و شەرعییەتی دەستووری درا بە چالاکییەکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا. ئەو یاسایە، یەکێکە لە پێشکەوتووترین یاساکانی نەوت و گاز لە جیهاندا، بەو پێیەی پێشبینی هەموو ئەگەرێکی تێدایە و بڕیاری داوە سندووقی داهاتی نەوت و کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتی کوردستان دابمەزرێن ، ئەمەش تەنیا لە وڵاتێکی سەربەخۆدا دەکرێت.

تا سەرەتای ساڵی 2014 و کردنەوەی هێڵی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا، حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی هەرچی لەدەست هات کردی بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتی نەوتیی هەرێمی کوردستان. لێدوانەکانی شەهرستانی بەدرێژایی ئەو ساڵانە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو دژکارییەن، لەوانەش بە نایاسایی زانینی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و خستنە ناو لیستی ڕەشی ئەو کۆمپانیایانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە.



دژایەتییە بەردەوامەکانی بەغدا لە میانەی ئەو ساڵانەدا، وایکرد کە پارلەمانی کوردستان لە ساڵی 2013 "یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتە ئیتیحادییەکان" پەسەند بکات کە بەڕوونی لە خاڵی دووەمی ماددەی شەشەم مافی تەواو بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات ئەگەر حکومەتی ئیتیحادی مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەهەر پاساوێک نەدا، ئەوا "حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێکارانەی بە گونجاو دەبینێت بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی خۆی بگرێتەبەر، لە نێوانیشیاندا بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو و گاز بۆ پڕکردنەوەی ئەو شایستە داراییانەی کە حکومەتی ئیتیحادی خۆی دەگرێت لە دانەوەیان."

لە دەسپێکی ساڵی 2014 و بە هەناردەکردنی نەوت بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەغدا خۆی پێ ڕانەگیراو زانی بە تەواوەتی خەریکە هەرێمی کوردستانی لە دەست دەردەچێت، لەبەر ئەوەش دژایەتیکردنەکانی خۆی تا بڕینی بەشە بودجەی کوردستان بەدرێژایی ئەو ساڵە جێبەجێ کرد. بە هەر چەرمەسەرییەک بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لەو ساڵەدا نەوتی خۆی بە بازاڕەکانی جیهان بناسێنێ و بیفرۆشێت و هەرچەندە بە درەنگەوە، بەڵام مووچەی فەرمانبەرانی پێ دابین کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر دابەزینی نرخی نەوت و سنوورداربوونی بڕی ئەو نەوتەی کە هەناردە دەکرا، لەگەڵ فرۆشتنی نەوت، حکومەتی هەرێم ناچار بوو بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران لە کۆمپانیا ناوخۆییەکان و هەندێ سەرچاوەی دیکەش قەرز وەربگرێت.

دیارە لەسەرەتای ساڵی 2015، حکومەتێکی نوێ لە بەغدا دەسەڵاتی گرتبووە دەست و لەبەر تووشبوونی بەشەڕێکی دژوار و لەدەستچوونی ڕووبەرێکی فراوان لە خاکەکەی لە ئەوپەڕی بێهێزیدا بوو، لەبەرئەوەش ناچاربوو دان بە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە بواری نەوت بنێت و لەگەڵی ڕێککەوێت. ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی وکوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە ناوەڕۆکی یاسای بودجەی 2015 ی عێراق ڕەنگیدایەوە و هەردوولا دڵخۆشبوون بەو ڕێککەوتنە، بەوپێیەی لە قازانجی هەردوولا بوو. یەکێک لە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنەش ئەوەبوو کە بە ڕوونی مافی پاشگەزبوونەوەی دەدا بە لایەنێک لە ئەگەری پابەند نەبوونی لایەنی بەرامبەر بە ڕێککەوتنەکە.

بەڵام لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا بەغدا بەڕێکوپێکی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات، کەچی لە جیاتی ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم بەپێی ڕێککەوتنەکە، هەر مانگ تەنیا بەقەدەر ئەو نەوتەی کە لە هەرێمی کوردستان وەریدەگرت، پارەی دەنارد. تا وای لێهات لە مانگی نیساندا نیوەی بەهای ئەو نەوتەشی کە لە حکومەتی هەرێمی وەرگرتبوو، بۆ هەولێر ڕەوانە نەکرد، ئەوەش بە پاساوی سەیر سەیر، وەک ئەوەی کە هەولێر قەرزداری بەغدایە، کەچی خۆیان لەبیریان چووە کە بۆ ماوەی ساڵێک، 16 ملیار دۆلاری بەشە بودجەی هەرێمیان لە ساڵی 2014 نەناردووە و جگە لە بەفیڕۆدانیی سامانێکی زۆری خۆیان و هەرێمی کوردستانیش ، هەموو مەینەتێکی داراییان بە کوردستان داوە.

ئێستاش هەر حکومەتی فیدارڵییە کە کێشەکانی گەیاندووەتە ئەو ئاستە و خۆی ڕێککەوتنەکەی بە ئاراستەیەک بردووە کە وەک کڕیاری نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکات. ئەوان لە جیاتی قۆستنەوەی ئەو ڕێککەوتنە وەک هەلێک بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی کە ئێستا هەردووکیان لەگەڵ تێرۆریستانی داعش لە شەڕێکی دژواردان، ئەو پردەشیان ڕووخاند و دەرکەوت کە هەر لە بنەڕەتدا قایل بەو ڕێککەوتنە نەبوون، وەک بڵێی تەنیا بۆ پاراستنی ئابڕوو و لەژێر زەختی نێودەوڵەتی و لەبەر بێ دەسەڵاتی بێت کە ڕێککەوتنەکەیان واژووکردبێت.

لەبەر ئەوەیە ئێستا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کودستان باس لە ڕێککەوتنێکی نوێ دەکات و داوا دەکات ئەگەر بەغدا ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکات با بیگۆڕن بەوەی کە حکومەتی عێراق ببێتە کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان.

ئەوەی کە لێرە گرینگە، ئەو هەنگاوە ژیرانەیە کە هەرێمی کوردستان لە بواری نەوت لە ساڵی 2007 هاوێشتوویەتی و ئێستا بووەتە پاڵپشتییەکی یاسایی بەهێز کە ڕێگەی بۆ هەناردەکردنی ڕاستەوخۆی نەوت و فرۆشتنی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کردووە. بەپێی ئەو یاسایانە و یاساکانی دواتری پارلەمانی کوردستان، هیچ لایەنێک ناتوانێت بەشێوازێکی یاسایی دژی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوتی کوردستان بوەستێتەوە.



## لەنجە یادی گەرمیان دەکات

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنە هونەرمەندی کورد لەنجە عەلی بە مەبەستی تۆمارکردنی گۆرانییەک گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و دەڵێت گۆرانییەکەی تایبەتە بە ژیان و بیرەوەرییەکانی خۆی. لەنجە عەلی ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "گۆرانییەکە ناوی (یادم کە)یە و تایبەتە بە ژیان و بیرەوەرییەکانی خۆم، جگە لەوەش ئەم بەرهەمە تایبەتمەندی خۆی هەیە و گوندی کونەکۆترم لە گەرمیان هەڵبژاردووە بۆ دیمەنەکانی کلیپی گۆرانییەکەم کە زێدی لەدایکبوونی نەنکمە". وا بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کلیپەکە بڵاوبکرێتەوە.

# فیلمێکی کوردی چانسی بردنەوەی خەڵاتێکی فێستیڤاڵی کانی هەیە



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2015/5/13 چالاکییەکانی شێست و هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی کانی سینەمایی لە فەڕەنسا دەستیپێکرد و بڕیارە تاوەکو 24ی ئەم مانگە بەردەوام بێت. لە بەشی سینیفۆنداسیۆن کە بەشێکی سەرەکی فێستیڤاڵەکەیە و تایبەتە بە کورتە فیلمی زانکۆ و پەیمانگا هونەرییەکان، فیلمێکی کوردی بە ناوی بەشی هونەری زانکۆی تاران پێشبڕکێ دەکات و چانسی بردنەوەی خەڵاتەکانی فێستیڤاڵەکەی هەیە.

### بابەتێکی سیاسییە

سالانە چەندین فیلمی کوردی، یان ئەو فیلمانەی دەرهێنەرەکانیان کوردن، بەناوی عێراق و ئێران و تورکیاوە بەشداری فێستیڤاڵە جیهانییەکان دەکەن. ئەمساڵیش فیلمێکی کوردی بەناوی ئێرانەوە بەشداری لە بەشێکی فێستیڤاڵی کاندا کردووە.

فەرزین کەریم، سینەماکاری کورد لە بارەی بەشداریکردنی فیلمە کوردییەکان بە ناوی وڵاتانی دیکە، دەڵێت "ئەمە بابەتێکی سیاسییە، فێستیڤاڵە جیهانییەکان فیلم بە ناوی کوردستانەوە وەرناگرن، چونکە کوردستان دەوڵەت نییە".

لەم خولەی فێستیڤاڵی کاندا، هەر لە بەشی سینیفۆنداسیۆن، فیلمێکی فەلەستینی بەناوی فەلەستینەوە وەرگیراوە، بەڵام فیلمە کوردییەکە بە ناوی ئێرانەوە بەشداریی دەکات، فەرزین کەریم دەڵێت "ئەمە کاری سینەماکارانە، بەڕاستی سینەماکارانی کورد نەیانتوانیوە کارێک بکەن کە فێستیڤاڵە جیهانییەکان وەک دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەن".

یەڵماز گۆنەی، دەرهێنەری بەناوبانگی کورد لە ساڵی 1982 دا بە فیلمی "یۆڵ" کە چیرۆکی کوردی باکووری کوردستان دەگێڕێتەوە، خەڵاتی چڵە دارخورمای زێڕینی فێستیڤاڵی کانی بردووەتەوە کە گرنگترین خەڵاتی فێستیڤاڵەکەیە، بەڵام ئەویش بەناوی تورکیا بەشداریی فێستیڤاڵەکەی کردبوو.

### "دەبێت بایکۆتی فێستیڤاڵەکان بکەین"

**شوان عەتوف:**

**دەبێت کەرامەتی نەتەوەییمان هەبێت و بەناوی عێراقەوە بەشداری نەکەین**

شوان عەتوف کە ئێستا وەک سینەماکارێکی کورد لە فەڕەنسایە و لە فێستیڤاڵی کانی 2015 فیلمەکەی (ماڵ و کلیل) نمایش دەکرێت بەبێ ئەوەی لە پێشبڕکێی سەرەکیدا بێت، بەناوی هەرێمی کوردستانی عێراق بەشداری دەکات، عەتوف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمە گرنگترین کێشەیە کە لە داهاتوودا دەبێت کاری جددی لەسەر بکرێت، ئێمەی سینەماکارانی کورد دەبێت ئیدی کەرامەتی نەتەوەییمان بپارێزین و بەناوی عێراقەوە بەشداری نەکەین، دەبێت سینەماکارانی کورد بەشداری فیلمە کوردییەکان بەناوی عێراق لە فێستیڤاڵەکان بایکۆت بکەین".

شوان ڕەخنەی لە هەندێک سینەماکاری کورد گرت و بە خۆپەرست ناوی بردن و گوتی "هەندێک لە سینەماراکانی کورد خۆپەرستانە کار دەکەن، سینەماکارێک بۆ ئەوەی تەنیا خۆی و خێزانەکەی بچێتە فێستیڤاڵی کان، ژێر بە ژێر فیلمەکەی دەنێرێت و بەناوی عێراقەوە بەشداری دەکات".

لە ساڵی 2012 دا پڕۆژە فیلمی "ئەو گۆڕستانەی کە هەموو ڕۆژێ تریی دەدا" وەک باشترین 10 سیناریۆ لەنێو 140 سیناریۆی 50 وڵاتدا لە فێستیڤاڵی کان هەڵبژێردرا. سیناریۆی ئەو فیلمە لەلایەن سینەماکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهرام عەلیدی نووسراوە. لە ساڵی 2009دا هەمان سینەماکار بە فیلمی سینەمایی "سرتە لەگەڵ با"، لە-62ەمین خولی فێستیڤاڵەکە بەشداریی کردووە و 3 خەڵاتی بەدەستهێناوە، ئەمانەش بەناوی هەرێمی کوردستانی عێراق بەشدارییان کردووە.

شەهرام عەلیدی، سینەماکاری کورد لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چونکە خاوەنی دەوڵەت نین، ناتوانین بەناوی کوردستانەوە بەشداری بکەین، بەڵام ئەمە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، سینەماکاران دەتوانن لە ڕێگەی گوشار خستنە سەر فێستیڤاڵەکان و نەناردنی فیلمەکانیان ئەم کارە بکەن".

### لێپرسینەوە نییە

کامەران باتاسی، سینەماکاری کورد بە فیلمی "شەوێکی درێژ" بەشداری لە فێستیڤاڵی کان دەکات، بەڵام خۆی ناتوانێت بچێتە فەڕەنسا و ئامادەبێت، ئەو دەڵێت "دەبێت لە ڕێگەی حکومەتەوە پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ فێستیڤاڵەکان دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بەناوی کوردستانەوە بەشدار بین نەوەک بەناوی عێراق".

گوتیشی "بەداخەوە حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری تەنیا پارە بۆ دروستکردنی فیلم خەرج دەکەن، دواتر لە فیلمەکان ناپێچنەوە و تەنیا لای سینەماکارەکە دەمێنێتەوە، دەبێت ئەوان پلان دابنێن و لایەنێکی بەهێز دروستبکرێت بۆ ئەوەی فیلمەکان بۆ فێستیڤاڵەکانی جیهان بنێرێت، ئەو هەوڵەی ئێستا دەدرێت بۆ بەشداریی فیلمی کوردی لە فێستیڤاڵەکان، تەنیا لە ڕێگەی



سینەماکاران خۆیانەوەیە".

شاخەوان مستەفا، سینەماکار و بەڕێوەبەری گشتی سینەمای هەولێریش، پێیوایە کە دەبێ سینەما لەلایەن کەرتی تایبەتەوە پشتگیری بکرێ. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "لە جیهاندا سینەما لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەچێت و پشتگیری دەکرێت، بەڵام لە کوردستان سینەما لەلایەن حکومەتەوە دروستکرا. پێویستە کۆمپانیایەکی تایبەتی سینەما بەچاودێریی وەزارەتی ڕۆشنبیری کاری دابەشکردنی فیلمەکان بکات، لێرە بودجە تەنیا بۆ دروستکردنی فیلم تەرخان دەکرێت، بەڵام بودجەی گرنگ کە پێویستە هەبێت بۆ دوای تەواوبوونی فیلمەکەیە، واتە بۆ دابەشکردنی فیلمەکە".

شاخەوان مستەفا سەبارەت بە پلانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بۆ داهاتوو، بۆ ئەوەی وەک دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ سینەمای کوردی بکرێت، گوتی "لەمەودوا ئێمە بودجە تەنیا بۆ ئەو فیلمانە تەرخان دەکەین کە فیلمی نەتەوەیین و باسی کورد و کوردستان دەکەن. بەشداریی فیلمەکانیش لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان بەناوی کوردستانەوە بەبێ ناوی عێراق، خەونی ئێمەیە و پشتگیریشی دەکەین، بەڵام ئەمە بابەتێکی سیاسییە".

# فیلمەکانی یەکێتی ئەوروپا سلێمانییان سەرسام کرد



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

فیلمەکانی (کاتێک ئێرە بەجێدێڵین.. خەونی یار و مێسیی کەرکووک) کە ناوەڕۆکەکانیان ناخهەژێن بوون، فرمێسکی بە زۆربەی ئەو بینەرانە هەڵڕشت کە ڕۆژانی 10 تاوەکو 16ی ئەم مانگە لە سلێمانی بە دیار پەردەی سپیی سینەماوە دانیشتبوون.

"کاتێ ئێرە بەجێدێڵین" ناونیشانی فیلمێک بوو کە ژنێک و منداڵەکەی بەنێوی (ئۆمەی و جەم) ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەگێڕا. ئەو فیلمە لە دووەم ڕۆژی نمایشی فیلمەکاندا نمایشکراو چیرۆکەکەشی باسی ژنێکی تورک دەکات کە لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، بەڵام ژیانی هاوسەرگیرییەکەی سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە دوای دەستدرێژیکردنە سەری لەلایەن باوک و براکانییەوە، دواجار بڕیاری دا لەگەڵ منداڵەکەی هەڵبێن و رووبکەنە شێڵتەرێکی ژنان، براکەی لەوێش دەیاندۆزێتەوە.

چیرۆکی ئەم فیلمە بەشێوەیەکی زۆر تراژیدی کۆتایی هات کاتێک ئۆمەی و جەم لەبازاڕ بوون، برا بچووکەکەی ئۆمەی، ئەوانی بینی و بەبیانووی قسەکردن لەگەڵیان هەوڵی دا بە دەمانچە ئۆمەی بکوژێ، بەڵام هەر لەوێدا پەشیمان بووەوە. دواتر برا گەورەکەی ڕێی پێگرت و لە بری ئەوەی خوشکەکەی بکوژێ، بە هەڵە خوشکەزاکەی بە چەقۆ کوشت.

تەنیا بیانووی ئەو خێزانە بۆ قبوڵنەکردنەوەی کچەکەیان ئەوە بوو کە ئۆمەی نەیویست لەگەڵ هاوژینەکەیدا بژی و کەسوکاریشی ئەو کارەیان بە "لادان لە دابونەریت" زانی کە لە وڵاتی خۆیاندا (تورکیا) قبوڵکراو نییە.

بەدیار بینینی ئەو فیلمەوە، بەشێک لە ئامادەبووانی هۆڵەکە دەستیان بە گریان کرد. هێمن محەممەد، تەمەن 24 ساڵ کە یەکێک بوو لە ئامادەبووانی فیلمەکە و پێشتریش فیلمەکانی دیکەی بینیوو، گوتی "کارێکی زۆر باشە نمایشکردنی ئەو فیلمە لە سلێمانی، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی کەلتووری لەنێوانماندا دروست ببێت و هەمیش ئاشنا بین بە کەلتووری وڵاتانی دیکە لە ڕێی فیلمەکانیانەوە".

ڕۆژانی 10 تاوەکو 16ی ئەم مانگە بەبۆنەی ڕۆژی یەکێتی ئەوروپا، سلێمانی وەک پایتەختی ڕۆشنبیری باوەشی بۆ 14 فیلمی یەکێتی ئەوروپا کردەوە کە ڕۆژانە دوو فیلم لە ئێواران و شەودا لە هۆڵی ئەمنە سوورەکە بەژێرنووسی کوردییەوە نمایش دەکران. فیلمەکان لەلایەن وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپاوە بەرهەمهێنرابوون لەوانەش: نەمسا، بەلجیکا، قوبرس، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیتاڵیا، لاتیڤیا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، ئیسپانیا، بەریتانیا و ڕۆمانیا.

فیلمی (خەونی یار، مێسیی کەرکووک) کە لە ئیتاڵیا بەرهەمهاتووە، باس لە منداڵێکی کوردی شاری کەرکووک دەکات کە دەیەوێ ببێتە یاریزانێکی جیهانی وەکو لیۆنێل مێسیی ئەرجەنتینی.

ڕۆبێرتۆ ئۆرگۆنێل سینەماکار و دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت، کوردستان خاوەنی مێژوویەکی 5 هەزار ساڵەیە و لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا دەستیکردووە بەگەشەسەندنی کەلتووری، لە ساڵانی داهاتووشدا سینەمای کوردی متمانە بەخۆی دروست دەکات و دێتە ریزی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا.

هاتنی ئەوروپییەکان بۆ نمایشکردنی فیلمەکانیان لە شاری سلێمانی لە ڕێی ڕێکخراوی هیوا فاوندەیشن بوو. پەیوەندیی نێوان ئەم ڕێکخراوە و بەرپرسانی یەکێتی ئەوروپا لەوەوە دروستبووە کە ساڵی ڕابردوو ئەم ڕێکخراوە نمایشی کتێبێکیان کردووە و نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپاش ئامادەی بوون، دواتریش ئەو بەرپرسانە پێشنیازیان بۆ ڕێکخراوەکە کردووە کە لە ڕۆژی یەکێتی ئەوروپادا چەند فیلمێک نمایش بکرێن.

شکار عەتا لە ڕێکخراوی هیوا فاوندەیشن بە (ڕووداو)ی گوت، سەرجەم فیلمەکان لە وڵاتانی خۆیان خەڵاتیان بەدەستهێناوە و فیلمەکانیش لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دیاریکرابوون بۆ نمایشکردن.

لەو 14 فیلمە، نزیکەی 9 فیلمیان کۆمەڵایەتی بوون و ئەوانەی دیکەش دۆکیومێنتەری. شکار عەتا ئاشکرای کرد کە ویستوویانە بە نمایشکردنی ئەو فیلمانە بەتایبەتیش کۆمەڵایەتییەکان، تێکەڵاوبوونێکی کەلتووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەوروپا دروست بکەن.

لەکاتی کردنەوەی فێستیڤاڵەکەدا هونەرمەندان بانگهێشت نەکرابوون، بۆیە هەندێکیان بایکۆتی سەیرکردنی فیلمەکانیان کرد. نیاز نووری، نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان گوتی "ئەوانەی لەکردنەوەی فێستیڤاڵەکەدا بوون کەسانی حکومی و سیاسی بوون، سینەماکارانی کورد بانگهێشت نەکرابوون، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک یەکناگرێتەوە لەگەڵ پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان".

بەڵام بەشێک لە هونەرمەندان کە ڕۆژانە ئامادەی فیلمەکان دەبوون، بەگرنگییەوە باسیان لە فیلمەکان دەکردو بەپێویستیشیان دەزانی کە خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان فیلمەکان ببینن.

هەڵبژاردنی هۆڵی (یەڵماز گۆنای) لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە کە فیلمەکانی تێدا نمایش دەکرا، درێژ و تەسک بوو، شوێنی تەنیا 110 کەسی تێدا دەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی نمایشکردنی فیلمی (کاتێ ئێرە بەجێ دەهێڵین) نزیکەی 40 کەسی تێدا بوو، بەڵام شکار عەتا گوتی تەنیا ئەو ڕۆژە هۆڵەکە خەڵکی کەمی تێدا بووە و تەنانەت ڕۆژی وا هەبووە خەڵک بەپێوە وەستابوون.

ئاتیس سیالیس، کونسوڵی لاتیڤیا لە عێراق کە یەکەمین ڕۆژ ئامادەی بینینی فیلمەکان بوو، پێیوایە کەلتوور و پەیوەندییەکان یەکەمین هەنگاو دروست دەکەن لە کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا و گوتی "نمایشکردنی ئەم فیلمانە بۆ کورد گرنگە، چونکە تاکە کەناڵی ناساندنێتی بەجیهان، هیواخوازیشم لەساڵی داهاتوودا کورد هەنگاوی گرنگ بهاوێ لە فێستیڤاڵی فیلم".



ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18



## 55هەزار کورد لە کەرتی غەززەدا دەژین

**ڕووداو- غەززە**

لە بەدواداچوونێکی (ڕووداو) بۆ ڕەگی مێژوویی نەتەوەکانی فەلەستین دەرکەوتووە کە تەنیا لە کەرتی غەززە 55 هەزار کورد دەژین. دکتۆر خدر کوردی، لێکۆڵەر و ئەکادیمیستی بەرەچەڵەک کورد بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئێمە لەماڵباتێکی کوردین و 200 ساڵ پێش ئێستا فەرماندەیەکی کورد بەناوی موراد لە سەردەمی فەرمانڕەوایی تورکیا هاتووەتە غەززە و لە گوندێکدا بەناوی نەجەد گیرساوەتەوە، کە زۆر لە وڵاتەکەی خۆی چووە، پاشان لە غەززەدا ماوەتەوە و وەچەی ناوەتەوە، ئێمەش نەوەی نەوەکانی ئەوین".

# شێوەکارێکی کورد ئازایەتیی ژنانی کورد بە جیهاندا دەگێڕێ

**ڕووداو- لۆس ئانجلس**

لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک هونەرمەند زوهدی سەردار بەرەو ناوبانگی جیهانی هەنگاوی نا، بەهۆی زنجیرە کارێکی بوو لەسەر ئافرەتی کورد و جوانییان. دوای چەندین ساڵ، ئێستا هەمان کار تازە دەکاتەوە، بەڵام لە فۆرمێکی نوێدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجێکی نوێ. کاری ئەمجارەی هونەرمەند زوهدی لەسەر ڕۆڵی ئافرەتی کوردە وەکو جەنگاوەر.

زوهدی لە گالەری 800 لە لۆس ئانجلس کە زنجیرە کارەکانی لە نمایشدان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هۆکاری نوێکردنەوەی ئەم کارە دەرکەوتنی ئافرەتی کوردە وەکو جەنگاوەری ئازادی و وێنای ئەوان وەکو جەنگاوەر لە میدیاکاندا". ئەو هەروەها دەڵێ "دەمەوێت لایەنێکی دیکەی ئافرەتی کورد لەگەڵ جوانییە ئەفسانەییەکەیان نیشان بدەم".

لە شەڕی دژی داعشدا، جەنگاوەرانی ئافرەت لە ڕیزی پێشەوەی شەڕدان. بەتایبەتی لە سووریا، لەو شوێنەی کە شەڕڤانانی ئافرەتی کورد باڵی سەربازیی تایبەت بە خۆیان هەیە.

زنجیرە کارەکانی سەردار کە لە یەکەم نمایشدا لە بەغدا هەموو فرۆشران، لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە چیرۆکەکدا باس لەوە دەکرێت کە جوانیی ژنانی کورد لە کوێوە و چۆن هاتووە.

بەپێی چیرۆکەکە، پاشایەک لە کوردستان داوای لە دارودەستەکەی کردووە بگەڕێن بە دوای جوانترین ژنی ئاسیا و ئەورووپادا بۆ ئەوەی بیانخوازێت. بەڵام دوای چەندین ساڵ کە پیاوەکانی پاشا دەگەڕێنەوە، دەبینن پاشاکەیان مردووە. ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان هێنابوو، دواتر خۆیان دەکەونە دوای خۆشەویستیی ئافرەتەکانەوە و لە خۆیانیان مارە دەکەن و لە ناوچەی باڵەکیان کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر نیشتەجێ دەبن. ئافرەتانی باڵەکیان هەمیشە بە چاوی گەورە و گەردندرێژ ناسراون.

"ئەمە یەکەم ئەزموونی من بوو لەگەڵ جوانیی ئەفسانەیی ئافرەتی کورد. جێگەی خۆشحاڵییەکی زۆرە کە توانیم ئەو ئەفسانەیە وێنا بکەم". سەردار هەروەها دەڵێت "تابلۆکانی من یەکەمجار لە بەغدا نمایش کران. هەموو پارچەکان لەوێ فرۆشران. دواتر هونەرەکەم هاوکاریی کردم تاوەکو بۆ ئەودیوی سنوورەکانی کوردستان گەشت بکەم. خۆشبەختانە لە ساڵی 1967 توانیم نمایشێک لە پاریس بکەم کە د.کامەران بەدرخان سپۆنسەری ئەو نمایشەم بوو".

حەزی هونەردۆستان بۆ کارەکانی زوهدی، وای کردووە کە هەموو جارێک لە هەموو نمایشێکدا هەموو تابلۆکانی بفرۆشرێن. ئەمەش دواجار لە ساڵی 1969 سەرداری بەرەو





کالیفۆرنیا ڕاکێشا. لەوێ لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ئێن بی سی، وەکو هونەرمەندی نیگارکێشی سروشتی دەستی بەکار کرد.

زنجیرە کاری ئافرەتانی کورد بە تێپەڕینی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. سەرەتا بە تابلۆی ڕۆنی و لمی دەستی پێکرد. دواتر کاتێک کە لە سکینی ئارت گالەری لە لۆس ئانجلس لە ساڵی 1973 نمایشکرا، گۆڕا بۆ ئابستراکت، بە کانڤاسی تیژ-کەنار کێشران.

بەڵام زنجیرە تازەکەی ئەمجارە ئافرەتە ئایکۆنیەکان گەورە دەکات و ڕەنگی گەشتری تێدا بەکارهاتووە و لەسەر کانڤاس و تەختە نەخشێنراون.

زوهدی سەردار لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 1963 پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی لە بەغدا تەواوکردووە، دواتر وەکو مامۆستای هونەر لە شەقڵاوە دەستبەکار بووە. زوهدی لە کۆتایی شەستەکانەوە لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا دەژیت و وەکو شێوەکارێک لەگەڵ کەناڵی NBC کار دەکات.

ئەو هەرچەندە پتر لە نیو سەدەیە لە هەندەران دەژی، بەڵام خۆشحاڵە بەوەی کە توانیویەتی ڕەسەنایەتی کوردیی خۆی بپارێزێ "هەرچەندە لە تۆڕێکی گەورەیی ئەمریکی دەستم بەکار کرد، بەڵام بەردەوام بووم لەسەر پاراستنی ڕەسەنایەتی نەتەوە و کەلتووری کوردی، وەکو لە گالەری و نمایشەکانمدا دەبینرێت. کوردایەتی ئەو هێزەیە کە وەکو بۆماوە لە کارەکانمدا ڕەنگ دەدەنەوە".

هەرچەندە ئەو سەرکەوتنی جیهانیی بەدەستهێناوە، بەڵام هێشتا خەمباری دۆخی هونەری کوردییە "بەهۆی پشێویی سیاسی و جێگۆڕکێی کوردەوە، هونەری کوردی زیندانی کراوە".


هەرچەندە ئەو لیستێکی نمایش و گالەری لە لۆس ئانجلس هەیە، بەڵام خوازیارە کارەکانی ببات بۆ ئەو شوێنەی کە خاوەنی کارەکانین، مەبەستی شاری سلێمانییە. ئەو شارەی کە لە دڵی کەلتووری کوردیدایە. ئەو شارەی کە زۆر هونەرمەند و هۆزانڤانی لێ پەیدابووە و کاریگەرییان لەسەر هونەری مۆدێرنی کوردی هەبووە.

کەوابێت، چی وای لە سەردار کرد ببێتە هونەرمەند؟ "من نیگاری ژیان دەکێشم، هەر بەو شێوەیەی کە ژیاوم و خەیاڵم کردووە لەم جیهانە. من نیگار دەکێشم تاوەکو ئێستا و ڕابردوو پێکەوە ببەستمەوە. بۆ ئەوەی خاکی خۆم و خاکەکانی دیکە تەنانەت هەسارەکانی تریش پێکەوە گرێ بدەم. نیگار دەکێشم بۆ ئەوەی بۆ دواوە بڕوانم و بۆ پێشەوە سەیر بکەم لە مەسەلەی خەباتی ئازادی کورد دا".

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم هونەرمەندە، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:
http://www.zuhdisardar.com

## دانیمارک..

# فڕۆکەوانێکی کورد خەون بەئاسمانی کوردستانەوە دەبینێ



**دەنیز سەرنجی**
**ڕووداو- کۆپنهاگن**

هەر لە هەرەتی لاوییەوە شکار مەهدی خەونی بە فڕینەوە بینیوە. ئەم خەونەی کاتێک هاتەدی کە بڕوانامەی فڕۆکەوانی لە دانیمارک وەرگرت. ئێستا شکار حەز دەکات ڕۆژێک بێت و لە زێدی باوانی، فڕۆکەوانی بکاتە پیشەی خۆی.

شکار لە تەمەنی 17 ساڵییەوە نیشتەجێی کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارکە. ئەو دەڵێت "شانازییەکی گەورەیە بۆ من کە بتوانم لەڕێگەی هێڵی زاگرۆس جێتەوە خزمەتی وڵاتەکەم بکەم، بەڵام خەونی گەورەی من ئەوەیە ببمە فڕۆکەوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان".

شکار لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکاندا لەگەڵ خێزانەکەی کۆچیان کردووە بۆ دانیمارک. هەر لە سلێمانییەوە فێری زمانی ئینگلیزی بووبوو، بەڵام دەڵێت شارەزانەبوون لە زمانی دانیمارکی کێشەی زۆری بۆ دروستکردووە ئەوکاتەی لە قوتابخانە بووە.

شکار بیری دێتەوە و دەڵێت "هەوڵێکی زۆرم دا بۆئەوەی زوو دانیمارکی فێرببم، چونکە وام هەست دەکرد کە لە پاشەوەی هاوپۆلەکانم. بە ژێرنووسی دانیمارکییەوە سەیری فیلمی ئەمریکیم دەکرد و لە قوتابخانە دوو وانەی دیکەشم وەرگرت".

بەڵام قوتابخانە لە دانیمارک هیچی لەوەی وڵاتەکەی خۆی نەدەکرد، ئەوەش بۆ شکار وەک شۆکێک وا بوو، ئەو دەڵێت "بۆ نموونە لێرە قوتابی بۆیان هەبوو بنێشت بجوون و پێیان بەسەر مێزدا ڕابکێشن. زۆر خێرا بۆم دەرکەوت ئازادی لێرە چۆن خۆی دەنوێنێ و پێوەندیی قوتابی و مامۆستا چەند جیاوازە".

ئەگەرچی شکار لە زیرەکەکانی پۆلەکەی خۆی بووە لە کوردستان، بەڵام هێشتا لە مامۆستاکانی دەترسا و جارێک کە درەنگ گەیشتووەتە پۆل لە سلێمانی، مامۆستا بێ یەک و دوو دارکاریی کردووە.

حەز بۆ فڕین هەر خێرا لە شکاردا سەری هەڵداوە. ئەو دەڵێت "بیرم دێت کاتێک فڕۆکەی عێراقیم بە ئاسمانی سلێمانییەوە دەبینی، بە تاسەوە سەیرم دەکرد و خەونم بەوەوە دەبینی منیش ڕۆژێک ببمە فڕۆکەوان".

شکار حەزێکی زۆری بۆ خوێندنی فڕۆکەوانی لە ئەکادیمیای فڕۆکەوانیی دانیمارک هەبووە و چوار ساڵ خوێندنی بە دوو ساڵ کۆتایی پێهێناوە. دیارە ئەوەی لەو ناوەدا بۆ شکار قورس بووە، دووریی کەسوکار و دۆست و ئاشنای زێدی باپیرانی بووە.

شکار حەزی دەکرد ببێتە فڕۆکەوانی فڕۆکەی جەنگی، بەڵام هێڵی بازرگانیی هەڵبژارد، چونکە دەیزانی وەرگرتن بۆ یەکەی ئاسمانیی دانیمارک زۆر قورسە و پێشبڕکێی لەسەرە.

ئەو کە بە نیگەرانییەوە لە شەڕی داعش دەڕوانێت، دەڵێت "بەڵام ئەگەر وڵاتەکەم پێویستی بە فڕۆکەوانێکی شەڕڤان هەبێ ئەوە من لە خزمەتدام".

شکار دەڵێت "ئێستا پێشمەرگە وڵات دەپارێزن. بەڵام خۆ ئێمە هەمووومان ناتوانین پێشمەرگە بین. من دەتوانم بە شێوازێکی دیکە خزمەتی وڵاتەکەم بکەم".

شکار بە هۆی جەنگەوە نیگەرانی خزمەکانیەتی و دەڵێت "بەڵام خۆ ئەگەر خزمەکانم لەوێش نەبن، هێشتا بە لەدەستدانی هاونیشتمانیانم، لێرەوە خەم دامدەگرێت".

# کوردێکی ئوسترالی سەلاحەددین ئەیوبی دەکاتە فیلم




**ئەلێکساندرا دی ستێفانۆ پرۆنتی**
**ڕووداو- بارسیلۆنە**

بۆ حەسەن سونبولی کە کوردێکی پەنابەری ئوسترالیایە، تەواوکردنی فیلمێک هێنانەدی خەونی منداڵییەتی. فیلمەکەی حەسەن بەناوی "سوڵتان و شاکان" ئێستا ئامادەیە بۆ نمایش، ئەوەش دوای ئەوەی کە کاری پۆست پرۆدەکشنی لە مانگی ئاداری ڕابردوودا کۆتایی هات.

سونبولی، ساڵی 1970 لە شاری مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 20 کورتە فیلم و فیلمی بەڵگەییم دەرهێناوە، بەڵام فیلمی سوڵتان و شاکان یەکەم فیلمی فیچەری سەربەخۆیە کە لە ئوستراليا بەرهەمم هێنابێت."

ئەو فیلمە 77 خولەکیە کە بە زمانی ئینگلیزییە، سونبولی خۆی نووسیویەتی و بەرهەمی هێناوە و کاری دەرهێنانەکەشی هەر خۆی کردوویەتی. ئەو کارە کوردییە ئوسترالیە، لەلایەن خوێندنگەی فیلمی گریفس لە بریسبەین لە ئوستراليا کارئاسانی بۆ کراوە و هەر ئەو خوێندنگەیەش سپۆنسەری فیلمەکەیە.

فیلمەکە چیرۆکی یوسف دەگێڕێتەوە. یوسف دەرهێنەرێکی فریلانسە و لە ژێرزەمینی ماڵەکەی خۆیاندا سندووقێکی بچووک دەدۆزێتەوە. سندووقەکە چەند دۆکیۆمێنتێکی تێدایە کە دەیسەلمێنن ئەو خزمی سەلاحەدین ئەیوبییە. ئەو کەسایەتییە پاڵەوانەی کە شاری ئۆرشەلیمی لە دەستی خاچهەڵگران دەرهێنا.

سەرکێشییەکانی چیرۆکەکە لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە دۆزینەوەکەی یوسف سەرنجی گرووپێکی تیرۆریستی بۆخۆی ڕادەکێشێ. سونبولی دەڵێت فیلمەکەی بەشێکی مێژووییە، بەشێکی دۆکۆدرامایە و بەشێکی میوزیکاڵە.

لە ڕێگەی ئاماژەدان بە کەسایەتیە مێژووییەکانەوە، وەکو سەلاحەدین و شا ریچاردی شێردڵ، سونبولی باس لە بارودۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بە کێشەی تیرۆریزمیشەوە کە ئەمڕۆ ناوچەکە و جیهانی گرتووەتەوە. ئەو دژبەری نێوان ئاین و لیبراڵیزمی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان نیشاندەدات.

"نزیکەی دوو ساڵ کارم لەسەر ئەم فیلمە کردووە". سونبولی وا دەڵێت، ئەو بۆ خۆشی بەشێکی لە کاستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای فیلمەکەیە. بە منداڵی لە مهاباد، لە ڕێگەی کاری نواندنەوە، سونبولی خولیای فلیمسازی بووە "لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە حەزم لە فیلم و فیلمسازی بووە. لەبەرئەوە لە شانۆیەکی بچووکی شاردا، دەستم بە کاری نواندن کرد. ئەو شارەی ئێمە تەنیا ئەو شانۆیەی تێدابوو، کاری نواندنەکەش لە ڕێگەی کتێبخانەی شارەوە بوو".


سونبولی وەبیری دێتەوە "لەو کاتەدا، پێموابوو فیلمەکان لەلایەن ئاکتەرەکان خۆیانەوە دروست دەکرێن، لەبەرئەوە بوو دەستم بە کاری نواندن کرد".

پێش ئەوەی کە هیچ خوێندن و ڕاهێنانێک لەسەر فیلم دروستکردن وەربگرێت، سونبولی کورتە فیلمێکی دروستکرد. ئەوەش لە ڕێگەی کامێرای فۆتۆگرافەرێکی هاوڕێیەوە. سونبولی بیری دێتەوە "کە ئەو فیلمە کورتە لە فیستڤاڵێکی فیلمدا وەرگیرا. ئەوەش یەکەم کارم بوو کە بگاتە فێستیڤاڵێک".

کاتێک کە کۆمەڵەی لاوانی سینەمای ئێرانی لە شارەکەیدا کرایەوە، سونبولی یەکەم کەس بوو بووە ئەندامی کۆمەڵەکە. دەستی بە خوێندنی فیلمسازی و فۆتۆگرافی کرد. دواتر خەڵاتی لە هەردوو بوارەکەدا مسۆگەرکرد و هەروەها لەسەر نووسینی سکرێپت بەردەوام بوو. سونبولی بەرەو ئوسترالیا کۆچی کرد بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەستپێبکات. لەوێ بڕیاری دا بەشێوەیەکی ئەکادیمی سینەما بخوێنێ.

بۆ ماستەرنامەکەی کە بە پلەی نایاب وەرگیرا، فیلمێکی 14 خولەکی بەناوی "پاوانە" کە دەربارەی کچێکە لە هەڵەبجە، دروست کرد "ئێستا وا چوار ساڵە بۆ دکتۆرا دەخوێنم، کە بڕیارە بەمزووانە تەواو بم".

یەکەمجار فیلمێکی دۆکۆدرامای 14 خولەکی بەناوی "ژنێک بە کامێرایەکی دیجیتاڵەوە" دروستکرد و ئێستاش چاوەڕێی فیلمی سوڵتان و شاکانە، بۆ ئەوەی نمایش بکرێ.




Empire
Building the Future World

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com


کۆمپانیای ستار بۆ دڵنیاکردن
ڕێگا خۆش دەکا بەرەو ئاسۆیەکی گەش
Star Insurance Co.
Kurdistan pioneer Insurance Company
شركة ستار للتأمين
طريقكم للشعور بالراحة والأطمئنان
نحن نحمل همومكم المالية على عاتقنا
Kurdistan Rigion - Iraq
Erbil \ Gulan Str. Ster Tower Building
Second floor
www.sic-iq.com
info@sic-iq.com
Mob.0750 461 79 77 - Tel.:066 224 46 41


شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە

ڕووداو ژنان
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18

## لە سلێمانی کچێک سزا دەدرێت



**ڕووداو– سلێمانی**

بە تاوانی کێشانی مادەی هۆشبەر، دادگای تاوانەکانی سلێمانی کچێکی تەمەن 26 ساڵانی بە شەش مانگ گرتن و بڕێک غەرامە سزا دا. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ئاسایشی سلێمانی کە کۆپییەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، تێیدا هاتووە "هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی ڕۆژی 2015/4/3 کچێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی (س.م.ع) بەپێی ماددەی (14 / دووەم )ی مخەدەرات، لە شاری سلێمانی دەستگیرکردووە کە ئاڵوودە بووبوو بە مادەی هۆشبەر". هەر بەپێی ڕاگەیەنراوەکە "ئەم کچە ڕۆژی 2015/5/13 لەلایەن دادگای تاوانەکانی سلێمانی بە شەش مانگ بەندکردن و 450 هەزار دینار غەرامەکردن سزا درا".

بە هاوکاریی کچەکەی خۆی

# پیرەژنێک بە بلۆک دەکوژرێ و دواتر دەسووتێنرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– کەرکووک**

بە پێچەوانەی هەموو پێشبینییەکانەوە، دواجار نائیلە بەدەستی کچەکەی خۆی و خۆشەویستی کچەکەی بە بلۆک کوژرا و پاشانیش سووتێنرا. هەرچەندە کچەکەی دانی بەوەدا ناوە کە بەو شێوەیە دایکی خۆی کوشتووە، بەڵام خۆشەویستەکەی ڕەتیدەکاتەوە.

پێدەچێت تاوانی کوشتنی پیرەژنێکی وەکو نائیلە، هەرگیز لە بیری کەرکووکییەکان نەچێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژراوە و پاشانیش سووتێنراوە، هەروەها کچەکەی بەشێک بووە لە پیلانی کوشتنەکە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2015/5/1 ژنێکی تەمەن 64 ساڵ بەناوی نائیلە خدر ئیسماعیل، دانیشتووی گەڕەکی ئەڵماس لە کەرکووک، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن کچەکەی و کوڕێکەوە کە دەگوترێ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵدا هەبووە، بە بلۆک کوژرا و پاشانیش سووتێنرا. هەرچی پارە و ئاڵتوونی ماڵەکەشە لەلایەن کوڕەکەوە دزراوە. دوای تێپەڕبوونی 10 ڕۆژ بەسەر تاوانەکەدا کچەکە و کوڕەکە لەلایەن پۆلیسی کەرکووکەوە دەستگیرکران.

عەرەب ئیسماعیل، 70 ساڵ کە مێردی نائیلەیە، مووی سپی سەر و ریشی بەتەواوی داپۆشیوە، بەو تەمەنەشەوە پاسەوانی یەکێک لە مارکێتەکانی نزیک ماڵی خۆیانە. ئەو زۆر خەمبارە بە لەدەستدانی ژنەکەی و دەڵێت ئەو بەیانییەی ڕووداوەکە ڕوویداوە ئەو هێشتا هەر لەسەر کار بووە "کچەکەم بە ڕاکردن هات بۆ لام و گوتی دایکم بەهۆی تەقینی غازەوە سووتاوە".

کاتێک مام عارەب گەیشتووەتە ماڵەوە، هێشتا ئاگر لە جەستەی بێ گیانی نائیلە بەرز دەبووەوە.

مام عارەب گوتی "ئەو کەسە بۆ دزیکردن هاتبووە ماڵەکەمان، پەلاماری نائیلەی داوە، پاشان هەڕەشەی لە کچەکەم کردووە تاوەکو یارمەتی بدات، ئەگەرنا دەیکوژێ".

بەپێی قسەی مام عارەب، ئەو گەنجە سەرەتا بلۆکێکی کێشاوە بە ملی نائیلەدا، دواتر ڕایکێشاوەتە گەرماوەکە، لەوێش دیسان بلۆکێکی دیکەی کێشاوە بە سەریدا و گیانی لەدەستداوە، پاشان داوای لە کچەکەی کردووە نەوتی بۆ بهێنێ و پێکەوە سووتاندوویانە.



### ئەو پیاوەی چۆن ناسی؟

کچەکەی مام عارەب کە تەمەنی 40 ساڵە، هاوژینەکەی لە شەڕی کوێت لە ساڵی 1991 کوژراوە و منداڵێکی کەمئەندامی هەیە. مام عارەب باسی پەیوەندی نێوان ئەو کوڕە و کچەکەی خۆی کرد و گوتی "ماوەی ساڵێکە ماڵمان هاتووەتە ئەو گەڕەکە، نائیلە و کچەکەم بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوەمان دەچوونە دووکانێکی نزیک ماڵمان، ئەو کوڕەش لەوێ کاری دەکرد، ئیدی لەو ڕێگەیەوە ئەو کوڕەیان ناسیوە و کوڕەکەش خۆی لە کچەکەم و دایکی نزیک کردووەتەوە و پێیگوتوون پێویستتان بە هەر شتێک هەبوو پێمبڵێن، هاوکاریتان دەکەم. هەر لەو ڕێگەیەوە ژمارە تەلەفۆنی ماڵەوەی وەرگرتووە".

بەگوتەی مام عارەب، ئەو کوڕە هەستی کردووە کە ئەوان پارە و ئاڵتوونیان هەیە، بۆیە چەندین جار هەڕەشەی لە کچەکەی کردووە کە دەبێت پارەی پێبدات و ئەویش پێیداوە. مام عارەب گوتی "پێشتریش دەمزانی ئەو پیاوە پارەی لێوەردەگرێ و هەڕەشەم لێکرد کە پارەی نەداتێ، بەڵام لەبەر شەرەفی خۆم نەمویست پیاوەکە بدەمە دەست پۆلیس".

### ئاشکرابوونی تاوانەکە

کچەکەی مام عارەب سەرەتا هەر گوتوویەتی دایکی سووتاوە، بەڵام بە گوشاری خێزانەکەی، قسەی گۆڕیوە و گوتوویەتی دز هاتووەتە سەرمان. لەکاتی پرسەکەشدا ئەو پیاوە چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ ماڵی مام عارەب کردووە و ئەوانیش گومانیان لا دروستبووە، کاتێکیش لە کچەیان پرسیوە ئەو کەسە کێیە ئەوەندە تەلەفۆن دەکات، نهێنییەکەی ئاشکرا کردووە و گوتوویەتی ئەوە ئەو پیاوەیە کە دزییەکەی لێکردین.

مام عارەب گوتی "بۆ دڵنیابوونی زیاترمان لەوەی ئەو پیاوە بووە، ئێوارەیەک لە ماڵەوە پلانێکمان بۆ داڕشت و بەکچەکەمان گوت پێی بڵێ وەرە پارەم بۆ داناویت، بۆیە ئەویش هات و یەکسەر دەستگیرمان کرد".

بەقسەی مام عارەب، ئەو کوڕە ئەو بەیانییەی لەگەڵ کچەکە تاوانەکەی کردووە، بڕی 1000 دۆلار و ملیۆنێک و 300 هەزار دینار و بڕێک ئاڵتوون کە لە ماڵەکەیاندا بووە، لەگەڵ خۆی بردووە. هەتاوەکو ئێستاش نزیکەی 14 ملیۆن دیناری لە کچەکەیان سەندووە.

### "پەیوەندییان هەبووە"

هەرچەندە مام عارەب ڕەتیکردەوە کچەکەی و ئەو پیاوە پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام پۆلیس قسەیەکی دیکە دەکات. لیوا تۆرهان عەبدولڕەحمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کچی ژنە کوژراوەکە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دانی بەوەدا ناوە کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەبووە و پێکەوەش نائیلەیان کوشتووە، بەڵام کوڕەکە نکۆڵی لەوە دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ کچەکە هەبووبێت و تەنانەت نکۆڵی لە تاوانەکەش دەکات".

لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا وا بڵاوبووەتەوە کە ئەو کچ و کوڕە پەیوەندییان هەبووە، بەڵام دایکی کچەکە ڕێگری لێکردوون، هەر بۆیەش کوشتوویانە. مام عارەب ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و گوتی "کچەکەم و ئەو پیاوە هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا نەبووە. بۆیەش سکاڵامان لە دژی تۆمار کرد، چونکە ئەویش بەشدار بووە لە تاوانەکە". گوتیشی "بەهیچ شێوەیەک لێیان خۆش نابم، دەبێت پیاوەکە لە سێدارە بدرێ و کچەکەشم سزا بدرێ".

---

# شێرپەنجە نەیتوانی ڕێ لە بەیەکگەیشتنیان بگرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**



(د.ن) تازە لە وەرگرتنی چارەسەری تەواو بووبوو، بە مەبەستی وەرگرتنی پشوویەک لەسەر یەکێک لە قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانەی هیوا لە شاری سلێمانی پاڵکەوتبوو. مێردەکەی هەرچەندە پێشتر زانیبووی کە (د) نەخۆشیی شێرپەنجەی هەیە، بەڵام لە خواستنی پەشیمان نەبووەوە.

(د.ن) ژنێکی تەمەن 24 ساڵە، زیاتر لە سێ ساڵە تووشی شێرپەنجە بووە، لەو کاتەشەوە تاوەکو ئێستا مانگانە چەند جارێک بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی دەبرێتە نەخۆشخانەی هیوا. (د) شووی بە پیاوێک کردووە کە دوو ساڵ لە خۆی گەورەترە و دانیشتووی شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیەن.

ئەو ژن و پیاوە لە ئاهەنگێکی خێزانیدا یەکدییان ناسیوە، هەر ئەو ناسینە سەردەکێشێ بۆ پەیوەندی خۆشەویستی. سەرەڕای ئەوەی ژنەکە نەخۆشیی شێرپەنجەی هەبووە، بەڵام ئەو کوڕە گوێی ناداتێ و دەیکاتە هاوژینی خۆی.

(ع.ل) مێردی (د) گوتی، لەو کاتەی پەیوەندی خۆشەویستییان هەبوو، زانیویەتی (د) نەشتەرگەریی کردووە بۆ دەرهێنانی گرێیەک لەژێر باڵی چەپی، بەڵام نەیانزانیوە ئەو نەشتەرگەرییە دەبێتە سەرەتای نەخۆشییەکی کوشندە و ڕەنگە چارەسەربوونیشی ئەستەم بێت.

ئەو پیاوە لەنێو حەوشەی نەخۆشخانەی هیوا چیرۆکی ژیانی خۆیانی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "کاتێک ئەو ژنەم مارە بڕی، دەمزانی نەخۆشە و نەشتەرگەری کردووە، بەڵام دواتر ڕەوشی تەندروستی خراپتر بوو، کاتێکیش بردمانە نەخۆشخانەی هیوا، هەروەکو پێشبینیم کردبوو، دەرکەوت شێرپەنجەی هەیە".

ئەم خێزانە نزیکەی دوو ساڵە، ژیانێکی ناخۆش بەسەردەبەن، لە ماوەی مانگێکدا دەبێ چەند جارێک بچنە نەخۆشخانەی هیوا بۆ وەرگرتنی چارەسەری، بەڵام (ع) جگە لەوەی هیچ دەردەدڵییەک بۆ ئەو نەخۆشی و هاتن وچوونە دەرنابڕێ، بەڵکو ژنەکەی زیاتر خۆشدەوێت.

(ع) هەر سێ ڕۆژ دوای مارەبڕینی (د) تەواو دڵنیا دەبێتەوە کە خۆشەویستەکەی شێرپەنجەی هەیە، بەڵام دەستبەداری نەبووە و ئێستاش دەستبەرداری نابێت "ڕاستە خێزانەکەم نەخۆشە، بەڵام هیچ کات ئەو نەخۆشییە نەبووەتە مایەی تێکچوونی شێرازەی ژیانمان، بەڵکو زیاتر یەکدیمان خۆشدەوێ".

ئەو پیاوە سەرەتا مەسەلەکەی لە ماڵی باوکی خۆی شاردووەتەوە بەوهیوایەی هەرچۆنێک بێت چارەسەری هەبێت، بەڵام دواتر ئەو نهێنییەی لا ئاشکرا کردوون، ئەوانیش بەئاسایی وەریانگرتووە و گوتوویانە "هەر شتێک لای خوای گەورەوە بێت پێی ڕازین".

ماڵی باوکی ژنەکەشی پێیانگوتووە ئەگەر پەشیمانە لە خواستنی ئەو کچە، ئەوا دەتوانێ لێی جیاببێتەوە، بەڵام دیسانەوە ئەو پیاوە ئامادە نەبووە دەستبەرداری ببێت.

### بێ هیوا نەبووە

(د.ن) تازە چارەسەری پزیشکی وەرگرتبوو، بۆیە بەباشی نەیدەتوانی قسە بکات، بەڵام بەدەنگێکی کزەوە هیوای دەخواست چاک ببێتەوە.

(د) بە بینینی (ع) تاڕادەیەکی زۆر ڕووی گەشایەوە. (ع) دەیگوت "هەر کاتێک من دەبینێ زۆر دڵخۆش دەبێت، بۆیە ناتوانم هیچ کاتێک جێی بێڵم".

ئەو ژنە تاوەکو دوو مانگ لەمەوبەریش توانیویەتی بەپێیەکانی خۆی هەنگاو بنێت و جارجارەش (ع) بۆ گۆڕینی کەشوهەوا، بردوویەتیە دەرەوە، بەڵام وەک (ع) گوتی "ئێستا ناتوانێت بەپێ بڕوات، سوپاس بۆ کەسوکاری هەردوولامان زۆر باشن بۆی و هەمیشە خزمەتی دەکەن".

سەرباری ئەو نەخۆشییە، بەڵام ئەو پیاوە هیچ کاتێک بیری لە ژنهێنان نەکردۆتەوە و چاوەڕێی باشبوونی تەندروستی ژنەکەیەتی. سەبارەت بەوەی ئەگەر ژنەکەی کۆچی دوایی بکات، ئەو چی دەکات! بە نیگەرانییەوە گوتی "خوا نەکات ئەو ڕۆژە بێت، بەڵام ئەگەر ئەو ڕۆژەش هات زۆر نیگەران دەبم، چونکە هاوژینەکەم زۆر سادە و دڵپاک و ڕاستگۆیە".

ئەم ژن و مێردە، دوای ئەوەی دەبنە هاوژین، خەونی هەرە لە پێشیان منداڵبوون بووە، بەڵام شێرپەنجە هەموو خەونەکانی پووچ کردنەوە. (ع) گوتی "زۆر حەزمان لەمنداڵ بوو، بەتایبەتیش خێزانەکەم شێتی منداڵ بوو، بەڵام ئیدی نەخۆشی و دەرمان ئەو خەونەی لەبیر بردینەوە".

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرجار هاوژینەکان لەسەر ئیشوکاری ڕۆژانەیان تووشی دەمەبۆڵە و گرفت دەبن، زۆرجاریش ئەو گرفتانە باڵ دەکێشن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و تەنانەت جیابوونەوەش. (ع) داواکارە لەو خێزانانەی کە هیچ نەخۆشییەکیان نییە ژیان لەخۆیان تێک نەدەن و گوتی "دڵنیام ئەگەر وەکو منیان بەسەربێ، ئەو کاتە ڕێزی بەرامبەر دەزانن".

---

# لەپێش چاوی مێردەکەی خۆی سووتاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– ڕاپەڕین**

ژنێکی دانیشتووی ناحیەی شکارتەی سەر بەقەزای ڕانیە بە بەرچاوی مێردەکەیەوە ئاگر لە خۆی بەردەدات و دواتر گیان لەدەست دەدات، پۆلیسیش بە بڕیاری دادوەر مێردی ژنەکە دەستگیر دەکات.

ڕۆژی 2015/5/11 ژنێکی تەمەن 35 ساڵ، بەناوی بەفرین سەلام کە دایکی 9 منداڵ بوو، بە بەرچاوی مێردەکەیەوە نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا. بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی، ڕۆژێک دواتر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی سپارد.

بەپێی قسەی کەسوکارەکەی، بەفرین کاتی خۆی گەورە بە بچووکی پێکراوە و مێردەکەشی ساڵێک لەمەوبەر ژنێکی دیکەی بەسەرهێناوە، بەو هۆیەشەوە بەردەوام کێشە لە نێوانیاندا هەبووە.

موزەفەر سەلام، برای بەفرین کە کاتی خۆی بن پشکێکی (گەورە بە بچووک) لە بەرامبەر شووکردنی بەفرین پێدراوە، باسی خۆسووتاندنی خوشکەکەی کرد و گوتی "مێردی بەفرین ساڵێکە ژنێکی دیکەی هێناوە، کێشە لە نێوانیان دروستبوو تا دواجار خوشکەکەم خۆی سووتاند".

کەسوکاری بەفرین ئاگاداری کێشەی ئەم دواییەی بوون لەگەڵ مێردەکەی، ویستوویانە چارەسەری بکەن، بەڵام کەسوکاری مێردی بەفرین داوایان لێکردوون دەست وەرنەدەنە کێشەکەیان و خۆیان ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەن.

موزەفەر گوتی "مێردی خوشکەکەم زۆر خراپ بوو لەگەڵ ژن و منداڵەکانی، تەنانەت دوایین جار بەفرین و منداڵێکی نەخۆش کەوتوون، لەبەری پاڕاونەتەوە بیانبات بۆ لای پزیشک، بەڵام نەیبردوون، بەو هۆیەشەوە شەڕە قسە لە نێوانیان دروستبووە، بەفرین دەبەیەک نەوتی هێناوە و گوتوویەتی خۆم دەسووتێنم، ئەویش گاڵتەی پێهاتووە و پێیگوتووە دەتەوێ بمترسێنی! ئەگەر دەتەوێت خۆت بسووتێنی، منیش دەچم دەبەیەک نەوتت بۆ دێنم.

موزەفەر گوتی "خوشکەکەم لە داخی مێردەکەی هەر بە بەرچاوی ئەوەوە نەوتەکەی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، مێردەکەی ویستبووی بیکوژێنێتەوە، بەو هۆیەشەوە هەردوو دەستی سووتاون".

بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، بەفرین نزیکەی 80%ی جەستەی سووتابوو، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە، هەر بۆیە ڕۆژێک دوای خۆسووتاندنی، مرد.

موزەفەر گوتی ئەوان لە خوێنی خوشکەکەیان خۆش نابن و دوای تەواوبوونی پرسەی خوشکەکەی، سکاڵا لەسەر مێردی بەفرین تۆمار دەکەن.



کەسوکاری مێردی بەفرین نکۆڵی لەوە ناکەن کە ئەو ژن و مێردە کێشە لە نێوانیاندا هەبووە، هەروەها دەیانزانی کە بەفرین خۆی دەسووتێنێ، بۆیە داوایان لە کەسوکاری کردبوو بیبەنەوە لای خۆیان.

تاڵب عەلی کە برای مێردی بەفرینە بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە برا و براژنەکەم کێشەیان هەبوو. شەوی ڕووداوەکەش براکەم دووجار هەواڵی بۆ ماڵی باوکی بەفرین ناردووە کە بێن بیبەنەوە، چونکە هەڕەشەی خۆسووتاندن دەکات". گوتیشی "ئەوە ڕاست نییە کە براکەم هانی براژنەکەمی دابێ خۆی بسووتێنێ، تەنانەت لە کاتی ڕووداوەکە زۆر هەوڵی دابوو بیکوژێنێتەوە، بەو هۆیەشەوە دەست و دەم و چاو و بەشێک لە سکی سووتابوو".

سەبارەت بە کێشەی بەفرین لەگەڵ هەوێیەکەی، تاڵب گوتی "نازانم کێشەیان هەبووە یان نا، ئەوان هەر یەکەیان ماڵی جیاجیان هەبووە و براکەم بە جیا خەرجی کێشاون".

ڕائید مستەفا محەممەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ژنە لە داخی مێردەکەی خۆی سووتاندووە، بۆیە پۆلیس بە بڕیاری دادوەر بەپێی مادە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکرد و ئێستاش مێردەکەی لە زیندانە".

## ئەندازیارێک هاووڵاتییەک دەکوژێت



**رووداو – هەولێر**

نەقیبی پۆلیس ئەحمەد ساڵح، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی سەروەران بە ماڵپەری پۆلیسی هەولێری راگەیاند "کاژێر 8ی شەوی 2015/5/16 پۆلیس ئاگادار کرانەوە بە بوونی رووداوێکی هاتوچۆ لە شەقامی سەرەکی هەولێر- کەسنەزان، دوای گەیشتنمان بۆ شوێنی رووداو دەرکەوت ئۆتۆمبێلێک لە جۆری شۆفرلێت، ژمارە هەولێر کە شوفێرەکەی ئەندازیارە، خۆی لە هاووڵاتییەک داوە و کوشتوویەتی". بەپێی قسەی ناوبراو "شوفێرەکە رایکردووە، بەڵام پۆلیس توانیویەتی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە بگرێ، دوای ئەوەی پۆلیس دوای کەوتوون بە تاکسییەک هەڵاتووە. دواتر کە زانیویەتی ئاشکرا بووە خۆی رادەست کردووە".

# کەسوکاری ئێزدییە کوژراوەکە سکاڵا لەسەر خاوەنی کۆمپانیاکە تۆمار دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

مووسا چاوەڕێی وەرگرتنی مووچەی دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای کەسوکارەکەی و لەو قەیرانە داراییەدا باری سەرشانی کەسوکاری کەمێک سووک بکات، بەڵام لە رووداوێکی تەمومژاویدا کوژرا و لە جیاتی مووچە، تەرمەکەی برایەوە بۆ کەسوکاری.

کوژرانی گەنجێکی تەمەن 20 ساڵی ئێزدی بەناوی مووسا خدر موراد لە پرۆژەی کۆمپانیایەک لە شاری سلێمانی، خۆپێشاندانی ئێزدییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەو گەنجە کە نزیکەی 6 مانگە بۆ کارکردن رووی کردووەتە شاری سلێمانی و پاسەوانی یەکێک لە پرۆژەکانی کۆمپانیایەک بوو، شەوی 2015/5/10 تەرمەکەی لە شوێنی کارەکەی لە نزیک ناحیەی بەکرەجۆ دۆزرایەوە. پۆلیس کەسێکی بە تۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە دەستگیرکردووە، کەسوکاریشی دەڵێن سکاڵا لەسەر خاوەن و کارمەندانی کۆمپانیاکە تۆمار دەکەن.

ئەو شوێنەی ئەو گەنجەی لێ کوژراوە بۆ پرۆژەیەکی گەورە تەرخانکراوە، دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوە قوفڵێکی لێ درابوو، لەدووریشەوە تەنیا کابینەیەک دەبینرا.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی چوارشەممەی رابردوو کەسێکی دانیشتووی سلێمانی لەلایەن ئاسایشەوە بە گومانی تێوەگلانی لەو تاوانە دەستگیر کراوەو پاشان رادەستی پۆلیس کراوە. گوتیشی "ئەو کەسە پێش رووداوەکە بەماتۆڕێکەوە لەو شوێنە بینراوە، بۆیە دەستگیرکراوە".

بەرپرسەکەی پۆلیس ئاشکرای کرد "ئەو گەنجە لە نێو ژوورەکەی خۆیدا دەست و قاچ و چاوی بەستراوەتەوە و کوژراوە، بلۆکیش لە شوێنی رووداوەکەدا هەبووە". سەبارەت بەوەی دەگوترێ ئەم گەنجە بە بلۆک کوژراوە، نەقیب سەرکەوت گوتی "ئەوە راپۆرتی پزیشکی دەریدەخات چۆن و بەچی کوژراوە".

بەهۆی داگیرکردنی شارۆچکەی شنگال لەلایەن داعشەوە و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی، خێزانی ئەو گەنجە ئێستا لە کەمپی باعەدرێ لەنزیک شاری دهۆکن. رۆژی دوای رووداوەکە کەسوکاری سەردانی پزیشکی دادی سلێمانییان کرد و تەرمەکەیان وەرگرتەوە و لە باعەدرێ بەخاکیان سپارد، بەڵام بریار وایە لەم هەفتەیەدا سەردانی پۆلیس بکەنەوە بۆ وەرگرتنی وتەکانیان.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتی "خێزانی گەنجەکە گوتوویانە دوای تەواوبوونی پرسە دەگەڕێنەوە و سکاڵا تۆمار دەکەن، هەر کاتێک سکاڵایان تۆمار کرد ئەوا 50%ی کاری پۆلیس ئاسان دەبێت بۆ دۆزینەوەی بکوژانی".

خەیری حوسێن، ئامۆزای مووسا لە کەمپی باعەدرێ لە رێی تەلەفۆنەوە بە (رووداو)ی گوت "مووسا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەسدا نەبووە و مانگانە بە مووچەی 400 هەزار دینار کاری کردووە، رۆژێک پێشتریش تەلەفۆنی بۆ ماڵی باوکی کردووە و گوتوویەتی سبەینێ مووچە وەردەگرم و دەگەڕێمەوە بۆ لاتان".

خەیری گوتیشی "خاوەنی کۆمپانیا و کارمەندەکان تۆمەتبارن بەو رووداوە و سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەین، چونکە مەعقول نییە پاسەوانێکیان بە شێوەیەکی دڕندانە بە بلۆک بکوژرێ، ئەوان ئاگادار نەبن".



### ئێزدییەکانی تووڕە کرد

کوشتنی ئەو کرێکارە ئێزدییە، دانیشتووانی نێو کەمپی باعەدرێی تووڕە کرد، بۆ ئەو مەبەستە کۆتایی هەفتەی رابردوو خۆپیشاندانیان کرد و داوای دۆزینەوەی بکوژانیان کرد. مەحما خەلیل کەسایەتی ئێزیدی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق رایگەیاند، ئەو گەنجە لە خێزانێکی هەژار بووە و هیچ دوژمنداریەکیان نەبووە.

مەحما خەلیل گوتیشی "کوشتنی مووسا بەبلۆک زۆر نیگەرانی کردین، پێمانوایە دەستێکی دەرەکی لەپشتەوەیە بۆ ئەوەی کرێکاری ئێزیدی لە سلێمانی کار نەکەن، بەڵام شارەکانی کوردستان بۆ ئێمە جیاوازیی نییە".

بەگوتەی هەندێ چالاکوانی ئێزدی، پاڵنەری ئاینی لەپشت کوشتنی ئەو گەنجەوە بووەو داوای لێکراوە ببێتە موسڵمان، بەڵام هیچ لایەک ئەمە پشتڕاست ناکاتەوە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد روونیکردەوە کە گومانبارە دەستگیرکراوەکە تائێستا دانی بە تاوانەکەدا نەناوە، گوتیشی "ئاسەواری دەست و پێ لە شوێنی رووداوەکە جێماوە و لەگەڵ دەست و پێی گەنجە دەستگیراوەکە بەراورد دەکرێ".

نەقیب سەرکەوت قسەی مەحما خەلیلی رەتکردەوە کە دەستێکی دەرەکی بۆ راونانی ئێزدییەکان لەپشت ئەو تاوانە هەبێت، یاخود پاڵنەری ئاینی لە پشتەوە بووبێت و گوتی "ئەو قسانە راست نین، ئەگەر بەپێی ئاماریش قسە بکەین، تائێستا ئێزدییەکان رووبەڕووی حاڵەتی لەو شێوەیە نەبوونەتەوە و رێزی زۆریان لێگیراوە، ئەمە رووداوێکە وەک هەر رووداوێکی دیکە".

لێدوانی پۆلیس و پزیشکی داد سەبارەت بە جلوبەرگەکانی ئەو گەنجە جیاوازن، بەگوتەی سەرکەوت ئەحمەد، گەنجەکە جلی سکیوریتی لەبەردا بووە و بلۆکەکەش لەنێو خوێنەکەیدا بووە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەی پێوە دیار نەبووە.

بەڵام دکتۆر شیروان عەبدوڵڵا، پزیشکی دادی لە پەیمانگەی پزیشکی دادی سلێمانی کە توێکاری بۆ جەستەی گەنجەکە کردووە، بە (رووداو)ی گوت گەنجەکە تیشێرت و تراکسودێکی لەبەردا بوو.

هەروەها روونیکردەوە کە ئەو گەنجە کاژێر (11،35) خولەکی شەو گەیەندراوەتە لای ئەوان. بەپێی توێکاریی و وێنە تیشکییەکەش دەرکەوتووە زەبرێک بەر سەری کەوتووە و هەموو ئێسکەکانی سەری شکاندووە، بەڵام دەموچاوی برینداریەکی پێوە دیار نەبوو، دیارە بەتانییەکە دراوە بەسەریداو پاشان زەبرە دەرەکییەکەی بەرکەوتووە.

ئەو پزیشکە گوتیشی "پێدەچێت 4 تا 8 کاژێر پێش گەیشتنی بۆ لای ئێمە کوژرا بێ".

# پاش مارەبڕینی خۆشەویستەکەی خۆی کوشت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- پشدەر**

تەنیا چەند کاژێرێکی کەم بەسەر مارەبڕینی خۆشەویستەکەیدا تێپەڕیبوو، کاتێک هێمن بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. مارە بڕینەکە تەنیا بە ئامادەبوونی برایەکی خۆی بەڕێوەچوو، کەس نەبوو لەوێ هەلهەلەیەکیشی بۆ لێبدات، یان وێنەیەکی لەگەڵ بگرێ.

شەوی 2015/5/12 گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ، بەناوی (هێمن.ئە.ع) نیشتەجێی ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەر، دانیشتووانی گەڕەکەکەی بە دەنگی گوللەیەک بەئاگا هێنا. کاتێک کەسوکارەکەی و دراوسێکانی دەچنە دەرەوە، دەبینن جەستەی هێمن لە ناوەڕاستی کۆڵانەکە کەوتووە و خوێنی لەبەر دەڕوات.

چیرۆکێکی تەمومژاوی لە پشت خۆکوشتنی ئەو گەنجەوە هەیە و وادەردەکەوێ پەیوەندی بە خۆشەویستەکەیەوە هەبێ کە هەر ئەو شەوە مارەی بڕیبوو. ئێستا نامەیەکی هێمن لەنێو مۆبایلی براکەیدایە کە باسی ناڕەحەتیی خۆی دەکات.

موخلیس مامە، ئامۆزای هێمن دەڵێ هێمن ماوەی دوو ساڵ بوو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی دانیشتووی قەڵادزێ هەبوو، شەوی رووداوەکە کەسوکاری کچەکە داوایان لێکردووە دەستبەجێ کچەکەیان مارە بکات.

موخلیس گوتی "ئێوارەی شەوی رووداوەکە، کەسوکاری کچەکە بانگی هێمن دەکەن، ئەویش بەتەنیا دەچێ بۆ ماڵیان، لەوێ باوکی کچەکە داوای لێدەکات کە دەستبەجێ کچەکەیان مارە بکات، برایەکی هێمنیش ئاگادار دەکرێتەوە و هەر ئەو شەوە مارەی دەکەن".


وەک موخلیس باسیکرد، کەسوکاری کچەکە داوای 400 میسقاڵ زێڕ (50 پێشەکی و 350 پاشەکی) وەک هەقە مارەیی کچەکەیان کردووە، داواشیان کردووە پەلە بکات لە گواستنەوەی کچەکەیان.

موخلیس پێیوایە ئەو مەرجانەی کەسوکاری کچەکە پاڵنەرێک بوون بۆ ئەوەی هێمن پەنا بۆ کارێکی هەڵەی وەکو خۆکوشتن ببات، بەڵام ئەوە تەنیا گومانێکە.

هێمن هەر دوای مارەکردنی خۆشەویستەکەی، لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەیاندا بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کەسوکاری هێمن چاوەڕێی ئەوە بوون کە کوڕەکەیان ئەو شەوە بە ئارامی بنوێ، چونکە دوای دوو ساڵ چاوەڕوانی بە خۆشەویستەکەی گەیشت. موخلیس دەڵێت ئەوان سەریان سوڕماوە کاتێک زانیویانە هێمن ژنی مارەکردووە و هەر ئەو شەوەش خۆی کوشت "ئەو شەوە تاوەکو درەنگ دانیشتین، باسی مارەبڕینی کچەکە و زۆر بابەتی دیکەمان کرد، ئەسڵەن هێمن زۆر دڵخۆش دیار بوو، بەڵام دواتر روخسەتی وەرگرت و گوتی هەندێک کارم هەیە، ئێمە هەستمان بەوە نەکرد کە بەنیازی کارێکی لەو شێوەیە بێ".

هێمن پێشمەرگە بوو لە داقوق، لە مۆڵەتدا بووە و دەبووایە بەیانی بگەڕێتەوە بەرەکانی شەڕ، بەڵام موخلیس گوتی "هێمن بەنیاز بوو بەیانی بچێت مۆڵەت وەربگرێت، بۆ ئەوەی زوو دەزگیرانەکەی بگوازێتەوە، بەڵام بەداخەوە مەرگ رێگەی نەدا".



### مەسجەکەی چی تێدایە؟

زۆر کەس دوای خۆکوشتنیان هیچ بەڵگەیەک جێناهێڵن، ئەمەش هەم ئەرکی پۆلیس قورس دەکات لە کاتی لێکۆڵینەوە، هەمیش کەسوکارەکەی لە مەراقدا دەهێڵێتەوە.

بەڵام هێمن دوای خۆی نامەیەکی مۆبایلی جێهێشتووە کە رەنگە هۆکاری خۆکوشتنەکەی زووتر ئاشکرا بکات. موخلیس ناوەڕۆکی مەسجەکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی هێمن بە مۆبایل نامەیەکی بۆ براگەورەکەی ناردووە و نووسیویەتی "کاکە من هێمنی براتم، لەبەر ئەوەی خۆشەویستەکەم خیانەتی لێکردم، زۆر ناڕەحەتم. ئێستا بانگی کردووم و بەرنامەی داناوە بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی بمبینن".

بەڵام ئەم نامەیە نەبووەتە هۆی تێکدانی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو خێزانە. وەک موخلیس گوتی "هەرچەندە هیچ خزمایەتییەک لە نێوانماندا نییە، تەنانەت یەکدیش ناناسین، بەڵام کەسوکاری کچەکە بەشدارییان لە پرسەکەی هێمندا کرد و سەرخۆشی خۆیان پێڕاگەیاندین". گوتیشی "کەسوکاری کچەکە کاتێک بانگی هێمنیان کردووە، هیچ سووکایەتییەکیان پێنەکردووە، بگرە زۆریش رێزیان گرتووە، بۆیە سەرمان سوڕماوە لە رووداوەکە".

پۆلیس و پەیمانگەی دادوەری جەخت لەوە دەکەنەوە کە رووداوەکە خۆکوشتنە و دەستی کەسی تێدا نییە. عوسمان محەممەد یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی قەڵادزێ بە (رووداو)ی گوت "بەپێی پشکنینە پزیشکییەکان دەرکەوتووە ئەو گەنجە خۆی کوشتووە". گوتیشی "بەپێی زانیاری ئێمە ئەو گەنجە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە، بەو هۆیەشەوە باری دەروونیی ناجێگیر بووە و پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە".

هەروەها مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس دەرکەوتووە رووداوەکە خۆکوشتنە و دەستی کەسی تێدا نییە، بۆیە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە و کەسیش لەسەر رووداوەکە دەستگیر نەکراوە".



**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## کچی پارچەکانی تریش هەراسان دەکەن

کچێکی کورد کە لەگەڵ خێزانەکەی لە پارچەیەکی دیکەی کوردستانەوە بۆ کارکردن رووی لە هەرێمی کوردستان کردبوو، تووشی سەرسوڕمان دەبێت کاتێک روو لە هەر شوێنێک دەکات، یان دەیەوێ کارێک بکات، دەوروبەرەکەی هەوڵی ئیستغلالکردنی دەدەن و دەیانەوێت لە خشتەی ببەن.

ئەو کچە چیدی نەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو گێچەڵە بگرێ، کاتێک دەزانێت بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، پەنای بۆ دەبات. ئەو کچە ماوەی دوو ساڵە لە هەرێمی کوردستانە، وەک خۆی باسیکرد لەو ماوەیە چەندین کاری گۆڕیوە و بەو هۆیەشەوە هەر ماوەیەک کەسێک هاتوچۆی پێکردووە، یان رۆژانە تاکسی بە کرێ گرتووە.

ئەو کچە گێڕایەوە کەسێک بۆ ماوەی شەش مانگ هاتوچۆی پێکردووە بۆ شوێنی کارەکەی، رۆژێکیان زانیویەتی پێویستی بە پارەیە، ملیۆنێک دیناری بە قەرز داوەتێ و پێیگوتووە کە پارەت دەستکەوت قەرزەکەم بدەوە. بەڵام کاتێک شوفێرەکە دەزانێت کچەکە بێ ئیشە، ئیدی گوشاری بۆ دەهێنێت و داوای قەرزەکەی دەکاتەوە.

کچەکە گوتی "لەو کاتەوەی پارەم لەو پیاوە وەرگرتووە کارم دەستنەکەوتووە، ئەگەر نا دەتوانم بە مانگێک قەرزەکەی بدەمەوە، ئێستا هەراسانی کردووم و نامەم بۆ دەنێرێت و لەبەرامبەر قەرزەکەی، داوای کاری نابەجێم لێ دەکات. من نەمزانی رەوشتی ئاوایە، خۆی دەستپێشخەری کرد و پارەی بۆ هێنام. ئێستاش دەیەوێ ئیستغلالم بکات".

هەندێک لەو کەسانەی بۆ کارکردن هاتوونەتە باشووری کوردستان، بە تایبەتی رەگەزی مێ، زوو زوو گلەییەکانیان دێننە لای ئێمە کە خاوەنکار یان کەسانی دیکە، تەنانەت فەرمانبەرانی حکومەتیش لەو فەرمانگانەی ئیشیان لەوێیە، هەوڵی ئیسغلالکردنیان دەدەن. ئەمەش رەنگە لە ئایندەدا بە زیان بۆ نێوبانگی هەرێمی کوردستان بشکێتەوە.

بەو کچە راگەیەنرا کە کێشەی پارە قەرزکردنەکەی پەیوەندی بە دادگای بەرایی هەیە، نەک دادگای لێکۆڵینەوە. شوفێرەکە دەتوانێت لە دادگای شارستانی داوات لەسەر تۆمار بکات و داوای قەرزەکەی بکاتەوە، بەڵام بۆی نییە بەناوی قەرزەوە ئیستغلالت بکات.

لەسەر ئەوەش کە بەهۆی قەرزەوە ویستوویەتی ئیستغلالت بکات، ئەگەر بەڵگەت هەبێت دەتوانی سکاڵای لەسەر تۆمار بکەی. کچەکە گوتی "هەوڵ دەدەم پارەکەی بۆ پەیدا بکەم، ئەگەر هەر وازی نەهێنا، ئەوا سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەم".

ئەگەر سەیری ئەم دۆسیەیە بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەو شوفێرە زانیویەتی ئەو کچە پێویستی بە پارەیە، بۆیە هەوڵی داوە لە رێگەی پێدانی پارەوە خۆی لێ نزیک بکاتەوە و ئیستغلالی بکات. بەڵام یاسا بێدەنگ نابێت بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە، چونکە ئەم جۆرە تاوانانە دەچنە خانەی سەرپێچیکردن لە ئادابی گشتی. ئەگەر ئەو کچە سکاڵا تۆمار بکات، ئەوا ئەو شوفێرە بەپێی ماددەی 402 لە یاسای سزادانی عێراقی دادگایی دەکرێت، ئەگەر تاوانەکەی بەسەردا ساغ بووەوە، ئەوا سزا دەدرێت بە حەپسکردنی بۆ ماوەیەک کە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت، یانیش غەرامە دەکرێت.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# لە خانووە تەواونەکراوەکەیدا خۆی دەکوژێت



## یەحیا: کەس تۆمەتبار مەکەن.. بێزار بووم لە ژیان، بۆیە خۆم دەکوژم

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

(یەحیا.ف) فریا نەکەوت خانووە نوێیەکەی لە گەڕەکی هەواری شار تەواو بکات، بەدەستی خۆی گوللەیەکی نا بەسەری خۆیەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا. دوای خۆشی نامەیەکی جێهێشتووە و داوا دەکات کەس بە کوشتنی تۆمەتبار نەکرێ.

کاژێر (7)ی بەیانی رۆژی 2015/5/9 (یەحیا.ف) تەمەن 34 ساڵ وەک رۆژانی دیکە سەردانی خانووە تەواونەکراوەکەی کردووە لەگەڕەکی هەوار کە گەڕەکێکی نوێی شاری سلێمانییە، بەڵام دواتر لە بەشی پشتەوەی خانووەکەی بە چەکی کلاشینکۆف گوللەیەکی ناوە بەخۆیەوە و خۆی کوشتووە.

یەحیا تەنیا هەیکەلی خانووەکەی تەواوکردبوو، رۆژێک پێش خۆکوشتنی دەرگای ژوورەکانی تێگرتبوو، هێشتا پەڵەی خوێنی یەحیا بە زەوی و دیواری خانووە تەواونەکراوەکەوە ماون. یەحیا وەستای لەبغ بوو. جگە لەو خانووەی لە هەوار شار، ماڵی خۆیشی لە گەڕەکی کانی کوردەیە.

یەکێک لە هاوسێ نوێیەکانی ئەو پیاوە لە گەڕەکی هەواری شار، زۆربەی رۆژەکان کاتێک هاتووەتە دەرەوە بۆ ئەوەی بڕوات بۆ سەر کارەکەی، بەبەردەم ئەو خانووە تەواونەکراوەدا رۆیشتووە و زۆرجاریش ئەو پیاوەی بینیوە، بەڵام ئەو بەیانییە بەهۆی بارینی باران و دروستبوونی قوورەوە لە شەقامەوە رۆیشتووە و هەستی بەهیچ شتێک نەکردووە، هەتا ئەو کاتەی لەلایەن خێزانەکەیەوە پەیوەندی پێوە کراوە کە رووداوێکی لەو شێوەیە روویداوە.

هاوسێی ئەو پیاوە کوژراوە رووداوەکەی زۆر بەلاوە سەیرە و گوتی "ئەو پیاوە کەسێکی زۆر باش دیاربوو پێمان سەیر بوو خۆی کوشت، چونکە چەند رۆژێک پێشتر کە بینیمان هەواڵی دانانی ئاو و کارەبای بۆ خانووەکە لێدەپرسین".

یەحیا نزیکەی 11 ساڵە لەگەڕەکی کانی کوردە نیشتەجێیە، باوکی چوار منداڵە. هاوسێیەکی یەحیا لە گەڕەکی کانی کوردە سەری سوڕماوە کە دراوسێکەیان بەو شێوەیە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

ئەو هاوسێیەی یەحیا کە ئافرەتە، گوتی "ماڵی یەحیا ماڵێکی زۆر بێدەنگن، کاک یەحیا پیاوێکی زۆر رێکوپێک بوو نزیکەی 11 ساڵە دراوسێمانن، خراپەیان بۆ هیچ کەسێک نەبوو، نەمزانیوە کێشەی لەگەڵ خێزانەکەی یان کەسێکی دیکە هەبووبێت، بۆیە پێم سەیرە خۆی کوشتووە".

### کەس تۆمەتبار مەکەن

بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی گومان لەکەس نەکەن و لە خەم و خەفەتدا نەمێننەوە و بە زوویش هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا بێ، یەحیا نامەیەکی دوای خۆی جێهێشتووە کە تێیدا نووسیویەتی: "لەبەر بێزاربوونم لە ژیان خۆم کوشتووە، دوای خۆم کەس تاوانبار مەکەن". هەر لەسەر بنەمای ئەو نامەیەش کەسوکاری پیاوەکە سکاڵایان لای پۆلیس تۆمار نەکردووە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو پیاوە بە چەکێکی جۆری کلاشینکۆف خۆی کوشتووە، دیارە لەکاتی بەکارهێنانی ئەو چەکەشدا ریزێک فیشەک دەردەچن، بەڵام تەنیا فیشەکێک بەر سەری کەوتووەو گیانی لەدەستداوە و فیشەکی دواتر لەنێو چەکەکەدا ماوەتەوە و نەتەقیوە".

هەروەها دکتۆر محەممەد نوری، پزیشکی دادی لە پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کە توێکاریی بۆ تەرمی یەحیا کردووە، بە (رووداو)ی گوت "ئەو پیاوە تەنیا گوللەیەکی بەخۆیەوە ناوە، گوللەکەشی لەژێر چەناگەی داوە و لە سەری دەرچووە".

# قایمقامی بەردەڕەش: بە بەڵگەوە وەڵامی تۆمەتەکان دەدەمەوە



لە ژمارەی 358ی هەفتەنامەی (رووداو) کە لە رۆژی 2015/5/11 دەرچووە، راپۆرتێک لەبارەی قەرەبووکردنەوەی ئامۆزایەکی قایمقامی بەردەڕەش بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا بە بەڵگەوە وەڵامی هەموو ئەو تۆمەتانە دەدەینەوە کە دراونەتە پاڵ قایمقامی بەردەڕەش.

هاووڵاتی (ه.ئە.ع) دوو داواکاری فەرمی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی رۆڤیا کردووە لە 2012/4/1 کە تێیدا داوای کردووە قەربوو بکرێتەوە لە بەرامبەر دوو پارچە زەوی کە بەر دوو پرۆژەی حکومی کەوتوون، هەردوو پارچە زەوییەکەش سەنەدی موڵکی و گرێبەستی کشتوکاڵییان بەناوی خۆیەتی. ئەو پرۆژانەشی کە لە نێو زەوییەکەدا کراون، بریتین لە باڵەخانەی ناحیەی رۆڤیا و تێپەڕبوونی هێڵی کارەبای (kv33).

بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی رۆڤیا بە هەردوو نووسراوی ژمارە (79 و 80) لە 2012/4/1 داواکاری هاووڵاتی ناوبراوی ئاراستەی قایمقامیەتی قەزای بەردەڕەش کردووە کە داواکاری و بەڵگەنامەکان هاوپێچ کراون، ئێمەش دوای وردبینی لەسەر بەڵگەنامەکانی هەردوو پارچە زەوی موڵک و گرێبەست، بەنووسراوی ژمارە (502 و 503) لە 2012/4/1 بەرزمان کردووەتەوە بۆ پارێزگای دهۆک- کارگێڕیی گشتی. جەنابی پارێزگاری دهۆکیش داوای کردووە بەپێی یاسا قەرەبوو بکرێتەوە. ئێمەش بەپێی رێنماییەکان فەرمانی سەرەوەی خۆمان جێبەجێ کردووە، هەروەک لە رۆژنامەکەتان بڵاوکراوەتەوە کە واژۆی پارێزگاری دهۆکی لەسەرە و بەپێی یاسا کاری بۆ کراوە و داواکراوە خاوەنی ئەو دوو پارچە زەوییە قەرەبوو بکرێتەوە بەپێی نووسراوی ژمارە (4806) کە لە 2012/6/25 دەرچووە، بەشی یاسایی دیوانی پارێزگاش پەسەندی کردووە و ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازێرڤانیەکانی دهۆک کراوە.

نووسراوی دووەمیش بە ژمارە (3350) لە 2014/5/20 هەروەک لە دەقی نووسراوەکەدا هاتووە (بەپێی یاسا) بە رێژەی (12%) قەرەبووی خاوەن موڵک بکرێتەوە چونکە هێڵی کارەبا بەناو موڵکەکەیدا تێپەڕیوە. پاشانیش بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازێرڤانییەکان وردبینی تەواوی لە هەموو نووسراو و بەڵگەنامەکان کردووە کە هەموویان یاسایی بوون و فەرمان بۆ جێبەجێکردنیان دەرچووە بۆ مافدانی هاووڵاتی ناوبراو. بەپێی نووسراوی ژمارە (7273) لە 2014/6/11 کە تێیدا ئاگاداری بازێرڤانی رۆڤیا کراوە بۆ دیاریکردنی مافی هاووڵاتی (ه.ئە.ع) بەپێی یاسا کە زەرەرمەند بووە بەهۆی پرۆژەی کارەبا.

هەروەها بۆ قەرەبووکردنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکەی و بیرە ئیرتوازییەکەی، بەڕێوەبەرایەتی بازێرڤانییەکانی پارێزگای دهۆک - بەشی یاسایی، ئاگاداری سەرۆکایەتی بازێرڤانی رۆڤیای کردووە بە نووسراوی ژمارە (15359) لە 2012/10/14دا کە مافی ئەم هاووڵاتییە بدرێت بەهۆی دروستکردنی باڵەخانەی ناحیەی رۆڤیا لەسەر زەوییەکەی. ئەمە پێشەکییەک بوو لەسەر بابەتەکە. لە وەڵامی ئەو رۆژنامەنووسەی بابەتەکەشی ئامادە کردووە دەڵێین:

1- قایمقام ئەرکی سەرشانیەتی داواکاری هەموو هاووڵاتیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەرز بکاتەوە بە ئامۆزاکەشیەوە، بەمەرجێک بەڵگەنامەی یاسایی هەبێت (سەنەد یان گرێبەست).

2- پەیامنێرەکەتان نووسیویەتی بە "بیانووی"، بەڵام ئەوەی کردوومانە بیانوو نییە، بەڵکو مافی هاووڵاتییە بەپێی یاسا.

3- دەبێت رۆژنامەنووس وردبینانەتر هەوڵی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بدات و جەخت لەسەر نووسراوەکان بکات بە (سەنەد و گرێبەست) نەک بە وتەی جوتیارێک کە گوایە خاوەنی زەوییە یان نا.

4- لەبەر ئەوەی لە دوو پارچە زەوی جیاواز و دوو کەرتی جیاوازدا لە سنووری بازێرڤانی رۆڤیا لە بەردوو هۆکاری جیاواز و بەپێی بەڵگەنامەی (سەنەد، گرێبەستی کشتوکاڵی و مۆڵەتی بیری ئیرتوازی) قەرەبوو کراوەتەوە، نەک وەکو ئەوەی پەیامنێرەکەتان بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و خوێنەرانی رۆژنامەکەتان گوایە دووجار لە یەک شوێن قەرەبوو کراوەتەوە.

5- بەپێی یاسای شارستانی عێراقی و رێنماییەکانی لێژنەی کوژاندنەوە و دەست لەسەر هەڵگرتنی زەوی موڵک و کشتوکاڵییەکان، دەبێ قەرەبووی خاوەن زەوی کشتوکاڵی بە (3%) و خاوەن زەوی موڵک بە (12%)ی زەوییەکەی بکرێ. ئەگەر هات و کەوتە ناو سنووری شارەوانیش ئەوا قەرەبووی بە زەوی دەکرێ، یان بە پارە دەخەملێنرێ لەلایەن لێژنەی شارەزا بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازێرڤانی دهۆک کە لێژنەکە دەستنیشانکراوە.

6- بە پەیامنێرەکەتان دەڵێین: پێدەچێ جەنابت هەردوو نووسراوی (23-503) کە لە 2014/4/1 دەرچووە و وەکو بەڵگە بەکارت هێناوە بە باشی نەتخوێندۆتەوە و لێی تێنەگەیشتووی، چونکە قایمقامی بەردەڕەش داوای کردووە کە بەپێی رێنماییەکان و یاسا فەرمان بکرێت لەلایەن پارێزگار نەک بە گوژمە پارەیەک قەرەبوو بکرێتەوە.

7- سەبارەت بەوەی کە گوایە دووجار بۆ یەک مەبەست ئامۆزاکەی قایمقام قەرەبوو کراوەتەوە، ئەمە راست نییە، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەهۆی زۆریی کاری لێژنەکان و وردبینی بەشی یاساکان بووە، نەک نووسراوێکی دیکە کرابێت بۆ هەمان مەبەستی پێشوو، کە قەربووی ناوبراو بکرێتەوە بە (12%) لە بەرامبەر زەوی ژمارە (10/1 ی کەرتی 82 رۆڤیا) کە پرۆژەی کارەبای (KV33) پێدا تێپەڕیوە، بۆیە لێرەوە (سەنەد و گرێبەستەکان) بۆ جەنابت و خوێنەر و جوتیاران دەخەینەروو.

8- سەبارەت بە قسەکانی قادر عەزیز، بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی رۆڤیا، ناوبراو راستی کردووە کە گوتوویەتی جێگای باڵەخانەی ناحیەی رۆڤیا کە زەوی ژمارە (1476) ـە لە کەرتی (42 ی ئەلاهی) موڵک نییە و زەوییەکی کشتوکاڵییە، بەڵام لە قسەکانی ناوبراودا وا دەردەکەوێت لە ماوەی پێنج ساڵی کارکردنیدا، زانیاری نەبووە لەبارەی ئەوەی کە خاوەنی زەوییەکە کێ بووە، چونکە (ه.ئە.ع) گرێبەستی کشتوکاڵی ئەم زەوییەی هەیە. پێش دروستکردنی باڵەخانەکەش بیرێکی ئیرتوازیش لە ناو زەوییەکەدا هەبووە، هەروەکو بە بەڵگە سەلمێنراوە، باشە ئەگەر ئەم زەوییە بەمشێوەیە، بۆچی قەرەبووی کەسێکی دیکە دەکرێتەوە بەپێدانی (دوکان)؟ بە چ یاسایەک دوکان دەدرێت بە خەڵکی بە بیانووی قەرەبوو؟ چونکە قەرەبووکردنەوە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ناحیە و شارەوانی و تەنانەت قایمقامیشدا نییە، تەنیا دەسەڵاتی پارێزگارە.

10- ئێمە رێزمان هەیە بۆ بۆچوونی هاووڵاتیان و ئەو جوتیارانەی گلەییەکان کردووە. ئەگەر بەڵگەنامەی یاساییان هەیە با سەردانمان بکەن بۆ ئەوەی مافی خۆیان وەربگرن.

11- پەیامنێرەکەتان دەڵێت پەیوەندیم بە قایمقامەوە کردووە، بەڵام ئەوە راست نییە، ئەو هەر لە بنەڕەتەوە نەیویستووە لێدوانی قایمقام لەسەر ئەم بابەتە وەربگرێ، ئەگەرنا بۆچی پەیوەندی بە بەڕێوەبەری ئێستای ناحیەی رۆڤیا و راگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای بەردەڕەشەوە نەکردووە؟. بۆیە بە خوێنەرانی رۆژنامە بەڕێزەکەتان دەڵێین هەر کەسێک ئەم نووسراوانە بە باشی بخوێنێتەوە دەزانێت کە کارەکان هەمووی یاسایین و مەبەستی رۆژنامەنووسەکەش روون و ئاشکرایە کە دەیەوێت رووی راستی بابەتەکە بشارێتەوە.

# پارێزگاری هەولێر خەتمان دەوێت

ئێمە، دانیشتووانی گەڕەکی سەربەستی (32ی پارک)، گرفتێکی زۆرمان هەیە لەڕووی گواستنەوە و هاتوچۆ. گەڕەکەکەمان هەڵکەوتەیەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ گەڕەکەکانی دیکەی شاری هەولێر، چونکە کەوتووەتە ئەودیوی گوندەکانی ئیتاڵی، ئینگلیزی و ئیمپایەر و خەونەکان و ...هتد. هەر شارێکیش لەو شارانە شوورەی تایبەت بەخۆی هەیە و گەڕەکەکەمانی لاتەریک کردووە. سەرباری ئەوەی ناکرێ هەر تاکێک لە هەر خێزانێک، بۆ گەیشتنی بەو شوێنەی مەبەستێتی تاکسیەک بگرێ و بۆ گەڕانەوەش دیسان تاکسیەکی دیکە. نەبوونی تاکسیش، بە تایبەتی بۆ ئەو ماڵانەی کەوتوونەتە دواوە و لاپەڕگەی گەڕەک، خەمێکی دیکەیە.

هیوامان زۆرە بەدەم هاوارمانەوە بێن و هێڵێکی (پاس یان مینی پاس) و هێڵێکی تاکسی نەفەرات، بۆ ئەو گەڕەکە دابین بکرێت. ئەگەر جووڵەی هێڵەکە لە بازاڕی نیشتمانەوە دەستپێبکات بەرەو کۆتری سەلام، یان لە تەعجیلەوە بەرەو گۆڕەپانی شێخی چۆلی (فولکەی بە تەمای خوا) رووە و (30 مەتری)، تاوەکو دەگاتە فلکەی ترافیکی نزیک (مزگەوتی حاجی حوسێن) لە قوتابخانەی شۆخانی بنەڕەتی (ناوەندی زازای جاران). بەرەو (60 مەتری)، فلکەی شەقامی مووسڵ هەڵکشێ. لێرە یان لەوێ: وەزارەتی پەروەردە و پاشکۆکەی، هەروەها وەزارەتی دارایی و لق و پۆپەکانی، پەروەردەی ناوەند و (لە ئایندەدا) پارێزگای هەولێریش. دەکەونە سەر ئەو هێڵە. کە هەوراز هەڵکشا. دەرگاکانی رۆژئاوای پارکی سامی عەبدولڕەحمان و کۆشکی دادگای نوێ و فەرمانگەی باری شارستانی و کتێبخانەی زەیتون و (ماوەیەکی تریش) وەزارەتی تەندروستیش دەکەونە سەر ئەو هێڵە (بەرەکەتە). دواتر بەرەو فلکەی (40 مەتری) و پاشان فلکەی (باز). ئەگەر هەر راست سەرکەوێت. لە یەکەم دەروازەی لای ڕاست (پشت باڵەخانە نوێیەکە)، بێتە ناو گەڕەک لە تەنکێشی مزگەوتی (حاجی عەزیز خۆشناو) رووە و رۆژهەڵات مل بنێت (جووت سایدە). تا دەگاتە (جووت سایدی یەکتر بڕەکە) رێک پشت مزگەوتی (جەودەت ئەسعەدی)، چاکترە لە یەکەم (گەڕانەوە)ی باشوور نەگەڕێتەوە، لەویتر کە دەکەوێتە پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامە، دەبێتە خێروبێرێک بۆ ئەو خەڵکەی ئیشی بەو فەرمانگەیە دەبێت تاوەکو دەگاتە سەرەتای ئەو شەقامە (30 مەتر)یەی رێک دەچێتە بەردەم قوتابخانەی رووخساری بنەڕەتی و بازاڕەکەی گەڕەک. ئەوێش مەعلومی جەنابتانە دەکەوێتە پشت جەوازات. ئەو جەوازاتەش لێمان بووەتە (شێخی هەندەران)، هەموو دەمێ زیارەتکاری خۆی هەیە. سەرباری خەڵکی گەڕەک و میوانەکانیان.

ئەگەر ئەو هەموو خێروبەرەکەتە لەسەر ئەو هێڵە بێت، لە جیاتی دەست بەڕوویەوە بنێن، شایانی ئەوەیە دەست بە باڵییەوە بگرن.

**شێرزاد عەزیز عومەر**
**یەکێک لە دانیشتووانی گەڕەک/ کارمەند لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە**

## کۆنگرێس پاکێجی بەرگری پەسەند کرد

# ئەمریکا ڕاستەوخۆ چەک دەداتە پێشمەرگە

**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، کۆنگرێسی ئەمریکا پاکێجی پرۆژەی بودجەی ساڵی 2016ی تێپەڕاند. پاکێجەکە مشتومڕێکی زۆری نایەوە. سەرەڕای ناڕەزایی ئیدارەی ئۆباما، بەپێی ئەو پاکێجە، ڕێگە بە ناردنی چەک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە سوننەکان دەدرێ.

لە پاکێجی بەرگریدا 715 ملیۆن دۆلار بۆ عێراق تەرخانکراوە، لەو بڕە تەرخانکراوە پێویستە 179 ملیۆن دۆلاری ڕاستەوخۆ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە سوننەکان بڕوات کە شەڕی داعش دەکەن، ئەوەش نزیکەی 25%ی بودجەکەیە.

پاکێجەکە هەروەها چەند مەرجێک بەسەر حکومەتی عێراقیدا دەسەپێنێ بۆ ئەوەی سوودمەندبێت لە 75%ی بودجەکە، لەوانەش ڕەواندنەوەی کێشەی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی لەگەڵ کورد و سوننە. ئەگەر حکومەتی عێراق نەیتوانی مەرجەکانی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی ئەمجۆرە حکومەتە جێبەجێ بکات، ئەوا 60%ی ئەو هاوکارییەی دەمێنێتەوە کە 75%ی کۆی هاوکارییەکەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ پێشمەرگە و هێزە سوننییەکان دەنێردرێت.

پاکێجەکە دان بە کورد و سوننەی عێراقدا دەنێت وەکو دەوڵەت، بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت ڕاستەوخۆ یارمەتی سەربازییان پێشکەش بکات.

یاسای ولایەتە یەکگرتووەکان ناردن و فرۆشتنی هەموو جۆرە کەلوپەلێکی بەرگری و سەربازی بەو لایەنانەی کە دەوڵەتی سەربەخۆ نین، قەدەغە کردووە.



ئەمەش بەربەستی سەرەکی بووە لەبەردەم ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

مانگی ئەیلولی ڕابردوو، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا داوای لە کۆنگرێس کرد کە ئەم کێشە یاساییە چارەسەر بکەن ئەگەر دەیانەوێت ئیدارەی ئۆباما ڕاستەوخۆ چەک بداتە کورد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەی ئۆباما دژی ئەو هەنگاوەی کۆنگرێسە و دەڵێت بازدان بەسەر حکومەتی ناوەندیی بەغدا، یەکپارچەیی خاکی عێراق دەخاتە مەترسییەوە.

کۆنگرێسی ئەمریکا بودجەی وڵاتەکەی بۆ ساڵی 2016 پەسەند کرد کە 612 ملیار دۆلارە. زۆرینەی دیموکراتەکان لە دژی پاکێجەکە دەنگیان داو هەشت کۆنگرێسمانی سەر بە کۆمارییەکانیش لە پشتگیریی خۆیان بۆ پاکێجەکە پاشگەزبوونەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، سەرۆکی وڵات باراک ئۆباما هەڕەشەی ڤیتۆکردنی پاکێجەکە دەکات.

هەر دوێنێ لیژنەی خزمەتگوزاریی سەربازیی سێنات پاکێجی بەرگری بۆ ساڵی 2016 پەسەند کرد. بەپێی ماڵپەڕی هیڵ، سیناتۆری کۆمارییەکان، جۆن مەکەین و سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزاریی سەربازی ڕایانگەیاندووە کە پێیانوابوو ئەندامانی سێنات ئەو بەشەی کە داوای ناردنی ڕاستەوخۆی چەک بۆ پێشمەرگە دەکات هەموار بکەنەوە. بەڵام ڕوونکردنەوەی زیاتریان لەبارەوە ڕانەگەیاند.

پاکێجەکە لەلایەن مەک سۆرنبێری، سەرۆکی لیژنەی کاروباری سەربازیی کۆنگرێس ئامادەکرابوو، پێشتر لەلایەن لیژنەی کاروباری سەربازیی کۆنگرێس بە 60 دەنگی بەڵێ بەرامبەر 2 دەنگی نەخێر پەسەندکرابوو، ئەمەش نیگەرانی و ناڕەزاییەکی زۆری لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق لێکەوتەوە و بە هەوڵێکی "ئەمریکی- زایۆنی" بۆ دابەشکردنی عێراق لێکیاندایەوە.

زۆر لە سیاسەتمەدارانی عێراق، لە نێویاندا موقتەدا سەدر ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە پاکێجەکە ڕاگەیاندووە و بە هەوڵێک بۆ بەزاندنی سەروەریی عێراق و بە ئەنقەست دابەشکردنی خاکی ئەو وڵاتەی دەزانن.

هەروەها عەبدولهادی حەسانی، سەرکردە لە دەوڵەتی یاسا پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکا هەڵەیەکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی نێوان عێراق و ئەمریکایە، پێویستە ئەمریکاش ئەو هەڵەیە ڕاستبکاتەوە و هەموو ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بێت".

سەرکردەکانی کورد لە هەوڵی لۆبیکردنی کۆنگرێس و ئیدارەی ئۆبامادان بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چەک و تەقەمەنی ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێت و دەڵێن بەغدا بەشی پێشمەرگە لە چەک و تەقەمەنیی ئەمریکی نادات و بە ئەنقەست دوای دەخات.

## ڕافیع عیساوی بۆ (ڕووداو):

# ناردنی ڕاستەوخۆی چەک بۆ سوننە و کورد زامنی یەکپارچەیی عێراقە



**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو — واشنتن**

ڕافیع عیساوی، سیاسەتمەداری سوننە و جێگری پێشووی سەرۆکوەزیرانی عێراق کە ئێستا لە واشنتنە بۆ ئەوەی لۆبی بۆ پێدانی چەک بە سوننە بکات، دەڵێت ناردنی ڕاستەوخۆی چەک بۆ کورد و سوننە سەرەکیترین ڕێگەیە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق.

"کاتێک کە فشار دەخەینە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چەک بۆ پێشمەرگە و سوننە بنێرێت، ئەوە باسی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکەین نەک دابەشکردنی. عێراق ئێستا دابەش بووە" عیساوی کە لەگەڵ پارێزگاری نەینەوا، ئەسیل نوجێفی ئێستا بەسەردانێکی نافەرمی لە واشنتنن، وایگوت.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (ڕووداو)، عیساوی دەڵێت چەک پێویستە ڕاستەوخۆ ڕادەستی ئەو لایەنانە بکرێت کە پێویستیان بەو چەکانەیە بۆ ئەوەی کاتی زیاتر بە فیڕۆ نەچێت. ئەو دەڵێت "ناردنی چەک لە ڕێگەی جبەخانەکانی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا واتە بە فیڕۆدانی کات".

پاش کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی بەرفراوانی سوننەنشینی عێراق لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی، جگە لە هێرشە ئاسمانییەکان، دەستیاندایە ناردنی چەک و تەقەمەنی و ڕاوێژکاری سەربازی بۆ عێراق. زۆربەی ئەم هاوکاریانەش دراونەتە حکومەتە شیعەکەی بەغدا.

سەرەڕای وەرگرتنی ئەو هەموو هاوکارییە نێودەوڵەتیە، پێشکەوتنەکانی سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکانی بەناوی حەشدی شەعبی زۆر سنووردار بووە لە وەدەرنانی داعش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان.

ئەمریکا و بەغدا دژی ناردنی ڕاستەوخۆی چەکن بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و سوننەی عەرەب. واشنتن سوورە لەسەر ئەوەی کە چەک پێویستە لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندییەوە بدرێتە هێزەکانی دیکە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

عیساوی هەروەها دەڵێت "سوننەکانی عێراق زۆر خوازیاری دامەزراندنی هەرێمێکی سوننەنشینن، وەکو هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق، کە تێیدا کورد خۆیان بەڕێوەدەبەن. بڕۆ لە هەر ناوچەیەکی سوننی ڕاپرسییەک بکە و بۆچوونیان بپرسە. ئەوان زۆر پشتگیری لە دامەزراندنی هەرێمێکی سوننی دەکەن لە هەموو پارێزگا سوننەنشینەکاندا".

دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی 2003 لەلایەن ئەمریکاوە، سیاسەتمەدارە سوننەکان ڕازی نەبوون هەرێمێکی سوننی دروست بکرێت، جەختیان لەوە دەکردەوە کە عێراق پێویستە لەلایەن حکومەتی ناوەندی لە بەغداوە حوکم بکرێت. ئێستا پێیانوایە ئەوە هەڵێک بوو لە دەستیان چوو.

"دوای لەدەستدانی کات، هەمووکات دەگەڕێیتەوە سەر ئەوەی کە درەنگە سوود لە هەلەکان وەرگریت" عیساوی وا دەڵێت. ئەو هەروەها گوتی "بەغدا بە گومانەوە تەماشای سوننە دەکات، لەبەرنەبوونی متمانە، چەکدارە سوننەکان جگە لە کلاشینکۆف هیچ چەکێکی دیکەیان پێ نادرێ".

"ئەوان (مەبەستی لە حکومەتی عێراق- شیعیە) چەک نادەنە خەڵکی تاوەکو شەڕ بکەن. کلاشینکۆف لە شەڕی داعشدا هیچ نییە". عیساوی دەڵێت "سوننەکان پێویستیان بە تانک یان چەکی قورسە".

هەرچەندە وەفدە سوننەکە بە سەردانێکی نافەرمی لە ئەمریکان، بەڵام لەلایەن حکومەت و کۆنگرێسی ئەمریکاوە گرنگی وەفدێکی فەرمییان پێدرا. لە سەردانەکەیاندا وەفدە سوننەکە لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆبوونەوە و لە نێویشیاندا سیاسەتمەداری سەرەکی بواری عێراق، برێت مەکگورک.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، جێف ڕاسک ڕایگەیاند "ئاگادارین کە جێگری پێشووتری سەرۆکوەزیرانی عێراق و پارێزگاری نەینەوا لە سەردانێکدان بۆ واشنتن". گوتیشی "هەرچەندە سەردانەکە نافەرمییە و لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە ڕێکنەخراوە. بەڵام داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە کردووە، لەبەرئەوە پێمواییە ئەو کاربەدەستانەی کە کار لە سەر مەلەفی عێراق و داعش دەکەن، لەگەڵیان کۆدەبنەوە".

عیساوی لەلایەن دادگایەکی عێراقییەوە تۆمەتی تیرۆری دراوەتە پاڵ، لەبەرئەوە ئێستا لە کوردستانی عێراق دەژی بۆ ئەوەی لە دادگاییکردنی بەغدا خۆی دەرباز بکات. ئەو ڕایگەیاند کە ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی هەڵبەستراون، هەرچەندە بەڵێنی ئەوەی پێدراوە کە تۆمەتەکان هەڵگیرێن. تۆمەتەکان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە و دەکرێت لە هەرکاتێکدا لە دژی ئەو بەکاربهێنرێ.

ئەو جێگرەی پێشووتری سەرۆکوەزیرانی عێراق دەڵێت کە شەڕی داعش پێویستە بە تەنیا لەلایەن بەغداوە بەڕێوەنەبرێت. دەبێت هێزێکی هاوپەیمان ئەو شەڕە بەڕێوەببات. چونکە ئەو شەڕە شەڕێکی نێودەوڵەتییە. ئەو دەڵێت هێزە سوننی و کوردیەکان دەبێت هێزی شەڕکەر بن نەک هێزی شیعی پارێزگاکانی دیکە "ئەم شەڕە شەڕێکی نێودەوڵەتییە نەک شەڕێکی نێوخۆیی." بە گوتەی عیساوی.

عیساوی دەڵێت ئەو دڵنیایە لەوەی دەکرێت میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ڕادەستکردنی چەک بە چەکدارە سوننەکان خێراتر بکرێت. ئەمریکا دەتوانێت ڕۆڵ لەمەدا بگێڕێت.

بەر لەوەی داعش سەنتەری پارێزگای ئەنبار (ڕومادی) کۆنترۆڵ بکات، عیساوی گوتی "ئەگەر چەک بنێردرێت بۆ ئەنبار و ڕاستەوخۆ بەسەر چەکدارەکاندا دابەش بکرێت بە چاودێری تەواوی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی لۆکاڵی و ئەمریکیەکان، هەموو کەس خۆشحاڵ دەبێت". عیساوی دەڵێت "چەک دەبێت لە کامپەکانی شەڕدا دابەش بکرێن، نەک لە جبەخانەکاندا لە بەغدا".

بۆچی شیعە خۆی بۆ سوننە بە کوشت بدات؟

هۆزە عەشایرە عەرەبەکان دژی ئەوەن حەشدی شەعبی بەشداری بکەن لە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانیان یان پاراستنیان لە هێرشەکانی داعش. شیعەکانیش نایانەوێت لە خاکێکدا بمرن کە هی ئەوان نییە. پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن چەکدارە شیعەکانەوە وایکردووە هاووڵاتیانی سوننەی ئەو ناوچانە داعشیان لا پەسەندتر بێت وەک لە میلیشیا شیعەکان کە چەندین گوندیان سووتاندووە و وێرانکردووە و چەندین هاووڵاتی سوننەیان گوللەباران کردووە، بەپێی ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ووچ.

ڕقی سوننەکان لەو چەکدارە شیعانەی لە نەجەف و کەربەلاوە نێردراون بۆ ناوچەکانیان لە وتەی سیاسییە سوننەکانی وەک ڕافیع عیساوی-دا بەئاشکرا دیارە کە ئەو سیاسەتمەدارە بەردەوام ناردنی چەکدارە شیعەکان بۆ شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی ڕەتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی تەنگژەی تایفی و زیاتر سوننەکان لە داعش نزیک دەکاتەوە.

عیساوی بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێک لەو خاڵانەی بەردەوام جەختی لێدەکەمەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی، قبوڵنەکردنی میلیشیا شیعەکانە لە پارێزگاکانمان، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی تایفی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە خەڵک ڕووبەڕووی ئەو میلیشیا شیعانە دەبێتەوە لەبری ڕووبەڕووبونەوەی داعش. کێ ئەوە قبوڵ دەکات؟ دەمەوێت جەخت لەسەر یەک پرسیار بکەمەوە: بۆچی شیعەکان ڕۆڵەکانیان دەنێرن بۆ مەرگ لەبری ئەنبارییەکان؟ لە پارێزگاکانی خۆتان دانیشن و خوا بتانپارێزێ. لێگەڕێن با ئەنبارییەکان گیانیان بەخت بکەن لەبری خەڵکەکەیان".

ئەو مۆدێلەی هەرێمی کوردستان کە تێیدا هێزەکانی پێشمەرگە سەرەڕای کەمیی چەک و تەقەمەنی توانیویانە 20 هەزار کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعش پاک بکەنەوە، قسەکانی عیساوی پشتڕاست دەکاتەوە. ئەوەی وا لە کورد دەکات بەسەختی ڕووبەڕووی داعش ببنەوە، نیشتمانپەروەری و وەفایانە بۆ خاکی خۆیان، نەک خاکی سوننە و شیعە لە ناوەند و باشووری عێراق.

ئەگەر کورد لە ئەنبار و نەجەف شەڕیان بکردایە، شانسی سەرکەوتنیان زۆر کەم دەبوو، چارەنووسیان وەکو چەکدارە شیعەکان دەبوو لە پارێزگای ئەنبار، ئەمە جگە لەوەی دەبووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نەتەوەیی نێوان کورد و عەرەب. بۆیە سەرکردەکانی کورد بەردەوام بیرۆکەی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکان ڕەتدەکەنەوە.

پزیشکەکان دەڵێن بۆ ڕازیکردنی دڵی نەخۆش دەینووسن

# ملیۆنان دۆلاری کوردستان لە دەرماندا بەفیڕۆ دەڕوات

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی



لە وڵاتێکی خاوەن سیستمی وەک بەریتانیا هۆشداری دەدرێت لە نووسینی ناپێویستی دەرمان و پشکنینی ناپێویست بۆ نەخۆشەکان، بەڵام پزیشکانی کوردستان دەڵێن زۆر جار نەخۆشەکان زۆریان لێدەکەن بۆئەوەی پشکنین و دەرمانی زۆریان بۆ بنووسن.

هەفتەی ڕابردوو بابەتی گەرمی میدیا گەورەکانی بەریتانیا، کەمپەینی ئەکادیمیای پزیشکانی شاهانەی بەریتانیا بوو بۆ ئەوەی پزیشکەکانی ئەو وڵاتە وردتر بن لە نووسینی دەرمان و پشکنینە پزیشکییەکان.

ئەکادیمیاکە کە 220 ئەندامی هەیە، دەڵێت پزیشکەکانیان هەندێکجار دەرمان بۆ حاڵەتی ئەوتۆ دەنووسن کە پێویست نییە و زیانەکانی دەرمانەکە لە خودی نەخۆشییەکە زیاترن، یاخود پشکنین بۆ کەسانێک دەنووسن کە تەندروستن و پێویستیان پێی نییە، زۆربەی حاڵەتەکانیش تەنیا لەژێر گوشاری نەخۆش و سەردانکەراندایە و لە هەموو حاڵەتێکیشدا قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر ئابووریی دەوڵەت و ماندووی دەکات.

## کێ ئەو هۆشدارییە لە کوردستان بدات؟

بەراورد بە بەریتانیا، کوردستان خاوەنی سیستمێکی ئەوتۆی تەندروستی نییە کە بە داتا ئەو هەڵانە دەربخات و سنووریان بۆ دابنێ، پزیشکەکانیش نایشارنەوە کە نەخۆش گوشارێکی زۆریان لەسەر دروست دەکات.

د.هێمن مەحموود لە مەڵبەندی ڕاوێژکاریی عەلی کەمال لە سلێمانی، دەڵێت ئەستەمە نەخۆش ڕازی ببێت بەبێ وەرگرتنی دەرمان پزیشک بەجێبهێڵێ. "زۆرکات بە یەک دوو دەرمانیش ڕازی نابن و داوای چەند جۆرێکی جیاواز دەکەن".

بەبڕوای ئەو پزیشکە، نەخۆش لە کوردستان ئەوەندەی بۆ دەرمان پزیشک دەبینێ، ئەوەندە بۆ دڵنیابوونەوە لە نەخۆشییەکەی و ڕوونکردنەوەی حاڵەتەکەی نییە.

د.سۆران محەممەد غەریب، پزیشکی ڕاهێنراوی جومگە و ڕۆماتیزم، دەڵێت نەخۆشەکان ناچارت دەکەن لەسەر داخوازیی خۆیان پشکنینیان بۆ بکەیت نەوەک بەپێی ڕێنماییە زانستییەکان "نەخۆش دەڵێت هاتووم تیشک و پشکنینی خوێنم بۆ بنووسی، کاتێک دەڵێی پێویستت پێی نییە، دەڵێت من لەماڵەوە بۆ ئەوە هاتووم بۆ نەخۆشخانە".

## دەرمانی بەغدا بەش ناکات

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەو بەشە دەرمانەی لە بەغداوە بۆیان دێت، بەشی یەکە تەندروستییەکان ناکات، بۆیە حکومەت ناچارە ساڵانە پارەیەکی زۆر خەرج بکات بۆ کڕینی دەرمان.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "جگە لەو ماوەیەی قەیرانی دارایی بۆ کوردستان دروستبووە، ساڵانە ناچاربووین 100 ملیۆن دۆلار بۆ دەرمان خەرج بکەین".

هەر لەوبارەوە جەعفەر حەیدەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی سلێمانی بۆ کاروباری دەرمان گوتی "بەغدا ساڵانە بایی 20 ملیۆن دۆلار دەرمان و پێداویستی پزیشکیمان بۆ دەنێرێ، بەڵام ئەوە بەش ناکات و ناچار خۆشمان بایی 20 ملیۆن دۆلاری دیکە دەکڕین".

قەیرانی دارایی، حکومەتی ناچار کرد سیاسەتی سکەهەڵگوشین پێڕەو بکات و لە زۆر بواردا خەرجییەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام وادیارە دەرمان لەم ڕێوشوێنە دوور بووە و بەردەوام سەرچاوەی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بووە.

د.میران محەممەد عەباس، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی سلێمانی، گوتی لە ماوەی قەیرانە داراییەکەدا، بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەو ناچار بووە بە بەهای 25 ملیار دینار دەرمان لە کۆمپانیاکانی دەرمان قەرز بکات.

جگە لەوانە، سەرچاوەیەکی گەورەی دیکەی دابەشکردنی دەرمان و نووسینی چارەسەر، نەخۆشخانە و دەرمانخانە ئەهلییەکانن، بەڵام دەزگا تەندروستییە حکومییەکان ئاگادارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی ئاماری ئەو نێوەندە ئەهلییانە نییە و دەڵێن ئەوە زێدەتر کاری سەندیکاکانە.

پزیشکێکی دەرمانساز کە نەیویست ئاماژە بە ناوی بکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت ئاسان نییە ئامار دەستبکەوێت دەربارەی بڕی ئەو دەرمانەی لە کوردستان سەرف دەکرێت، چونکە جگە لە فرە سەرچاوەیی و فرە سنووریی دەروازەکانی هاتنە ناوەوەی دەرمان، بە بەهای ملیۆنان دۆلار دەرمان بە قاچاخ دێت کە ناچێتە نێو هیچ ئامار و داتایەکی ئەم وڵاتەوە.

پزیشکێک دەڵێت زۆر کات پزیشکەکان وەک بەرگرییەک لە خۆیان و وەڵامدانەوە بەخواستی بەردەوامی نەخۆشەکان بۆ دەرمان، پشکنین و دەرمانی زیادە بۆ نەخۆش دەنووسن.

د.فەرەیدون جاف، پزیشکی نەشتەرگەریی دڵ و بۆرییەکانی خوێن، دەڵێت "لە سیستمە خۆراییەکانی وەک ئەوەی لای خۆمان، نەخۆش وا دەزانێ لەو پشکنین و دەرمانەی حکومەت دابینی کردوون، ئەویش پشکی هەیە و دەبێت بەشی خۆی وەربگرێ، واتە گرنگیدان تەنیا لە ئەنجامدانی پشکنین و وەرگرتنی دەرماندا دەبینێتەوە".

## هۆکارەکان چین؟

د.عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە پزیشکیی کۆمەڵ دەڵێت هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە زۆرن و چارەسەریش ڕێککردنەوەی هۆکارەکانە. هۆکارەکانیش ئەمانەن

1- لاوازیی توانای گفتوگۆی پزیشک لەگەڵ نەخۆش:
ئەگەر پزیشک هونەری گفتوگۆکردنی بەهێز بێت، دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش بڕوا بە نەخۆش بهێنێ کە دەرمان بۆ ئەو حاڵەتەی ئەو زیانی لە سوودی زۆرترە.

2 - لاوازیی توانای بەدواداچوونی نەخۆشەکان:
پزیشک چارەسەر بۆ نەخۆش دەنووسێ، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا نازانێ ئیدی دوای ئەوە چی ڕوودەدات و نەخۆش چی بەسەردێت. دووریش نییە نەخۆشەکە سەردانی چەندین پزیشک و نەخۆشخانە بکات و چەندین دەرمانی دیکە وەربگرێت. گرفتی سەرەکی لەمەدا نەبوونی پزیشکی خێزانە.

3- نەبوونی ڕێنمایی ستانداردی چارەسەر:
لە وڵاتانی پێشکەوتوو پرۆتۆکۆڵی ستاندارد هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان و پزیشک بۆی نییە لێیان لابدات و دەرمانی زیاد لە پێویست بنووسێ، تەنانەت ئەگەر نەخۆشیش داوای بکات.

4- لاوازیی هۆشیاریی نەخۆش:
هاووڵاتی بە دروستی نازانێت کە کەی و بۆچی سەردانی پزیشک بکات و چارەسەر لەچی پێکهاتووە.

5- ئاسان دەستکەوتنی دەرمان:
لە کوردستان جگە لەوەی لە نەخۆشخانەکان گوشار لە پزیشک دەکرێت دەرمان و پشکنینی نا پێویست بنووسێت، چەندین سەرچاوەی دیکەی دەرمانیش هەن، لەوانە نەخۆشخانە و دەرمانخانە ئەهلییەکان، نۆرینگەی لاکۆڵانان کە خەڵکی دەتوانن بەپارە و بەبێ هیچ لێپێچینەوەیەکی زانستی و یاسایی جۆرەها دەرمان بکڕن.

6-لاوازیی ڕۆڵی یاسا لە بەرامبەر خراپ بەکارهێنانی دەرمان.

7- نەبوونی سیستمێکی پێشکەوتووی ئامار.



ئیکرام حوسێن

# زۆر مەیکرێنە

وەک چۆن دەڵێن لە پشت هەر پیاوێکی گەورەوە ژنێکی گەورە هەیە، ڕێک لە پشت هەر میللەتێکی ڕۆشنبیریشەوە، سیستمێکی ڕێکوپێک و پزیشکانێکی دڵسۆز هەن، مەبەستم ئەوەیە خەڵکی باش پزیشکی باش دروستدەکەن.

کەم نین ئەو هاونیشتمانیانەی پاککردنەوەی ددانەکان بە کراندن تێگەیشتوون و کاتێکیش بڕیاری پاککردنەوەی ددانەکانیان دەدەن، بە پزیشکی ددان دەڵێن دکتۆر گیان زۆر مەیکرێنە، هەندێکیان زانیارییەکەیان لە زمانی باجی ڕەعنا و ئەوانەوە هێناوە و هەندێکیشیان لە زمانی ددانسازە میللیەکانەوە.

ددانسازی میللی بەپێی یاسا لە هەرێمی کوردستان مافی کارکردنی نییە لە پیشەی پزیشکی دداندا، کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە و بڕگەیەکی یاساکە دەڵێت: پێویستە ئەو کەسەی کار لە پیشەی پزیشکی دداندا دەکات، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە پزیشکی ددان، بەڵام ئەوانەی هەڵگری ئەو بڕوانامەیە نین و ئەو کارە دەکەن، هەرگیز لە ژمارەدا کەمتر نین لەوانەی هەڵگری بڕوانامەکەن و کاری پزیشکی و نۆشداریی دەم و ددان دەکەن.

زۆر کاری قەڵب و قۆڕ دەبیستی و دەبینی کە ددانسازەکان کردوویانە، جارێک لە نەخۆشخانە ژنێک هاتبوو دەیویست تاقمەکەی بۆ لاببرێت، کە بە چەسپ و دەرمانێکی نەزانراو بە مەلاشوویەوە لکێنرابوو، بەڵام کە لابرا، هەیهوو، هەموو ژوورەکەیان چۆڵ کرد لەبەر بۆن، جۆرەها ئیشی تر وەک چاندنی برغووی تراکتۆر لە دەمی نەخۆشدا و بەکارهێنانی لۆکە و ڕۆن ستۆپیش بۆ چارەسەری ددان.

بەپێی زانست، دەبێت تاقم شەوانە لاببرێت و پاکبکرێتەوە، بەڵام کاتێک ژنێک دەخەڵەتێنرێت و بەرامبەر پارەیەکی زۆر لە ژێر ناوی ددانی جێگیردا تاقم بە مەلاشوویەوە دەلکێنرێت، با بڵێین ئەوە ئاساییە، ئەی کاتێک ژنەکە ڕەتیدەکاتەوە سکاڵا لە دژی تاوانبار تۆمار بکات، بە بیانووی ئەوەی نایەوێ ڕزقی ببڕێت، ئەوەیان چییە؟ دەتوانی پێی بڵێی ژنێکی باشە یان گێلە؟ ئاخر کابرایەکی ئەمریکی بە ئۆتۆمبێل پیاسەی کردبوو، دواتر بە کوردەکەی هاوڕێی گوتبوو: ئێوە میللەتێکی زۆر باشن، لە ترافیک ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە لە لاوە خۆیانی پێدا دەکەن کەس قسە ناکات!

خەڵک بەرامبەر ددانسازەکان بێدەنگن و ئاستی زانیارییەکانیان ناگاتە ئەوەی تێبگەن لەوەی کێشەکە تەنها هەرزانیی نرخ نییە، وەک ددانسازەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، هەرچەندە ددانساز هەیە دوو هێندەی پزیشک گرانجانە، بەڵام کێشەکە لەوە گەورەترە، ڤیروسیا با ددانەکەشی سەقەت بکات و دواتر بیکێشێت، بەڵام ددانسازەکان پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان نازانن، لەوانەیە لە ڕێیانەوە ڤایرۆسی جگەر بگوازرێتەوە کە مەترسییەکەی کەمتر نییە لە ئایدز، بەپێی لێدوانە نافەرمییەکانیش ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی جگەر بۆ سەدان بەرز بووەتەوە!

کاتێک لێپرسینەوە نەبوو، چاودێری نەبوو، هەندێک پزیشک جیاوازییان نامێنێ لەگەڵ ددانساز، پیشەکەیان تەنها دەبێتە پارە پەیداکردن و هیچی دیکە.

پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی میکرۆب یان پاکژکردنەوەی ئامێرەکان و پاکژ ڕاگرتنیان لە نێوان دوو نەخۆشی دوا بە دوای یەکدا، پرۆسەیەکی تەواو هەستیارەو تاقەت و حەوسەڵەیەکی باشی دەوێت، لەگەڵیدا زانیارییش، بیستوومە دەڵێن کاتێک پزیشکە عێراقییەکانی ددان لە ئەوروپا دەیانەوێت کار بکەن، لە تاقیکردنەوەی زانستی و پراکتیکیدا هەر زوو دەردەچن، بەڵام لە تاقیکردنەوەی پاکژکردندا نا.

لە غیابی حکومەت و وەزارەتی لاموبالاتی تەندروستیدا، تەنها خەڵکە دەتوانێت شوێنی ددانسازەکان دابخات، لێپرسینەوەش لە پزیشکان بکات و شەرمەزاریان بکات.

# بۆچی هەمیشە هەست بە برسێتی دەکەی؟

ڕووداو- CNN



ئاساییە دوای وەرزشی زۆر، کاتی سکپڕی و حاڵەتە هاوشێوەکانیان ئارەزووی خواردنت زیاد بکات، بەڵام ئەگەر زۆربەی کاتەکان ئارەزووی خواردنت هەیە و هەست بە برسێتی دەکەی، ئەوە هۆکاری جیاوازی هەیە و دەبێت چارەسەری بکەی، تاوەکو قەڵەو نەبیت. پسپۆڕانی خۆراک دەڵێن برسێتی پرۆسەیەکی فیزیۆلۆجییە و دەریدەخات جەستەت پێویستی بە کالۆری، شلەمەنی، خوێیە جیاوازەکان هەیە. چەندین پاڵنەری هەیە هەر لە شێوازی خۆراکەوە تاوەکو هۆرمۆنەکانی پەیوەست بە خواردن و کارکەرە سۆزدارییەکانی وەک فشاری دەروونی. یەک یان زیاتری ئەم هۆکارانە دەکرێت لە پشت ئەوەوە بن کە گەدەت هەمیشە داوای خواردنت لێدەکات:

### 1 - وشکبوونەوە:

ئێلیسا ڕومزی گوتەبێژی ئەکادیمیای ئەمریکی تایبەت بە خۆراک دەڵێت "وشکبوونەوەیەکی کەمی جەستە زۆرجار وەک هەستکردن بە تینوێتی خۆی دەنوێنێ، واتە جەستە تەنیا پێویستی بە ئاو و شلەمەنییە و پەیامەکە بە هەڵە دەگاتە تۆ". بۆیە پسپۆڕان ئامۆژگاریتان دەکەن ڕۆژانە بڕی پێویستی شلەمەنی بخۆنەوە، ڕومزی دەڵێت با یەکەم کارتان دوای لە خەو هەستان، خواردنەوەی پەرداخێک ئاو بێت. ئەگەر برسێتی بەهۆی کەمیی ئاوی جەستەوە بێت، بە خواردنەوەی پەرداخێک ئاو، لەدوای 20 خولەک ئەو هەستەت ناهێڵێ.

### 2 - کواڵیتی خەوت خراپە:

ئەگەر شەو خەوێکی خراپ (ماوە کەم یان پچڕپچڕ) بەسەر ببەیت، ئەوا دوای لەخەو هەستان هۆرمۆنەکانی تاوەری برسێتی بەرزدەبنەوە. ڕومزی دەڵێت "کەمخەوی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی گرێلین کە هەستی برسێتی دروستدەکات، دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی لێپتین، هۆرمۆنێک کە هەستی تێربوون دەبەخشێ".

خەوێکی قووڵ و ئارام بۆ 7-8 کاژێر، وزەیەکی باشت پێدەبەخشێ و ئاستی هۆرمۆنە برسیکەرەکانت کەمدەکاتەوە.

### 3 - شیرنەمەنییەکان زۆر دەخۆیت:

شەکرە سادەکان کە لە ئاردی سفر و شەکری دەستکرد و بەرهەمەکانیاندا هەن، وادەکەن بە خێرایی شەکری خوێن بەرز ببێتەوە و پاشان بە خێرایی شەکر دادەبەزێتەوە. دابەزینە خێراکەی شەکری خوێن وات لێدەکات برسێتیەکی زۆر ڕووت تێبکات و حەزێکی زۆرت بچێتە سەر خواردنی شیرینی. بۆ ئەوەی لەوە بەدووربیت، کاربۆهێدراتە ئاڵۆزەکان بخۆ کە بڕێکی باش ڕیشاڵی خۆراکییان تێدایە و بەو هۆیەوە شەکری خوێن بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئاستێکی جێگیردا دەمێنێتەوە، بەمەش درەنگ هەست بە برسێتی دەکەیت.

### 4 - فشاری دەروونیت هەیە:

بەسەربردنی ڕۆژێکی پڕ ئەرک کە تووشی دڵەڕاوکێ و فشارێکی دەروونیی زۆرت دەکات، وا لە سیستمی جەستەت دەکات ئەدرینالین و کۆرتیزۆڵێکی زۆر دەربدات. ئەوانەش وادەکەن جەستەت داوای وزەی خۆراکی بکات و لە ڕێگەی هەستی برسێتییەوە داوای خواردنی زۆرتر و زۆرتر لە تۆ دەکات. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتەدا کارەکانت بە باشی ڕێکبخە، پەنا ببە بەر یۆگا و وەرزش و جێبەجێکردنی سروتە ئایینییەکان.

### 5 - کحول زۆر دەخۆیتەوە:

کحول هەستی برسێتی دروستدەکات و بەهێزی دەکات. بۆیە باشترە هەم خواردنەوەی کحولی سنووردار بکەیت، هەمیش کاتی خواردنەوەکەی بخەیتە دوای ژەمەکان، تاوەکو لەگەڵ کحولەکە و دوای ئەوەش هەستی برسێتییەکی زۆر بەسەرتدا زاڵ نەبێت.

### 6 - پرۆتین لە ژەمەکانتدا کەمە:

پرۆتین هەم ماوەیەکی زۆر لەناو گەدە دەمێنێتەوە و وادەکات بۆ ماوەیەکی درێژ دوای ژەمەکە هەست بە تێری بکەیت، هەم پێکهاتەکەشی بەجۆرێکە کە ئارەزووی خواردن کەمدەکاتەوە. بۆیە با ڕۆژانە خواردنی پرۆتینی لە ژەمەکانتدا بەشێوەی پێویست هەبن و دەوروبەری 50 گرام پرۆتین پێکهێنەری خۆراکی هەر ڕۆژێک بێت. سەرچاوە باشەکانی پرۆتین بریتین لە ماست، هێلکە، گۆشت و دانەوێڵەکان.

### 7 – چەوری زۆر کەم دەخۆیت:

هەندێک کەس وادەزانن تەنیا چەوری قەڵەویان دەکات، بۆیە تەواو سنوورداری دەکەن. لە ڕاستیدا دەبێت 30-35%ی وزەی خۆراکیی ڕۆژانەت لە چەورییەکانەوە بێت. لە ڕاستیدا چەوریش وەک پرۆتین و بگرە زیاتریش هەستی برسێتی کەمدەکاتەوە. بەڵام بۆ وەرگرتنی چەوریی پێویست، زۆرتر ڕووبکە ئەو سەرچاوانەی بۆ دڵ و بۆرییەکانی خوێن باشن، وەکو: ڕۆنی ڕووەکی، چەرەس و سەرچاوەکانی دیکەی چەورییە ناتێرەکان.

### 8 - ژەمەکان دەپەڕێنی:

کاتێک ژەمێک ناخۆیت، بەتایبەت ژەمی بەیانی، گەدە خاڵییەکەت پەیام دەنێرێت بۆ سیستمی جەستەت تاوەکو هۆرمۆنی برسیکەری گرێلین لە خوێندا بەرز بکاتەوە و ئەوەش تۆ برسی دەکات و حەزێکی زۆرت تێدا دروستدەکات بۆ خواردن. بۆیە لێمەگەڕێ گەدەت بۆ زیاتر لە 5 کاژێر بەتاڵ بێت و ناوبەناو بە شتێکی کەم لە وزە پەیامەکانی گەدەت سەرکوت بکە.

### 9 - ریکلام و وێنە:

ئەو هەموو ریکلامەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بۆ پیتزا و هەمبەرگەر و خواردنەکانی دیکە دەیکەن، یان ئەو وێنانەی هاوڕێکانت لە فەیسبووکەوە لە چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانەوە بڵاوی دەکەنەوە، وادەکات دەمت لیک بکات و گەدەت گرژببێت و حەزێکی زۆرت بچێتە سەر خواردن. بۆیە هەوڵبدە کاتی ریکلامەکانی خواردن، کەناڵەکە بگۆڕی.

### 10 - خواردن قووتدەدەی و نایجووی:

کاتێک بەپەلە نان دەخۆیت و بەر لە جوینێکی باش قووتی دەدەی، گەدەت پڕ بووە، بەڵام جارێ پەیامی تێربوون نەگەیشتووەتە مێشکت، بۆیە سەرەڕای زۆر خواردن هەستی برسێتیت هەر دەمێنێ. لەسەرخۆ و بە تامەزرۆییەوە خواردنەکانت بجوو، ڕێگا بدە لەگەڵ گەدەت، مێشکیشت پەیامی تێربوونی پێبگات.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (359) دووشەممە 2015/5/18

## زیرەک میرە 50 سەنتیمەتر زەوی دەوێت



**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی پەیکەرساز زیرەک میرە، نزیکەی ساڵێکە پەیکەرێکی تەواو کردووە، بەڵام دەڵێت لەوکاتەوە چاوەڕێی نیو مەتر زەوییە تاوەکو پەیکەرەکەی لەسەر دابنێ.

زیرەک میرە بە (ڕووداو)ی گوت "نزیکەی ساڵێکە پەیکەرێکم بەناوی کەلتوور و خۆشەویستی تەواو کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیار دەرنەچووە بۆ پێدانی شوێنێک بۆ پەیکەرەکە کە تەنیا نیو مەتر زەوی پێویستە" پەیکەرەکەی زیرەک میرە 8 مەتر بەرزە و گوزارشت لە خۆشەویستی دەکات. زیرەک گوتی "پەیکەرەکە نیو مەتر زەوی پێویستە، بەڵێنیان پێداوم، بەڵام دەمێکە چاوەڕێم، نازانم زەوییەکەم دەدەنێ یان نا". زیرەک ئارەزوو دەکات پەیکەرەکەی لە شاری سلێمانی دابنێ، بەڵام دەڵێت ئەگەر لەوێ زەوییان پێنەدا، پێی ئاساییە لە شارێکی دیکە دایبنێ "ئەم کارەم بۆ کوردستان کردووە نەک شارێک". ئەو پەیکەرە بە پشتیوانی دارایی بژار عەلی بۆسکانی دروستکراوە.

## مۆنیکا وازی هێنا



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد مۆنیکا زاهیر ڕایگەیاند واز لە گۆرانیگوتن دێنێ و ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات.

مۆنیکا زاهیر لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە هەواڵی وازهێنانی خۆی لە گۆرانیگوتن بڵاودەکاتەوە و دەڵێت "دەمێکە بیر لەوە دەکەمەوە واز لە گۆرانیگوتن بێنم و ژیانێکی نوێ دەستپێبکەم، دواجاریش بڕیارم دا واز بێنم و پەشیمانیش نیم لەو چەند گۆرانییەی تۆمارم کردوون".

مۆنیکا هۆکاری وازهێنانەکەی ڕوونکردەوە و گوتی "هەموو کەسێک هۆکارێکی هەیە بۆ ئەوەی واز لە پیشەیەک یان لە هونەرەکەی بێنێ، منیش بەهۆی ئەوەی شووم کردووە، پێم باش بوو واز لە گۆرانیگوتن بێنم و ژیانێکی تازە هەڵبژێرم".

مۆنیکا خوشکی گۆرانیبێژ لۆکە زاهیرە و یەکێک بوو لە قوتابییەکانی ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر.

## شەریف دەچێتە شەڕ



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی باکووری کوردستان شەریف قەیران ڕایگەیاند مانگی داهاتوو دێتە باشووری کوردستان و چەک هەڵدەگرێت و دەچێتە بەرەکانی شەڕ.

بەپێچەوانەی ئەو هونەرمەندانەی کە بۆ کلیپکردن یان وێنەگرتن بە جل و چەکی سەربازییەوە دەچنە بەرەکانی شەڕ، شەریف قەیران بڕیاری داوە چەکی پێشمەرگایەتی هەڵبگرێ.

قەیران بە (ڕووداو)ی گوت "دەبمە یەکەم هونەرمەند کە هەر بەڕاستی چەک هەڵبگرم و بچمە بەرەکانی شەڕی دژی داعش لە باشووری کوردستان".

قەیران ڕەخنەی لە هونەرمەندان گرت و گوتی "من لێرەوە ڕایدەگەیەنم کە مانگی داهاتوو لە باشووری کوردستانم بۆ شەڕکردن لەگەڵ بێناموسترین ڕێکخراو کە داعشە، وەک ئەو هونەرمەندانە ناکەم کە تەنیا بۆ خۆدەرخستن و ڕێکلام دەچنە بەرەکانی شەڕ".

## ئۆباما و ژنەکەی دەکرێنە فیلم



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

چیرۆکی خۆشەویستی میشێل و باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا دەبێتە چیرۆکی فیلمێکی هۆلیوود.

بەرهەمهێنەرانی سینەما لە هۆلیوود ئێستا کار بۆ فیلمێکی نوێ بەناوی (Southside with You)دەکەن کە خۆڕاگری و میهرەبانیی میشێلی هاوسەری باراک ئۆباما لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی سەرۆک دەگێڕێتەوە.

ئەم فیلمە بەشێکی زۆری باسی ڕۆڵی میشێل دەکات کە هەمیشە وەکو سێبەر بەدوای سەرکەوتنی هاوسەرەکەیەوە بووە، بەتایبەتی لە کاتی بوونی باراک ئۆباما بە سیناتۆر کە ئەرکی منداڵ و ماڵ تەنیا خەمی میشێل بووە، چونکە سەرۆک لەبەر سەرقاڵبوونی بە کاروباری وڵات و حیزبەکەی نەیتوانیوە ئاگاداری منداڵەکانی بێت.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی گەورە دەرهێنەری هۆلیوود ریچارد تانە کە دەیان فیلمی مێژوویی بەرهەمهێناوە.

## دەشنێ ئەی ڕەقیب دەڵێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی پۆپ دەشنێ موراد لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە خۆی بڵاوی کردووەتەوە، سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێتەوە a.

دەشنێ موراد دوای بێدەنگیەکی زۆر، ئێستا خەریکی دووبارەکردنەوەی سروودی ئەی ڕەقیبە بە شێوازێکی نوێ. لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرامیش کۆپلەیەکی سروودەکەی بڵاوکردووەتەوە.

دەشنێ دەمێکە لە هەموو چالاکییەکی هونەری و ڕاگەیاندن دوورە و ناوبەناویش وێنەیەکی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بڵاودەکاتەوە. هەر لەو تۆڕەدا ئاشکرای کردووە کە ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە و سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە لەگەڵ خەمەکانی ئەودابوون. هەروەها دەڵێت چەند گۆرانییەکی ئامادەیە، بەڵام جارێ حەزی لە تەنیاییە.

## واز لە شەیتان دێنێ



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری شۆخ و شەنگی میسری سومەیە خەشاب بڕیاری دا بەشداری درامای "باخچەکانی شەیتان 2 " نەکات.

سومەیە خەشاب کە لە زۆربەی دراما و فیلمە میسرییەکاندا ڕۆڵی ژنێکی ورووژێنەر دەبینێ، هەردەم داواکاری زۆری لەلایەن دەرهێنەرەکانەوە پێدەگات. خەشاب بە میدیاکانی ڕاگەیاند "زۆر داوام لێکرا بەشداری لەو درامایە بکەم کە بڕیارە لە مانگی ڕەمەزان نمایش بکرێ، بەڵام هەستم کرد لەگەڵ ئاستی من ناگونجێ و ڕەتمکردەوە".

میدیاکانی میسر بڵاویانکردەوە کە خەشاب لەبەر کەمیی پارەکەی دەستی لە درامای باخچەکانی شەیتان هەڵگرتووە، بەڵام ئەو دەڵێت "ڕۆڵەکەی من زۆر کەم بوو، لەگەڵ ئەزموونی من ناگونجێ، بۆیە دەستم لێ هەڵگرت".

## پەرواز سوپرایزی هەیە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ پەرواز حوسێن بەشداری لە پرۆگرامێکی بەناوبانگی عەرەبی دەکات و دەشڵێت کە سوپرایزێکی گەورەی هەیە بۆ گەلی کورد.

پەرواز حوسێن بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ ژنە گۆرانیبێژی بەناوبانگی عەرەب ئەحلام بەشداری لە پرۆگرامی تاراتاتا دەکەین و لەوێشەوە چەند بەرهەمێک بە کوردی و عەرەبی دەڵێینەوە". پەرواز دەشڵێت ئەم بەرنامەیە بینەرێکی زۆری هەیە "بۆیە لەوێ سوپرایزێکی گەورە پێشکەشی گەلی کورد دەکەم".

دوای دەرکەوتنی لە پرۆگرامی عەرەب ئایدڵ، ئەوە دووەمینجارە پەرواز و ئەحلام لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا بەیەک دەگەنەوە.

پەرواز لەوبارەیەوە دەڵێت "من ئەحلامم خۆشدەوێ، ئەویش سەرسامە بە دەنگی من، لە پرۆگرامی عەرەب ئایدڵ هاوکارێکی سەرەکیی من بوو، ئەمجارەش منی بانگهێشت کرد بۆ بەشداریکردن لەو پرۆگرامە".

## ئاری خەریکی باڵابەرزە



**ڕووداو — هەولێر**

هونەرمەند ئاری محەممەد سەرقاڵی بەرهەمێکی تازەیە و بەم نزیکانە کۆتایی بەکارەکانی دێنێ و بڵاوی دەکاتەوە.

ئاری محەممەد کە ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات بوو، دەمێکە گەڕاوەتەوە کوردستان و دەستی کردووەتەوە بە کاری هونەری، لە ماوەی ڕابردوودا گۆرانیەکی بەناوی "غەریب ماوم لە تارانێ" بە شێوازێکی نوێ دووبارە تۆمارکردەوە.

نوێترین کاری خۆیشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "نوێترین بەرهەمم بەناوی باڵابەرزە کە کاری میوزیک و دەنگی تەواو بووە. دڵنیام پێشوازییەکی باشی لێدەکرێ".

ئاری ئاشکرای کرد بۆ کلیپکردنی گۆرانییەکە لەگەڵ دەرهێنەر کاوە موحسین دەچێتە بولگاریا.

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
کارەکانی ئێستات بیرکردنەوە و کاتێکی زیاتریان دەوێت. بڕە پارەیەکت دەستدەکەوێت کە پێویستییەکی گرنگ پڕدەکاتەوە. دواکەوتنی بیستنی هەواڵێک لەلایەن هاوڕێیەکەوە نیگەرانت دەکات، بەڵام بە پەیوەندییەک بیری بهێنیتەوە لەوە باشترە هەر لە چاوەڕوانیدا بیت.

**گا**
لەم هەفتەیەدا خەرجیەکانت زۆر دەبن و هەوڵەکانت بۆ دەستکەوتی دارایی دوادەکەون. پەیوەندییە ئاڵۆزەکان ڕوو لە باشبوون دەکەن، وباشە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە، ئەمەش هەڵچوونی دەروونت هێمن دەکاتەوە. بە گلەییەکانت خۆشەویستەکەت خەمبار دەکەی.

**جمک**
لەم هەفتەیەدا ئەستێرەکەت دەگەڕێتەوە، کۆنترۆڵی بیرکردنەوەت بۆ ناکرێت و هەموو شتەکان سەرقاڵت دەکەن، کەلوپەلە بەنرخەکانت لە شوێنی پارێزراو هەڵبگرە هەتا دوورین لە لەناوچوون. هەنگاونان بۆ کاری نوێ قورس دەبێت.

**قرژاڵ**
کارەکانت بەرفراوان دەبن و پێویستە زیاتر ماندووبوونیان لەگەڵ بکێشی، هەرکارێکیش فەرامۆش بکەیت لەکۆتاییدا ناچار دەبی لە سەرەتاوە دەستی پێبکەیتەوە. لەم کاتەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت زۆر دەبن، بەڵام ئەو سوودەی نابێت کە چاوەڕوانی دەکەیت.

**شێر**
بەو جۆرە هەواڵانە دڵگران مەبە کە لە ئاواتەکەت دوور دەخەنەوە. هەست دەکەیت خەڵک هەوڵ دەدەن لێت نزیک ببنەوە، بەڵام لەو جۆرە نین کەتۆ پەسەندیان دەکەیت. بارودۆخ هەرچۆنێک بێت دەتوانی لەگەڵ بەرژەوەندی خۆت بیگونجێنی.

**گوڵەگەنم**
ئەستێرەکەت دەگەڕێتەوە، بەخێرایی هەست بەماندووبوون دەکەی، یان خێرا تووشی هەڵچوون دەبی. بەهێمنی مامەڵە لەگەڵ چواردەورەکەت بکە. هەوڵبدە کارەکان لە ئاستێکدا ڕابگریت ئەگەر بەرەو باشی نەچوون ئەوا لەدۆخی خۆیان بمێننەوە.

**تەرازوو**
لەم کاتەدا پێویستە هەست بە بەختەوەری بکەی، ڕەنگە دۆخی ژیانت لە هەندێک خەڵکانی دیکە باشتر بێت. سۆزدارەکەت لە جاران زیاتر ئومێدت پێدەبەخشێ. لەهەوڵی دارایی بەردەوام بە و لە هەنگاوناندا بڕوات بەخۆت هەبێت.


**دووپشک**
کەسایەتییەکی هەستیارت هەیە، لەوپەڕی خەمباریدا کە بیر لە ساتێکی تایبەت دەکەیتەوە دەتوانی دڵی خۆت خۆشبکەی، ئەمەش یارمەتیدەر بووە و بەهێزی کردوویت و بۆ داهاتووش بەسوود دەبێت. خۆت لە ڕاڕایی بەدوور بگرە و دڵنیابە لە هەستەکانت.

**کەوان**
لەکارەکانی ئەم ماوەیەدا بەخت هاوکارییەکی باشت دەکات، دڵگران مەبە بە دواکەوتنی ئەنجامی هەوڵەکانت. ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە لە کێشەی منداڵ و تەندروستییان دڵنیا دەبنەوە، ئەوانەشی دەخوازن هاوسەرگیری بکەن کاتێکی گونجاوە ئەگەر پێشتر بڕیارتان لەسەردابێت.

**کارژۆڵە**
هەڵچوونەکانی ناخت بەردەوام دەبن، ئەوەندە بیر لە داهاتوو مەکەرەوە کە ڕەنگە کارەکانی ئێستا تێکبدات. ئەوانەی لە تەندروستییان دڵنیا نین باشترە پشکنین بکەن و خۆیان دڵنیا بکەنەوە. دەرامەت وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**سەتڵ**
بۆ ئەوەی سەرنجت ڕابکێشن، هاوکارەکانت یان هاوڕێکانت هەوڵێکی زیاتر دەدەن. کاتێک خەمەکان لە ژیانت دەڕۆن ماڵئاواییان لێ بکەو مەیانهێنەرەوە ناو بیرکردنەوەت. توانات گەشەی کردووە چونکە کارەکەت لە جاران باشتر بەڕێوە دەبەیت.

**نەهەنگ**
گرنگی بدە بە بابەتە سەرەکییەکان، لەم هەفتەیەدا دڵخۆش دەبیت بەکارە نوێیەکەت. بواری سۆزداری دەرگایەکی کراوەیە و بەردەوام پێشوازیت لێدەکات و فرسەتێکی گرنگت بۆ دەڕەخسێنێ، پێشنیازێکت بۆ دەکرێت و بڕیاریش بەدەست خۆت دەبێت.



## شێرزاد حەسەن لەبارەی ڕۆمانە نوێیەکەی:

# ئەم ڕۆمانەم گۆرانییەکی

رووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە شەوی کریسمسدا، لە جەمسەری باکووری گۆی زەوی، لە شەوێکی زستاندا ڕوودەدەن. گەمەیەکە لەسەر تۆپی زەوی و نووسەرەکەیشی، شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس دەڵێ: "ئەم ڕۆمانەم گۆرانییەکی خەمگینە و بۆ خۆمم نووسیوە".
شێرزاد وەک خۆی دەڵێ، لەم ڕۆمانەدا باسی تراژیدیای کوردبوون دەکات و دابەشبوونی بۆ چوار پارچە بە لەخاچدانی عیسای مەسیح دەچوێنێ.

فەرهاد چۆمانی

**رووداو: ئەم ڕۆمانە نوێیە درێژکراوەی ئەزموونی تۆیە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان، یاخود بەر ئەزموونێکی نوێی تۆ دەکەوین؟**
**شێرزاد حەسەن:** دەستپێکی گەڵاڵەبوون و نووسینی خەیاڵی ئەم ڕۆمانە لە فینلاند دەستپێکرد، شەوی 1998/01/01، ئەوکاتە کە بۆ ماوەی ساڵێک لە فینلاند بووم و بە تەنیا لە کەمپ مامەوە، پاڵەوانەکەیشی لە شەوێکدا لە کەمپێکی پەنابەرانە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوا و دواتر لەگەڵ عیسا دەچنە سەماخانەیەک، خەیاڵێکم بۆ هات هەڵێنجراوی ئەو ئەفسانە یان چیرۆکەیە کە بە ملیۆنان کەس لە عیسا پەرستەکان بڕوایان

## ڕێیەرێک بۆ یاخیبوون و بیرکردنەوەی نوێخوازانە

# دەربارەی فیلمی (کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکان)

داستان بارزان

### سەرەتا

مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی بەشێکە لە سیستم، زۆر جار سیستم تا ئاستی کۆیلەبوونی دەبات و لەناو خۆیدا ونی دەکات، بەڵام ئەوەی مرۆڤی یاخی لە مرۆڤی گشتی جیادەکاتەوە، ئەو ڕۆحە ڕچەشکێنەیە کە هانی دەدات بۆ شکاندنی ڕێسا باوەکان، ئەمەش لە پێناوی هێنانەکایەی دیدی نوێ بۆ خوێندنەوەی جیهان لە ڕوانگەی دیکەوە.
ئەوەی ئێمە لێرەدا دەیخەینەڕوو، خوێندنەوەی هەندێک لایەنی فیلمی (کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکان)ـە، لە دەرهێنانی (پیتەر وێیەر) و نواندنی (ڕۆبن ولیامس) لە ڕۆڵی مامۆستا (جۆن کیتینگ) دا، هەروەها (ڕۆبێرت شۆن لیۆنارد) لە ڕۆڵی قوتابیدا، بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1989)، ماوەی فیلمەکە (128)خولەکە و بەرهەمێکی ئەمریکیە.

### چیرۆکی فیلمەکە

(کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکان) باس لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی دەکات کە تێیدا کۆمەڵێک مامۆستا بەشێوازێکی باو وانە جیاوازەکان بە قوتابیان دەڵێنەوە، لەسەروو ئەمەشەوە ڕوانینی ئاینی مەسیحی زاڵە بەسەر چۆنێتی پەروەردەکردن و فێرکردنی قوتابییەکاندا، بەڵام لەنێو مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیەدا مامۆستایەک بە ناوی (جۆن کیتینگ) هەیە کە لەڕووی تەمەنەوە تاڕادەیەک لە مامۆستاکانی دیکە گەنجترە و دەرچووی هەمان قوتابخانەیە. ئەوەی لەم مامۆستایەدا گرنگە، ئەوەیە کە ئەو جیاواز لە تەواوی مامۆستاکانی دیکە، بەجۆرێکی جیاواز قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات، نەک بەوجۆرەی ئەکادیمیا دەیخوازێت، هەربۆیە لە زۆر جێگەدا لەو سیستمە لادەدات کە لە کۆنەوە سەپێنراوە بۆ پەروەردە و فێرکردنی قوتابییەکان، بەجۆرێکی نوێ باسی شیعر و ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی شیعریان بۆ دەکات و ڕوانگەی نوێخوازانە پێشنیار دەکات بۆ نووسینی شیعر. لە ڕێگەی مەشقی ڕۆژانەوە هەوڵی دروستکردنی خولیای شاعیرانە دەدات لە قوتابییەکاندا و هانیان دەدات بۆئەوەی بینینیان بۆ دونیا بگۆڕن، بەهێنانەوەی نموونەی ژیانی ڕۆژانە دیدگایان دەوڵەمەند دەکات و هێزی داهێنانیان تێدا دروستدەکات، هەموو ئەمانەش لە دەرەوەی قسە سواوەکانی ناو لابۆرەکانی ئەکادیمیا کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ تێیاندا هەست بە بێزاری بکات. لە ئەنجامدا شێوازی ئەم مامۆستایە دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێک لە قوتابییەکان ڕۆحی یاخیبوونیان تێدا سەرهەڵبدات و لە سیسمی باو یاخی ببن و هەوڵی شکاندنی بەربەستەکانی ئەکادیمیا بدەن کە ناهێڵێت بیری مرۆڤ ئازاد بێت و بۆخۆی شتی نوێ بێنێتە ئاراوە. وادەکات قوتابییەکان بە دووی ڕوانینی تازە و دەروازەی تازەدا بگەڕێن بۆ فێربوون و گەڕان بەدوای ڕۆحی ژیان و کرۆکی شیعردا.
لە ئەنجامدا یەکێک لە قوتابییەکان بە ناوی (نیل پێری) بەهۆی ڕێگری باوکییەوە کە ناهێڵێت لە بواری نواندندا کاربکات و بەدووی خەونی خۆیەوە بێت، خۆی دەکوژێت، بەوهۆیەوە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە دێتە ناو بابەتی خۆکوشتنی قوتابییەکەوە و دوای لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە قوتابییەکان، مامۆستا (جۆن کیتینگ) لە کارەکەی دووردەخەنەوە.

### یاخیبوون و داهێنان

کردەی داهێنان چەندە پەیوەستە بە بوونی هێزی داهێنان لە مرۆڤدا، ئەوەندە و بگرە زیاتریش پێویستی بە ڕۆحی یاخیبوون هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لە نەریتە باوەکان بدەین و لە ئەنجامدا پەنجەرەی نوێ بۆ ڕوانینمان بکەینەوە، ئەوەتا (جۆن کیتینگ) کە قوتابییەکانی فێردەکات بە ڕێگەیەکی جیاوازدا بڕۆن و لە پەنجەرەی دیکەوە بڕواننە شیعر، لەهەمان کاتدا خەریکە کەرەستەکانی لێدان لە سیستمە باوەکانیان نیشان دەدات، بەڵام هەمان مامۆستا نایەوێت بێ بەرنامە بکەوێتە شکاندنی سیستمەکە، بەڵکو دەیەوێت قوتابییەکان بە بەرنامە ئەم کارە بکەن، ئەمەش مانای وایە بۆ ئەوەی لە سیستمێک بدەین، سەرەتا پێویستە لەو سیستمە تێبگەین، پاشان ڕێوشوێنەکانی لێدانی بگرینە بەر، بەبێ تێگەیشتن لە سیستمێک لێدان بێ سوودە، ناکرێت بەرەنگاری ئایدیایەک ببینەوە، بەبێ ئەوەی لەو ئایدیایە تێگەیشتبین، ئەم تێگەیشتنەش لە هەمووماندا نییە، بۆیە دەبینین لە ئەنجامی هەر لێدان و شکاندنێکی بێ بنەما، وێرانکارییەکی بێ بەرهەم دروست دەبێت، ئەم دیدگایەش لە یەکێک لە دیالۆگەکانی مامۆستا (جۆن کیتینگ)دا بەڕوونی دەردەکەوێت، کاتێک یەکێک لە قوتابییەکان بە ڕەفتارێکی سەیر دەیەوێت دژی عەقڵی باو لە قوتابخانەکەدا بوەستێتەوە، بەڵام ئەو لە جیاتی ئەوەی پشتگیریی ڕەفتارەکەی بکات، بەپێچەوانەوە سەرزەنشتی دەکات و پێیوایە ناکرێت بەو جۆرە مامەڵە بکات و بیەوێت لەو ڕێگەیەوە دژی دۆخەکە بجوڵێتەوە، بە کورتی دەیەوێت بڵێت: یاخیبوون و لادان لە سیستمی سەپێنراو، پێویستی بە جۆرێک لە بەرنامە و ئامادەکاری هەیە.
بوونی باوک لە فیلمەکەدا هەمان ئەو ئەرکەی هەیە کە زۆرجار باوکان دەیگێڕن لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، بەوەی هەوڵدەدەن منداڵەکانیان ئەو ڕێگایەی ژیان بگرنەبەر و بەو جۆرە بژین و بیربکەنەوە کە ئەوان حەزی پێدەکەن، نەک خودی منداڵەکە، ئەمەش بە هێنانەوەی چەندین بیانوو کە زۆر جار باوەڕپێکەر نین و لە ئەنجامدا منداڵەکان لە باوکەکانیان یاخی دەبن.
لەم فیلمەدا کاراکتەری (نیل پێری) حەزی بە نواندنە و دەیەوێت لەو بوارەدا کاربکات، بەڵام کاراکتەری باوک بە شێوەیەکی زۆر توند بەرپەرچی دەداتەوە و دەیەوێت ئاراستەی خەونەکانی کوڕەکەی بگۆڕێت، چونکە ئەو مەبەستێتی کوڕەکەی ببێتە پزیشک و لەو بوارەدا بڕوانامە بەدەستبهێنێ، ئەمەش دۆخی دەروونی (نیل پێری) دەشێوێنێ و تا ئەو ئاستە گرژ دەبێت کە بڕیاری خۆکوشتن دەدات.

### یاخیبوون و خۆکوشتن

(ئەلبێر کامۆ) لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا بەڕوونی جەخت لەسەر ئەو ڕوانینەی دەکاتەوە کە مرۆڤ بۆ ئەوەی مانا بە پووچیی ژیان نەدات، پێویستە درێژە بە ژیان بدات، ئەمەش لە پێناوگە یشتن بە بێ هیواییەکی وەها کە هیچ شتێک توانای ئەوەی نەبێت لە خاڵێکدا ڕاتبگرێت، واتە کامۆ خۆکوشتن بە چارەسەر دانانێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژیان، چونکە مرۆڤ ئەوەی هەیەتی ژیانە و هیچیتر.
لە فیلمی (کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکان)دا خۆکوشتن خاڵێکی لاوازی کاراکتەری (نیل پێری)یە، کە توانای بەرگریکردنی لە خۆی نامێنێ و هەر زوو خۆی دەداتە دەست مردن. ئایا داکۆکیکردن لە ویستی خۆمان و بەردەوامیدان بە ململانێکانی ژیان خاڵی سەرکەوتنی مرۆڤ نییە بەسەر ئەو پووچییەی ژیاندا؟
خۆبەدەستەوەدانی کاراکتەری (نیل پێری) بەوجۆرە دیسانەوە کۆیلەبوون و سەرنەویکردنی ئەوە لە بەرامبەر سیستمدا، مرۆڤ بۆ ئەوەی مانا بە سیستم نەدات، کە زۆرجار ئەو سیستمە خودی ژیانیش دەگرێتەوە، پێویستە بەردەوام بێت، بەڵام چۆن بەردەوامبوونێک؟ ئەو بەردەوامبوونەی پڕی بێت لە سەرکێشی و وێرانکردنی تەوتەمەکان و دروستکردنی خودێکی باڵا.
مرۆڤ بۆ ئەوەی بە ئامانج بگات، پێویستە ڕەنج بدات، بەرگەی ناڕەحەتی بگرێت، بەرهەڵستی دژوییەکان بکات، چونکە وەک (ئەمیل سیوان)یش پێیوایە، خۆکوشتن مانا بەخشینە بە ژیان کە خۆی لە بنەڕەتدا ژیان نوقمی بێ ماناییەکی ڕەهایە، کەواتە بۆ ئەوەی ژیانی بێ مانا، مانا وەرنەگرێت، دەبێت وەک سیزیفێکی هەمیشەیی بەرگەی ناڕەحەتی و خراپی ژیان بگرین و لەبەردەم ئازار و نالەبارییەکانیدا چۆک دانەدەین، تا ئەو ئاستەی کاراکتەری (نیل پێری) پێی دەگات لەم فیلمەدا.
هەر (سیوان)یش پێیوایە دەکرێت خۆکوشتن وەک چەکێک بەکاربێنین لە بەرامبەر ژیاندا و بڵێین: لە بەرامبەر ژیاندا بێ باکم، کەی ویستم کۆتایی پێدەهێنم، بەڵام ئەو کۆتاییە بە مانا کردەییەکەی یاخود فیزیکییەکەی نییە.

### کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکان

لە بەشەکانی کۆتایی فیلمەکەدا دوای ئەوەی قوتابییەکان هەمان ئەو گرووپە دروستدەکەنەوە بەوجۆرەی مامۆستا (جۆن کیتینگ) ڕۆژانێک کاری تێدا کردووە، پێیان دەزانرێت و لە ژێر فشاری خێزان و قوتابخانەدا لێپرسینەوە لەگەڵ قوتابییەکاندا دەکرێت، ئەمەش وادەکات قوتابییەکان ببنە چەند بەشێک، لەوانە هەندێکیان دان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێن و پەشیمان دەبنەوە، هەندێکیان زانیاری دەربارەی ئەندامانی دیکەی گرووپەکە و مامۆستاکەیان دەدەن، تا ئەو ئاستەی کێشە دەکەوێتە ناو قوتابییەکان و گرووپەکەیان لەبەریەک دەترازێ.
گرووپی کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکان لەم فیلمەدا بچووککراوەی زۆرینەی شۆڕشەکانە لە دونیادا، کە لەنێویاندا چەندین جۆری مرۆڤ و هەڵوێست هەیە، لەوانە مرۆڤی پاک و بەبیر و باوەڕ، کە تێدەکۆشن بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەروەک چۆن مرۆڤی سیخوڕ و ناپاکیش هەیە بۆ مەبەستی سیخوڕیکردن لە ڕیزەکانی شۆڕشدان، هاوکات مرۆڤی بودەڵە و لاوازیش هەن کە زیانی گەورە بە شۆڕش دەگەیێنن، ئەم جۆرە لە پێناوی پاراستنی ژیانی خۆیاندا هەموو شتێک دەکەن، ئەمەش وادەکات مل بۆ هەموو داخوازییەک بدەن، ئەگەر ئەو داخوازییە لە نەیارانیشەوە بێت، بۆیە زۆرجار تێکشانی شۆڕشەکانی لێدەکەوێتەوە.
مرۆڤی گرگن (مەبەست لە گرگنی ڕۆحی و گرگنییە لە کیانی مرۆڤدا) لە هەموو جێگەیەکدا زیانی خۆی دەگەیێنێت، ئەوەتا لەم گرووپەشدا مرۆڤە سیخوڕ و گرگنەکان دەبنە هۆی بڵاوەپێکردنی گرووپەکە، هەروەک چۆن بەهۆی مرۆڤە پایە بەرزەکانەوە ئامانجەکان دەگەنە ئاستێکی باڵا، سەرکەوتن و شکستی شۆڕشەکان باسی ئێمە نین لێرەدا، لە دواتریشدا تاچەند ئامانجەکانیان لەپێناو زۆرینەی خەڵکدان، یاخود دەستە و تاقمێکی دیاریکراو، دواجاریش ئەوان چۆن دەبنە دیکتاتۆر و خەڵکی دیکە دەچەوسێننەوە، ئەوەی پەیوەستە بە فیلمەکەوە هەڵوەشاندنەوەی گرووپی کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکانە کە خەونی چەندین گەنج دەشێوێنێ، بەڵام چۆن شێواندنێک؟ ئەوەیان بۆ بینەرانی فیلمەکە جێدەهێڵین و هەرگیز ئەم نووسینە ناتوانێت تەواوی چێژ و ڕەهەندەکانی فیلمەکە بخاتەڕوو.
فیلمی (کۆمەڵەی شاعیرە مردووەکان) فیلمێکی سەرنجڕاکێشە لەڕووی بیرۆکە وگەیاندنی بیرۆکەکانەوە لە ڕێی وێنەی جوانی سینەماییەوە، هەروەها نواندنی ئەکتەر (ڕۆبن ولیامس) لە ڕۆڵی کاراکتەری مامۆستاکەدا پێگەیەکی تایبەتی و ڕووبەرێکی بەرفراوانی داگیرکردووە. دیمەنی کۆتایی فیلمەکەش کە ساتەوەختی یاخیبوونی قوتابییەکانە لەو مامۆستایەی دەیەوێت دوای مامۆستا (جۆن کیتینگ) وانەیان پێ بڵێتەوە، هەستانە سەرپێیان بۆ سەر مێزەکانیان بەوەی کە چیتر ئەمان بەشێک نین لە سیستمێکی باو و سەپێنراو، لای من جگە لەوەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، نەمتوانی بە ئاسانی تێیپەڕێنم، تەزوویەکی قووڵی بە تەواوی گیانمدا هێنا و خستمییە سەرەتاکانی کتێبی (مرۆڤی یاخی) ئەلبێر کامۆ کە باس لە یەکەمیین (نا) دەکات، کاتێک مرۆڤی کۆیلە لە بەرامبەر ئاغا یاخود بەرپرسەکەیدا دەیڵێت. لای کامۆ ئەو (نا)یە سەرەتای سەرهەڵدانی هەموو یاخیبوونێکە، شۆڕشەکانیش هەموو لە (نا)یەکەوە دەستپێدەکەن، لەو (نا) یەوە مرۆڤی یاخی خۆی لەوانیتر جیادەکاتەوە و بەرەو ڕێگایەک دەڕوات کە خۆی دەیەوێت و باوەڕی پێیەتی، نەک ئاغا و بەرپرسەکانی، سوپاسکردنی قوتابییەکانیش لەلایەن مامۆستا (جۆن کیتینگ) سوپاسکردنی سەرکەوتنی ئەوانە بەسەر سیستمێکی باو و سەرەتای سەرهەڵدانی دیدگای نوێ و کردنەوەی پەنجەرەی دیکەیە بۆ ڕوانین لە شیعر، لە دونیا.



# خەمگینە و بۆ خۆمم نووسیوە

پێیە.

**ڕووداو: نووسینی ئەم ڕۆمانە چەندی خایاند؟**

**شێرزاد حەسەد:** من لە ساڵی 1998 دەستمپێکرد، بەڵام تاوەکو ئەم ساڵانەی دوایی پشووم دەدا و دەمنووسی و وازم لێدەهێنا و میراتی عیساپەرستیم دەخوێندەوە، بیرۆکەی ئەم ڕۆمانە بەتەنیا لەوەوە نەهاتووە کە من شەوێک بەتەنیام لە کەمپێک، خەڵک دەچێ بۆ ئاهەنگ و من ناچم، ئەمە ئەزموونی من نییە بە تەنیا، من هاتووم باسم لە تراژیدیای کوردبوون کردووە. ڕەمزی خاچ، یان چوار مێخە کێشان زۆر نزیکە لە کورد و مێژووی کورد. هەر تاکێکی کورد لەسەر ئاستی تاک و نەتەوە لە خاچدراوە، بەدیدی من ئەمرۆکەی کورد لە هەموو ڕۆژێک ناشیرینترە، مەلەسە ئەوە نییە عیسا دابەزێ و دونیا ڕزگار بکات، بەڵکو خودی کورد لەو چاوەڕوانییە دەژیت، وەک چۆن عیسا بە چوار مێخ دادەکوترێ، ئێمەش لە منداڵییەوە هەر کە فاممان دەکرێتەوە، گوێمان لێدەبێت کە کوردستان چوار پارچەیە، من ویستوومە تراژیدیای کوردبوونی خۆم لەوێدا بڵێم، کوردبوون لەڕێگەی عیساوە.

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا عیسا یەکەم پەنابەر بووە کە لە منداڵییەوە پەنابەر بووە، کوردیش لە سەر خاکی خۆی پەنابەرە، لەوەتەی هەین لە ژیانێکی تاراوگەییدا دەژین، هەتا ئەو جوگرافیایەی تێیدا دەژین جوگرافیایەکی وەهمییە. ئەم ڕۆمانە 17 ساڵی خایاندووە کە بیرم لێکردووەتەوە و نووسیومە، دەکرێ بڵێم بۆ زاتی خۆمم نووسیوە زیاتر لە هەر کەسێک، ئەم ڕۆمانەم گۆرانییەکی خەمگینە و بۆ خۆمم نووسیوە. من سەیرم کردووە کورد هەزاران هەزار فەرسەخ دوورە لە ناوەندەوە، وەکو کورد نەک تاکەکانی و پاڵەوانەکان کە من و هاوڕێ چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانم دروستیان دەکەن، ئەمجارە سەیرم کرد هەموو نەتەوەکە پەراوێزخراوە، چۆن عیسا لە خاچ دەدرێ، تۆ نەتەوەکەت بە خەڵک و خاکەوە لە خاچدراوە.

**ڕووداو: جیاوازیی ئەم ڕۆمانەت لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەتدا چییە؟**

**شێرزاد حەسەن:** بیرۆکەی ئەم ڕۆمانە جیاوازە لە کارەکانی دیکەم، ئەمجارە بۆ یەکەمجارە لەسەر ئاستێکی گەردوونگەرایی و بە مانای ئینسانی کارم کردووە. وەک چۆن لە "ژنێک بەسەر منارەوە- 2011" باسی ژن و ژینگەی تێدابوو، باسی نائومێدیی خۆم و وێرانبوونی ژن و ژینگە بوو، یا ترسی من لە تراژیدیای ئەوەی نازانین چۆن ڕوو لە ئازادی بکەین، ئەمجارەش لەسەر ئاستی نەتەوە ویستم پانتاییەکی ئێجگار گەورە بۆ وێرانبوونی ژینگە ببینم. من ئەمجارە باس لە کوژانەوەی هەموو ئەم ئەستێرەیە دەکەم.

**ڕووداو: ئایا فریادڕەسێک هەیە، بە ئاستێک گەیشتووە کە هێندە خراپ بین و دەستەودامانی هاتنی فریادڕەس بین؟**

**شێرزاد حەسەن:** من نەهاتووم بەتەنیا باس لە عیسا بکەم، دەمەوێ لە ڕێگەی عیساوە دەیان گەمەی دیکەی فیکری و پرسیاری فەلسەفی و بە تەکنیکێکی دیکە زەمەن چڕە و لە شەوێکی کریسمس تووشی ئەوە دەبێت، بەڵام ویستوومە مێژووی کورد لە شەوێکدا بخەمەڕوو. ئەم چیرۆکە چوار ژنی تێدایە کە هەرچواریان ناویان مەریەمە! من هاتووم کار لەسەر چەمکی فریادڕەس دەکەم، ئایا من وەکو شێرزاد و بە هەزاران کەسی دیکەش لە چواردەورم چاوەڕێی فریادڕەس دەکەم؟ شتێک هەیە بە ناوی فریادڕەس؟ بەڵام من چیتر کارم بە عیسا نامێنێ وەک پێغەمبەرێک، بەڵکو وەکو مرۆڤێک کە لەناو مێژوو ئیش دەکات. من ویستوومە بە دیدگای نووسەرێکی کورد ئیشێک لەسەر عیسا بکەم.

**ڕووداو: ئێمە ئەوەندە پێویستیمان بە هاتنەوەی عیسا، یان بە مانایەکەی دیکە بە فریادڕەس هەیە؟**

**شێرزاد حەسەن:** مرۆڤ هەرگیز لەسەر زەمین وازی لە خەیاڵی فریادڕەس نەهێناوە، ئەمەش پەیوەندی بە زانستەوە نییە، بەڵام من وەکو شێرزاد بڕوام بەوە نییە فریادڕەس بەمانای سیاسی و ئاینی لەم وڵاتە وا زوو دروست ببێت، بەڵام من ناتوانم پێتبڵێم من چاوەڕێی ئەو فریادڕەسە دەکەم، چونکە ئەمە لوغز و نهێنی گەورەی ناو ئەو دەقەیە. ئەو خۆشگوزەرانییەی باسدەکرێ لەدوای ڕاپەڕینەوە، خۆشگوزەرانییەکی درۆزنانەی ڕواڵەتییە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک فەرسەخ لە ئازادی نزیک نەبووەتەوە، ئازادی بە مانا مرۆییەکەی. ئەوەی ئەمرۆ هەیە حەقیقەت پەرستی و یەقینپەرستییە، لە کایەی ئاین و سیاسەتدا مرۆڤ وازی لە چاوەڕوانییەکی ئەبەدی نەهێناوە، گەڕانەوەی عیسا بەتەنیا چیرۆکێک و ئەفسانەیەک نییە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بەناوی خودی عیساوە چ قەسابخانەیەک لە مێژوودا بووە.

من باسی دەوڵەتی کوردی ناکەم، دەوڵەتی کوردی درۆیەکی سیاسییە و جاروبار خەڵک لێرە و لەوێ باسی دەکەن و بووەتە ئیستیهلاکی مەحەللی، پرسیارەکە ئەوەیە فریادڕەس چییە و بنەماکانی چین؟ دەبێ هەموومان فێر ببین کە خۆمان فریادڕەس بین و بە هەموومان نەوەیەک دروستبکەین کە چاوەڕێی موعجیزە و فریادڕەسێک نەبێت. "خودایە بۆ بە تەنیا بەجێتهێشتم" من کۆی ئەم ئیشەم لەسەر ئەو ڕستەیەیە.

**ڕووداو: دەکرێ ئەم قسەیەی عیسا بە مێژووی کوردەوە ببەستینەوە، دەکرێ کوردیش هەمان شت بڵێ؟**

**شێرزاد حەسەن:** بە دڵنیاییەوە، یەکێکە لەو ڕستانەی کە بەدرێژایی تەمەنی خوێندنەوەی مێژووی ئاینەکان زۆر لام سەیر بووە، ئەگەرچی جێی گومانە عیسا گوتبێتی. لە سەرەتای ڕاپەڕیندا نەهەنگێک لە ئالاسکا گیریخوارد، ئەمریکا و ڕووسیا ناکۆکییەکانیان وەلانا و هەوڵی ڕزگارکردنیان دەدا، هەمان ساڵ مەدام میتران هاتە کوردستان، قەت بیرم ناچێ ژنێکی کورد هاواری کرد "بەجێمان مەهێڵن"، وەک چۆن مەسیح هەمان هاوار بۆ خودا دەکات، میتران گوتی سەیرە نەتەوەیەک چاوەڕێی فریادڕەسێکە. ڕووسیا و ئەمریکا خەریکی ڕزگارکردنی حوتێکن، بەڵام نەتەوەیەک بەو گەورەییە ڕێزی ئەوەی نییە ئاوڕی لێبدەنەوە کە دەڵێ بە تەنیا ماوەتەوە.

# پێشچاوڕوونی بۆ بابەتی ( "خوێنەری تارمایی" و چەند سەرنجێک)



غەمگین بۆڵی

لە ژمارە (357)ی هەفتەنامەی (ڕووداو) دا، بابەتێک بە ناونیشانی ( " خوێنەری تارمایی" و چەند سەرنجێک)، بە پێنووسی ( سەدیق سەعید ڕەواندزی) بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا زۆر بە کورتی وەڵامێک بۆ ئەو (سەرنج)انەی کە لە بارەی ڕۆمانەکەوە دەربیڕیبوون، دەدەمەوە.

1-: گومان لەوەدا نییە کە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان، لە پاڵ گێڕانەوە و وەسف و شوێن و کات، زمانە. چونکە ئیشی نووسەر لە ڕێگەی زمانەوەیە، ئێمە لە ڕێی زمانەوە هزری نووسین بەیان دەکەین، زمان لە نووسیندا هەمان ئەو زمانە نییە کە ڕۆڵێکی ڕووتی هەبێت، بۆیە زمانیش ڕۆڵی کارا دەبینێ لە پرۆسەی ڕۆماننووسین. هەموو کردە ئێستێتیکییەکانی دەق لە ڕێگەی زمانەوە دەڕژێنە ناو هزری خوێنەرەوە. کەچی نووسەر لەم لایەنەوە تووشی دژیەکبوون لە بۆچوونەکانی دەبێت، لەلایەک دەنووسێت: ( ڕۆمان بەتەنها زمان نییە) و لە لایەکی دیکەشەوە، نووسیویەتی: ( ئەوە زمانە گێڕانەوە لە تێکستێکی سادەی خۆڕسکەوە دەکاتە دەقێکی هونەری). ئاخر ئەگەر زمان لە ڕێگەی گێڕانەوە تێکستێکی سادە بکاتە دەقێکی هونەریی جوان، ئایا ڕۆمان زمان نییە؟ ئایا ڕۆمان زمانێکی تۆکمەی گێڕانەوەی ناوێت؟ دواتر وشەی (خۆڕسک) کاری چییە لەو ڕستەیەدا! دەپرسم : ئایا دەقی خۆڕسک هەیە؟ ئایا دەق لە خۆیەوە دێتە بوون؟

2- نووسەر هەیە بەر لە دەستکردن بە خوێندنەوەی کتێبێک بڕیاری خۆی داوە و ئاراستەیەکی هزری ئامادەکردووە بۆ کتێبەکە. هەموو هەوڵێکیشی ئەوەیە کە بەو ئاراستەیەدا کتێبەکە بخوێنێتەوە. بۆیەش نووسەر لەم بابەتەدا تووشی ئەمجۆرە خوێندنەوەیە بووە و سەرەتا بڕیاری ئەوەی داوە کە چەند سەرنجێکی (هەر دەبێت) هەبێت. بۆیە نووسیویەتی: (نازانم نووسەر دەیەوێت چی بە خوێنەر بڵێت؟). خۆشی دواتر بە کورتی ڕۆمانەکەی باسکردووە. ئایا ئەگەر نووسەری کتێبەکە نەزانێت کتێبێکەی باسی چی دەکات، چۆن ڕاڤەکار دەتوانێت بە کورتی کتێبەکە شیبکاتەوە؟

3- نووسەر دەنووسێت: (ئەگەر یەکێک لەو بەشانە لە دووتوێی ڕۆمانەکە لابەرین، هیچ لە بینای هونەریی ڕۆمانەکە ناگۆڕێت). ڕۆماننووس ئازادە لەوەی بەچی شێوەیەک دەنووسێت و تەکنیکی ڕۆمانەکەی چۆن دارێشتووە. دیارە ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا کاری لەسەر کراوە، هەمان ئەو شێوە گشتییانەی ڕۆمان نین، بۆیە زۆر ئاساییە کە شێوە و تەکنیکی ڕۆمانەکە بەلای خوێنەرانێکەوە نامۆ بکەوێتەوە. دواتریش، ئەم بۆچوونە خۆم لە ڕاپۆرتێک لە هەفتەنامەی ( نسێ)دا ئاماژەم بەوە داوە. نووسەر بە بێ ئاماژە کردوویەتیە موڵکی خۆی.

4- نووسەر چونکە بڕیاری ڕەخنەگرتنی داوە و لە سەرەتای خوێندنەوەی کتێبەکەدا خۆی ئامادەکردووە، پێیوایە تاریک و ڕوونی بەیانی دونیا ڕەنگی خۆڵەمێشییە، نەوەک ڕەساسی. سەرەتا دەبێت بزانین ڕەنگی خۆڵەمێشی چۆنە؟ دواتریش بەریەککەوتنی ڕەنگی تاریک و ڕەنگی ڕووناک، چ ڕەنگێکی لێ دەکەوێتەوە؟

5- لە ئێستێتیکای نووسیندا هونەری ڕەوانبێژی ڕۆڵی زۆر دەبینێ، چونکە هونەری نووسین جیایە لە ژیانی واقیعی. دونیای نووسین هەمان ئەو دونیایە نییە کە تێیدا دەژین.

( نالی) لە دێڕە شیعرێکدا نووسیویەتی: " لە خەوفی تەلعەتی، ڕۆژ هەروەکو شێت/ بەڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان". لەم دێڕەی ( نالی)دا ئەگەر بە پێوەی نووسەر بێت، چۆن دەبێت ڕۆژ لە خەوفی تەلعەتی بکەوێتە کێوان! ئەمە هونەری ( جوانی بایس)ـە و هەموو ئەوانەش لە پێناوی هونەری ئێستێتیکای دەقن. بۆیە بەدرێژایی نووسینەکەی، نووسەر تووشی ئەو هەڵە چەندین بارەیە دەبێتەوە.

6- نووسەر لە ئێستێتیکای دەق و هونەری ڕەوانبێژی تێناگات و دەنووسێت: ( ئەوەی لە خەو هەڵدەستێت خەڵکە، نەک شار). وەک ئەو ڕەخنەیەی کاتی خۆی لە شیعرێکی (ع. ع. یوسف) گیرابوو، کە شاعیر نووسیویەتی: (کەر دەحەپێت و سەگ دەزەڕێت!).

7 - وەک دیارە گێڕەرەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکە، باسی بەر لە بوونی خۆی دەکات و باسی چۆنیەتی دروستبوونی و ژیانی لەناو سکی دایکی دەکات. ئەوە جێی ڕەخنەگرتن نییە کە گێڕەرەوە باسی بەر لە دروستبوونی خۆی کردووە، ئەوە فەزا و بیرۆکەی ڕۆمانەکە وەهایە.

8- لە ڕۆمانەکەدا نووسراوە: " مرۆڤێکی بەدگومان دەستی بە ئاگر بشوات". جارێ بەر لە هەرشتێک دەبێت دێڕەکە بە تەواوی بنووسرێتەوە و ناکرێت نیوەدێڕی یەکەم بقرتێنرێت، چونکە ئەوە مافی هیچ ڕاڤەکارێک نییە. کە لە ڕاستیدا وەهایە: " دۆزینەوەی بوون و ونکردنی بوون لە یەک کاتدا، وەک ئەوەیە: مرۆڤێکی بەدگومان دەستی بە ئاگر بشوات".

سەرنجیش ئەوەیە، کە کەسێک دەستی بەئاگر بشوات چی لێدێت! نووسەر هێندە لە فەزای ڕۆمانەکە دابڕاوە تەواو تێکەڵی ژیانی واقیعی بووە. ئاخر دونیای نووسین شتێکی دیکەیە و جیاوازە لە دونیای ئاسایی.

9- ئەمجارەیش دەنووسێت: ( تەنها دەپرسم، ئەم ڕستەیە هیچ جوانکاری و شیعریەتێکی تێدایە". ئەمەش ڕستەکەیە: " دۆزینەوەی بوون و ونکردنی بوون لە یەک کاتدا، وەک ئەوەیە: مرۆڤێکی بەدگومان دەستی بە ئاگر بشوات". من وەڵامی ئەوە بۆ خوێنەری هۆشیار جێدەهێڵم. دواتریش وشەی ( شیعریەت) هەڵەیە و (شیعرییەت) دروستە.

10- ئەگەر نووسەر لە سەرەتاوە بڕیاری نووسینی نەدابێت، هێندە پەلەی نەدەبوو! کە کۆدی سەرەتاکانی نووسینەکە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بەدیار دەکەون. لەوێوە دەزانین ( دڵیار ) و ( خوێنەری تارمایی) چ پەیوەندییەک لە یەکتریان کۆدەکاتەوە.

11- لە ڕۆمانەکە نووسیومە: " تا ئەوکاتە نەچوو بووە خوێندنگە". واتە تا ئەوکاتەی کە بەیانییە نەچۆتە خوێندنگە. ئایا وشەی ( بەیانی) بۆچی لە پێشدا هاتووە و ئەرکی چییە؟

12- لە ڕۆمانەکە نووسیومە: " یەک هەفتەی تەواو". واتە هەموو هەفتەکە بۆ یەک شت و یەک ئاراستە. یان بەواتایەکی دیکە، دڵنیابوونەوە لە کۆی هەفتەکە وشەی ( تەواو) بەکارهاتووە.

13- " دەبووایە درۆیەکی وەها بکەم". لاپەڕە ( 38). سەرنجی نووسەر زۆر سەیرە، کاتێک نووسیویەتی: ( ئایا ڕاستە لە ڕۆماندا، خەڵک فێری درۆکردن بکەین؟). ڕۆماننووس هارۆکی مۆراکامی لە نووسینێکدا دەڵێت: " کە ڕۆماننووس درۆی گەورە دەچنێت، واتە ئەوکاتەی کە دەبێ کۆمەڵە ڕووداوێکی خەیاڵی وا دابڕێژێتەوە بۆ شوێنێکی تازە و تیشکێکی نوێشی دەخاتە سەر". ئاخر چونکە لای نووسەر ڕۆمان بریتییە لە واقیعی ژیان و ژیانبینین وەک خۆی، درۆگوتنی کارەکتەرێکی لەلا جێی سەرنجە.

14 - بەلای نووسەرەوە ئاسایی نییە، شەختەکە لەسەرەتای ڕستەوە بێت.

15 - لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا کارەکتەر مۆبایلی لەلایە و لە بەشێکی دیکە مۆبایلەکەی بەجێهێشتووە. وەک ئەوەی کە هەموو ڕووداو و بەشەکان بەسەر یەکەوە بن و کارەکتەریش چاوی بە ماڵەوە نەکەوێتەوە. سەیر ئەوەشە هەرخۆشی نووسیویەتی، کە بەشەکانی ڕۆمانەکە سەربەخۆن.

16 - نووسەر ئەو مافەی بەخۆ ڕەوا بینیوە کە نیوەدێڕی یەکەمیان بقرتێنێت و ماناکانیان لەنگ بکات، تا وەها لە خوێنەر تێبگەیەنێت کە ڕستەکە ناتەواوە. ڕستە هەیە بە یەک وشە ماناکەی لە دەست دەدات، یان پەرەگراف هەیە بە یەک پەیڤ ماناکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

17- نووسەر لەبارەی هەردووک لاپەڕەی ( 42 و 49) سەرنجی ئەوەی هەیە، کە کارەکتەر هەم جەللادە و هەمیش بەرپرسی ڕۆژنامەیەک. بێئاگا لەوەی کە چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە شارێک دەکات کە ڕاستی و پاکی هەمیشە بۆ دواوە دەچن. زۆرجار ڕاستگۆتن بە خراپە کۆتایی دێت.

18 - " خەریکبوو لە ڕقان بەسەریدا بڕشێمەوە" لاپەڕە ( 68). نووسەر هێندە خەیاڵکاڵانە بیری لەو ڕستەیە کردۆتەوە، ئەوەی لە بیرکردووە کە ئەو بەشە هەر بەناوی ( ڕشانەوەی نووسین)ە و لەوێدا باسی ڕشانەوەی نووسین و کەسی ڕشاوەی ناو نووسینم کردووە.

19= هەر وەک ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد.

20- هەمیشە لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا هاتووە و گوتراوە: دڵم وەک سەماوەر دەکوڵێت. ئەگەر بە پێوەی نووسەر بێت، سێکس و عەشق لەکوێ و مەرەگە و خوێ لەکوێ؟ بۆیەش دەبێت بنووسین: دڵ لەکوێ و سەماوەر لە کوێ؟

21- نووسەر دەنووسێت: ( بۆ جلوبەرگ تەنگی بەکاردێت، نەک ناسکی). بێئاگا لەوەی کە جلی ناسکی فۆمێکی ڕۆمانسیانەی ناسک هەم بە گێڕانەوەکە و هەمیش بە ئافرەتەکە دەبەخشێت.

22- لەلاپەڕە ( 74)دا هاتووە: " سوورێکی هێندە تۆخ، وەک خوێن سوور بوو". ئەمەم لە خاڵەکانی یازدەم و دوانزەم باسکردووە.

23- " وەک زەردێنەی هێلکە زەرد بوو". هەمدیسان ئەمەم لە خاڵەکانی یازدەم و دوانزەم باسکردووە.

24 - دەبێت ڕستەکانی بەر لەوە و گوتوێژەکە بە وردی بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی نەکەویتە هەڵە تێفکرینەوە. چونکە بەر لەوانەی باسی ئەوە کراوە، کە وەکچۆن ئەقڵ ئوتۆمبێلی دروستکردووە، دەبابەشی دروستکردووە. واتە جەنگەکان و ئامرازەکانی جەنگیش زادەی ئەقڵن.

25- دەنگ لە کاتی گوتوێژەدا — ئەگەر ناوەکیش بێت — دەنگدانەوەی دەبێت، نەوەک زرینگانەوە.

26- ڕستەی ( جامێک ئاوی زەردە خەم بۆی پڕ کرد)، بەلایەوە مانای نییە، ئاخر نووسەر لە مانای ڕووتی وشەکان دەگەڕێت.

27- وشەکانی ( تراویلە — زەغەل) دیارە نووسەر هەدیسان دەچێتەوە سەر مانای ڕووتی وشە و ناتوانێت لەناو مانای دوو پەیڤی پێکەوە مانا بیر بکاتەوە.

28- چونکە کارەکتەر نایەوێت دەنگی بەرز ببێتەوە و بگاتە لای میوانەکانی، بە دەنگێکی نەزم هەڕەشە دەکات.

29- لای نووسەر ( گومان) زۆر سەیر کەوتۆتەوە، بێئاگا لەوەی کە گومان حاڵەتێکی میتافیزیکی هەیە. گومان دەمانگەیەنێتە هەقیقەت، گومان دەستپێکی کارە مەزنەکانە.

30- لە بەشی شاری ( سێبەرەکان)دا باسی جۆرەکانی سێبەربوون و ڕەنگی سێبەرکراوە و سێبەر لە جێگەی بکەری مرۆڤەکانی حیزب بەکارهاتووە. بۆیە سێبەری دڵڕەق و سێبەری ڕەش و سێبەری شل بوونیان هەیە. چونکە فەزای ڕۆمانەکە وایە.

31- دووبارە ئەم ڕستەیە بۆ نووسەر دەنووسمەوە بۆ ئەوەی بە بێ بڕیاری پێشوەختە بیخوێنێتەوە: " وەک مریشکێکی لوت بەرز کە لەسەر هێلکەیەکی پیس گرکەوتووە".

32- ئەوە سەربەستی ڕۆماننووسە کام وشە بەکار دەهێنێت و کامیان بەکار ناهێنێت! ( بەرزیی ئاسمان) گوتراوێکی زۆر بەکارهاتووە و ئێمەیش دەبێت خۆمان لە گوتراوی ئامادەکراو بەدوور بگرین.

33- ڕاستە گۆنا نییە و گۆیە. واتە ( نا) زیادەیە.

34- ئەم هەڵەیەم خۆم ڕاستکردۆتەوە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە نوسخەم ناردووە وشەی ( گوێم) کردووە بە ( چەپم).

-35 دووبارە کردنەوەی یەک وشەی هاوواتا زۆرجار بۆ دڵنیاکردنەوەی مانای پەیڤەکەیە.

36- فەزای ڕۆمانەکە جیاوازە لە فەزای ژیانی ئاسایی! لە ڕۆمانەکەدا سێبەر وەک پارچە پەڕۆ دەبارێت. ئەوە بۆ فەزای ڕۆمان ئاساییە، چونکە شارەکە خۆی شاری سێبەرەکانە و سێبەرەکانیش هەمەجۆر.

37 -ئەمەم لە خاڵەکانی سەرەوە باسکردووە.

38- ناشێت لە ڕۆمانێکدا ئەوە بە بەرچاوی خوێنەر نەدەین کە دەوڵەمەند، دەوڵەمەندی چییە؟ کەچەڵ لە چیدا دەوڵەمەندە؟

39- ژنەکە وەک پرۆسەی هاوسەرگیری شووی نەکردووە، بەڵام کچێنی خۆی لە دەستداوە. دیارە ئەمە بۆ کولتووریی ئێمە ئەو جۆرە کارەکتەرە نامۆیە و بۆ ئەویش وا کەوتۆتەوە.

40- ئێوارەی درەنگ دەکاتە شەو، نیو کاژێر دوای ئەوەش. کەواتە ئەو کاتە بۆ ئافرەتێک لە شارێکی وەهادا درەنگە. نابێت لە بیرمان بچێت دۆخی شارەکە چۆنە؟

41-بۆ وشەکانی ( هەڵگرتن — هەڵفڕین)، شتێک نییە لە ئەدەبیاتدا بەناوی ئەوەی ئەم وشەیە لەم وشەیە جوانترە. نووسەر ئازادە کامیان بە کاردەهێنیت.

42-نووسەر هەڵەی ڕێنووسی لە ڕۆمانە گرتووە، دیارە کە بەشێک پەیوەندی بە ڕۆماننووسەوە هەیە و بەشێکیش پەیوەندی بە دەزگەکەوە هەیە، بەڵام نووسەر خۆی جارێک ( وت ) و جارێکیش ( گوت)ی بەکارهێناوە و ڕەخنەشی لەمبارەیەوە گرتووە.

43- بەبڕوای نووسەر ئەم ڕۆمانە بە پەلە نووسراوە، وەلێ ئەگەر ورد بیخوێنینەوە دەزانین ئەم گوتەیەی نووسەر زادەی چییە؟ زادەی بڕیاردانی پێشوەختەیە.

44-نووسەر کاتیشی نەبووە ئەوەندەی نووسیوە، خوێنەری هۆشیار دەزانێت ئەم دەربڕینە زادەی چییە؟

دیارە ئەمانەی نووسیومن، زۆر بە کورتین و تەنها بەرهزرڕوونین بۆ نووسەر و خوێنەران. هەڵبەت ئەوانەی منیش نووسیومن، تەنها وەڵامن و لەوەوە تێنەپەڕیوم. ئەگەرنا هەر خاڵە و دەتوانرێت هەڵوەستەی زۆر زیاتری لەسەر بکەین. بۆیە دەبێت نووسەر بۆ خوێندنەوەی هەر کتێبێکی دیکە بڕیاری پێشوەختەی سەرنجنووسین نەدات، تا نەکەوێتە ناو ئەو هەڵانەوە. چونکەئەگەر نووسین جارێک بەرپرسیارییەتی بێت، ڕەخنە دووجارە.



گۆران محەممەد

# تەڕەماشی نیشتیمانی

بە ئیجازەی کێ، گەنگەشەی سروودی نیشتیمانی لە نێوان ئەم پارتی ئیسلامی و ئەوی نائیسلامیدا گیری خواردووە؟ بە قسەی کێ ئەو تەرەفانە خۆیان کردووەتە خاوەنی ئەو باسە و هەموو مافێکیان بە خۆیان داوە قسەی کۆتایی لەبارەوە بکەن؟ ئاخر هەندێکیان نەک هەر لە تەڕە مارشی نیشتیمانی، بەڵکو لە تەڕەماشی نیشتیمانییش نازانن.

ناشێ ئەوان وابزانن، سبەی کە مارشی نیشتیمانی لێدرا، تەنیا ئەندام و لایەنگرانی خۆیان بەرزەپێ هەڵدەستنەوە؟ بڵێی وا تێگەیشتبن کە تەنیا بۆ ئەوان، عەیب نەبێ لێدەدەرێ؟ ئاخر نەک ئەی ڕەقیب، سبەی بۆ نموونە ئەگەر مەولایە سەڵلی کرا بە مارشی نیشتیمانی، هەر کە لێدرا، نەک هەر مەلا، هەرچی لەشفرۆش و هۆمۆسێکسواڵ و هەموو ئەوانەی لە کن ئیسلامیی مەنبوورن، بۆی هەڵدەستنەوە، ناشێ لەگەڵ پەسەندکردنی مارشی ناوبراودا، ڕێنمایی ئەوەش دەربچوێنن کێ لەبەری هەستێتەوە و کێ نا.

بە سەهوو چوون ئەو پارتانەی وا دەزانن مارشی نیشتیمانی تەنیا بۆ پارتی سیاسییە، بۆیە زۆر سەهوون کە مافی ئەوە بە خۆیان بدەن ببنە بڕیاردەر لەسەر ئەم یان ئەو مارش.

ئەگەر بڕیارە کوردستان وڵاتی هەموو پێکهاتەکانی بێ، ئەگەر بڕیارە وڵاتی موسڵمان و کریستیان و ئێزدی و سابیئە و جوو و بێدین بێت، ئەگەر بڕیارە وڵاتی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری بێت. ئەوە بێگومان ئەی ڕەقیب مارشی نیشتیمانی نییە، ئاخر ئەی ڕەقیب مارشێکی فرە نازداری نەتەوەیی کوردە نەک نیشتیمانیی کوردستان. من ئەگەر تورکمان یان ئاشووری یان عەرەب بم و خەڵکی کوردستان بم، بە ڕیشی کێ ڕەوایە ئەی ڕەقیب بە مارشی خۆم بزانم کە لە غەیری کورد، بۆ کەسی دیکە نەگوتراوە.

ئەوەی کە هەرجارێ لەسەر هەڵنەستانەوەیان بۆ ئەی ڕەقیب، هێرش دەکرێتە سەر ئیسلامییەکان، لە کاردانەوەیەکی دەمارگیرانەی نائیسلامیی زیاتر هیچی دیکە نییە، دەنا ڕاست دەوێ، عەرەبی کوردستان و تورکمانی کوردستان و کریستیانی کوردستان و دەیان پێکهاتەی دیکە، مافی خۆیانە بۆ ئەی ڕەقیب هەڵنەستنەوە.

کونسوڵی ئیمارات جارێک پێیگوتم، ئێوە چۆن دەتانەوێ بە دونیادا بکرێنەوە لە کاتێکدا هەر نەتەوەی خۆتان خۆش بوێت و ڕقتان لەم و لەو بێت، ئەو گفتوگۆیە بەس بوو بۆ ئەوەی هەست بەهەڵەی خۆم بکەم کە زۆر جار کوێرانە سواری ڕەوتی ڕەگەزپەرستانەی کورد بووم.

زۆری و کەمیی ژمارەی هەر پێکهاتەیەک، مانای ئەوە نییە بیروباوەڕی ئەم بەسەر ئەودا زاڵ بکرێت، ئاخر نیشتیمان تەنیا بۆ ئینسانە، ئەگەر بە نیازین نیشتیمانێک تەنیا بۆ کوردی موسڵمان ئاوا بکەین، ئەوە دەبێ چاوەڕێ بین لێشاوی کۆچ و گەڕان بەدوای ئازادیدا لە کوردستانەوە دەستپێبکاتەوە.



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# خەساندنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بزووتنەوەی کوردی و کوردستانی، لە سێ لەسەر چواری ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە، بە ئاقاری جیابوونەوە هەنگاو دەنێت. لە کوردستانی باشوور بەرەو سەربەخۆیی یان لانیکەم بەرەو کۆنفیدراڵی هەنگاو دەنێ و ئیجماعێکی کوردستانی و نێودەوڵەتی لەسەر ئەوە دروست بووە کە ژیان لەگەڵ پێکهاتەی عارەبی لە وڵاتی بەناو عێراقدا زەحمەتە.

لە سەروبەندی ئەوەیدا کە ناسیۆنالیزمی کوردی (کە سەرچاوەکەی نادیارە، بەڵام لە باشووری کوردستان گیرساوەتەوە) خەریکە پارچەیەک لە سەرزەمینی بەڵێن پێنەدراوی کوردان بکاتە قەوارەیەکی نێودەوڵەتی. لە سێ پارچەکەی دیکە و بەتایبەتیش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (کە یەکەم کۆماری کوردی لێ لەدایک بووە)، موو نابزوێ! هەقە پرسیاری ئەوە بکرێت، بۆ؟

باسی پێش 1991 ناکەم، ئەوەی ڕووی دا ڕووی دا.. بەڵام لانیکەمی ئەوەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا، ئەگەر ئاسانکار نەبووبن، ئەوا قەت باری گران نەبوونە. نە ئەوێ ڕۆژێ و نە ئەوڕۆ، قەت بیستووتانە حیزبێکی ڕۆژهەڵات خەباتکارێکی کوردیان ڕادەست و تەسلیمی داگیرکەر کردبێ؟ قەت نایبینن...

ئێمە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا بە فیتی دوژمن، ئەوەی لە ڕۆژهەڵات بەدەست هاتبوو، لە جیاتی ئەوەی فیدائیانە پارێزگاریی لێ بکەین (وەک ئەوەی ئەوان ئێستا دەیکەن)، گیان لەسەر دەست تەسلیمی داگیرکەرمان کردەوە و ڕۆژهەڵاتمان ڕەنج بە خەسار کرد. تا بۆمان کرا لە هاوکێشەی سیاسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەکارمان هێنان، بەڵام بەس بەکارمان هێنان و هیچ!

ئەوان چاوپۆشییان لەوە کرد کە ئەگەر چالاکیی سەربازییان نەمێنێ، ڕەنگبێ هیچ هەوادارێکیان لە ڕۆژهەڵات نەمێنێ، بەڵام بۆ ئەوان ئەوە گرنگ بوو کە وەک چۆن لە کۆماری جوانەمەرگدا بارزانی بە هاواری قازییەوە چووبوو (یان لای پێشەوا گیرسابووەوە) ئاوا ئەگەر بەهاناشەوە نەهاتبن و لێرە گیرسابنەوە، کوردی باشوور ببن بە خاوەنی کیان و کەرامەت.

ئەو لەخۆبووردەییەی ئەوان زۆر بە زیانیان شکایەوە و ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە قەت نەمانتوانی وەکو کوردی باشوور قەرەبووی ئەوە بکەینەوە... با قەرەبوومان کردنەوە! پاسدارانی ئێرانمان هێنایە کۆیە و ماڵ و منداڵەکانمان قەتڵوعام کردن.. دواتر بەوەش نەوەستاین، لەکوێ بارەگایەکی ئەوانی لێ بوو، مشتێک پاسدارمان بۆ هێنان. لە ئاست هەموو لە سێدارەدان و ڕەشەکوژییەکانی ئێراندا بێدەنگ بووین و فەرشی سوورمان بۆ بکوژی ڕێبەران و سەرکردەکانیان ڕاخست. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕۆژهەڵاتمان وا لاواز کرد کە وای لێهات ئێران لە پاڵ جاشە کلاسیکییەکان، جاشی مۆدێرنیش لە ژێر ناوی شۆڕشگێڕ! دروست بکات.

ئێستا، کە ئەوان لە زۆر شوێن (لەو شوێنانەی کە لە باشوور ئێران دەسەڵاتی نییە) بەرگری لە کەرامەتی باشوور دەکەن، بەڵام هەموو ڕۆژێک سووکایەتی بە کەرامەتی تاکەکانیان لە ڕۆژهەڵات دەکرێت، ئەرکی مێژوویی ئەوە دەخوازێت کە لە جیاتی ڕێگریکردن، دەرگای خەباتی چەکدارییان بەسەردا بکەینەوە.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە زادەی زەبروزەنگ، توندوتیژی و تیرۆرە، تەنها لەو زمانانە تێدەگات و بە هەر زمانێکی دیکە لەگەڵی قسە بکەی بێ فایدەیە. بۆیە کورد گوتەنی"مست لە درێشە دەگەڕێتەوە".

پەکەکە 24 ساڵی ڕەبەقە لێرەوە پەلاماری دار و بەرد دەدات، هیچیش ڕووی نەداوە، بگرە وایان کردووە کە ڕژێمێکی عەسکەریی وەکو تورکیا بێتە سەر مێزی دانوستاندن، لێگەڕێن با بزووتنەوەی چەکداری و شۆڕشگێڕیی کورد لە ڕۆژهەڵاتیش کەمێک ڕۆڵی خۆی ببینێ. کەمێک لەو چەکانەی کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەیدەن بە کورد، با بکەوێتە دەست شۆڕشگێڕانی کوردی ڕۆژهەڵات. مەگەر تیرۆر هەر تیرۆر نییە! ئەوان بەو چەکانە نەک هەر بەرەنگاری تیرۆر، بگرە ڕووبەڕووی سەرچاوەی تیرۆریش دەبنەوە.



ناسر باباخانی

# دۆخی خەسیوی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات

بارودۆخی ڕۆژنامەگەری لە پارچەکانی کوردستان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە جیاوازیی هەیە و بەپێی زرووفی زەمەنی هەڵکشان و داکشانێکی زۆریان بەخۆوە بینیوە. بەڵام بێگومان خاڵی هاوبەشی هەموویان دەگەڕێتەوە سەر داکۆکی لە بوون و ناسنامەی نەتەوەیی.

لێنانی ناوی کوردستان لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخان لە سەردەم خۆیدا، بێگومان مەبەستێکی سیاسی لەپشت بووە. ئەوکات کە ئیمپراتۆری عوسمانی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرد و زۆربەی میرە کوردەکانی لە ئیستانبوڵ دەستبەسەر کردبوو، زۆر سروشتییە ڕووناکبیرانی کورد بە شوێن هەوڵێکەوە بووبن بۆ لابردنی ئەو بارودۆخە و دۆزینەوەی ئاڵتەرناتیڤێکی دیکەی خەبات. هەر بۆیە ئەم ناولێنانە ڕەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردیشی پێوە دیارە، واتە پێداگری لەسەر بوون و شوناسی کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی کوردی بە نەتەوەی کورد. ڕۆژنامەگەری کوردی لەو کاتەوە تا ئێستا لەم ڕێچکە و ڕێبازە لاینەداوە چون تا هەنووکە ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە.

دیارە لە نێوان گەشەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و ڕادەی کراوەیی فەزای سیاسی، پەیوەندییەکەی ئەم ئەوێتی هەیە. هەرکات لە هەر پارچەیەک خەباتی سیاسیی چەکداری بڕەوی هەبووە، ڕۆژنامەگەری کوردیش بەرەو هەڵکشان چووە.

***

سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی ئەو کەس و لایەنانەی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و لە تاراوگە ئەرکی تاقەتپڕووکێنی ڕۆژنامەگەرییان لەئەستۆ بووە، ڕەنگە نەکرێ دەستەواژەی ڕۆژنامەگەری کوردی بە مانا پڕۆفیشناڵەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاربهێنین. لەڕاستیدا بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی کاتی خۆی دەرخستووە و بەردەوام و بێ پسانەوە جگە لە چەند قۆناغێکی سنووردار بوونی نەبووە، ناکرێ لەم بەشە قایل بە بوونی ڕۆژنامەگەرییەکی پیشەیی بین.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بۆ چەند هەوڵێک لە ڕابردوودا ڕەنگە بۆ شرۆڤەی باسەکە یارمەتیدەر بێ: گۆڤاری نیشتمان کە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێ کاف بوو، بەرهەمی فکر و هزری تاکێکی بژاردە بوو. ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حکومەتی کۆماری کوردستان بەرهەمی خەباتی سیاسی نەتەوەیی بوو کە لە بۆشاییەکی دەسەڵاتی سیاسیدا — بە تەعبیری دێیڤید مەک داوڵ — دەردەچوو. گۆڤاری سروە، لە ڕاستیدا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە کوردستان بڵاوبووەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوانووی شۆڕش بوو. گۆڤار و بڵاڤۆکە خوێندکارییەکانی سەردەمی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازی خاتەمی بەرهەمی کرانەوەی ڕێژەیی کەشوهەوای سیاسی بوون لەناوخۆدا. کەوابوو دەکرێ بڵێین گەشەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چەندین فاکتەر هەیە کە ڕەنگە بریتی بن لە: کرانەوەی کەشوهەوای سیاسیی ناوخۆ، خەباتی سیاسی نەتەوەیی و هەروەها ڕۆڵی تاکە بژاردەکانی کۆمەڵگا.

بەپێی ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکردن، ئێستا ڕۆژنامەگەریی کوردی چ لەناوخۆ و چ لە تاراوگە، لە خەسیوترین حاڵەتی خۆیدایە. چون نە کەشوهەوای فەرهەنگی سیاسیی ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، نە حیزبە سیاسییەکان لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا توانیویانە لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆ بچووکترین کاریگەرییان هەبێ. ڕۆڵی تاکیش بە گرێدراویی بەم دوو هۆکارەوە گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی. هەرچەندە لە ناوخۆ بەدەگمەن ئەم وزە و پتانسیێلەیان هەیە، بەڵام دەسەڵات بەردەوام ڕێگر بووە لەبەردەمیان. ڕۆڵی تاک لەناو حیزبەکانیشدا بەپێی ماهیەتی دەسەڵاتخواز و بەرژەوەندیی حیزب ئەوەندەی دیکە سنووردار بووەتەوە.

بەربەستەکانی دیکەی پرسەکە بریتین لە: نەبوونی ستراتیژییەکی دیاریکراو و پلانێکی تۆکمە، نەبوونی سەربەخۆیی فکری، گرفتە فەنی و تەکنیکییەکان، گرفتی ماڵی، نەبوونی ستافی ئاکادێمیک، نەبوونی ئەزموون، نەبوونی فەرهەنگی کڕین و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و...

ئەوەی ڕاستی بێ، لە ساتەوەختی ئێستادا ڕۆژنامەگەریی سوننەتی (کاغەزی) کەوتووەتە پەراوێزەوە و ئەوەی ئەمڕۆ دەتوانێ ژێرخانەکانی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە، ئاوڕدانەوەیەکی جددییە لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا. ڕەنگە بە کورتی خاڵە ئیجابییەکانی ئەم چەشنە ڕۆژنامەگەرییە بریتی بن لە: تێچوویەکی کەم، بوردی زۆر، سنووردار نەبوونی لەباری تیراژەوە، بەڕۆژ بوونەوەی لە چرکەساتێکدا، پێویستی بە پرۆسەی دووروودرێژ و تەنانەت چەند ساڵەی وەرگرتنی ئیزنی چاپ و بڵاوکردنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە نییە، بەنیسبەت ڕۆژنامەگەریی سوننەتی ریسکەکەی کەمترە و...

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دۆخە خەسیوە ڕزگار نابێ مەگەر قەرەبووی ئەم خەسارانە بکاتەوە کە باسمکردن و پانتایی بەرفراوانی دنیای مەجازی بکاتە گۆڕەپانی چالاکیی خۆی بۆ ئەوەی لەم بەرزەخەی ئێستا نەجاتی بێ.



نەوزاد هیتوتی*

# سیاسەتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان

پرسی سەربەخۆیی کوردستان بووەتە ڕۆژەڤی بەشێکی بەرچاوی میدیای ناوخۆیی و جیهانی و گەنگەشەی زۆری لەبارەوە دەکرێ. بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سووربوونی خۆی لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم دووپات کردەوە و لە دوایین سەفەریدا بۆ واشنتن، دووبارە پێداگری لەسەر ئەم پرسە کردەوە. لە پانێلێکی سیاسیدا کە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەتلانتیک لە 6ی ئایاری 2015 بۆ بارزانیی ڕێکخست، سەبارەت بە ڕەوشی عێراق، کوردستان و ناوچەکە، بارزانی ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کوردستان لە ڕێگادایە و دوای شەڕی داعش لە کوردستان ریفراندۆم دەکرێت بۆئەوەی گەلی کوردستان بڕیار لە ئایندەی خۆی بدات.

لەڕاستیدا بۆئەوەی کورد بتوانێت بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێ، لەسەر ئاستی دەرەوە و بە تایبەتیش ئەمریکا پێویستی بە یارمەتی هەیە. بەبێ ڕەزامەندی ئەمریکا و دۆستەکانی، زۆر قورسە بۆ کورد کە بتوانێ بەم ئاراستەیە هەنگاو بنێ. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا سیاسەتی خۆی لە هەمبەر هەرێمی کوردستان دەگۆڕێ و پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات؟ ئەمریکا چۆن دەڕوانێتە عێراقی دوای داعش؟ ئایا ئەمریکا ئامادەیە جارێکی دیکە پشتگیری لە عێراقێکی یەکگرتوو بکات کە ئێران و میلیشیا شیعەکان بەسەریدا زاڵن؟

لە ڕاستیدا سیاسەتی ئێستای ئۆباما بە پلەی یەکەم بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و هەوڵدان بۆ ئەوەی لەڕێگەی شەراکەتی نیشتمانی لە نێوان هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی: کورد، سوننە و شیعە کیشەکان چارەسەر بکات. ئەمریکا و ئیدارەی ئۆباما زۆر پێیان گرنگە کورد لەم قوناغەدا یارمەتی حکومەتی عەبادی بدات بۆ ئەوەی بە ئاراستەی ئاشتەوایی نیشتمانی هەنگاو بنێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەمریکا لە سیاسەتی ئیستای حکومەتی عەبادی ڕازیبن، بەڵکو ئەمریکا پێیوایە دەبێت دەرفەت بدرێتە ئەم حکومەتە نوێیەی عێراق بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دەتوانێ کێشەکان بە دیالۆگ لەگەڵ کورد و سوننە چارەسەر بکا. بەرپرسانی ئەمریکاش پێیانوایە عێراقی دوای داعش دەبێت جیاواز بێت لە عێراقی سەردەمی مالیکی و دەبێ دەسەڵاتەکان دابەشبکرێن و نابێ لە ناوەند کە شیعە بەسەریدا زاڵە چڕبکرێتەوە. ئیدارەی ئۆباما هەروەها پێیوایە کە دەبێ ڕێگە بە سوننە بدرێ بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێ خۆیان بەڕێوەببەن، لەم ڕووەوە ئەمریکا پشتگیری لە هێزی لۆکاڵی سوننی دەکات کە لە چوارچێوەی عێراقدا ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، دەکرێ بگوترێ کە گۆڕانکاریی مەزن بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا هاتووە لە هەمبەر پرسی کورد و هەرێمی کوردستان. ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی دەزانێ کە کورد لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان پاشەکشە ناکات و بە بەشێکی دانەبڕاو لە کوردستانی دەزانێ، بەڵام لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە یارمەتیی کوردی دا بۆئەوەی پێشمەرگە ئەم ناوچانە کۆنترۆڵ بکات. بێگومان ئەمە گۆڕانێکی گەورە بوو لە سیاسەتی ئەمریکادا هەمبەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. لە لایەکی دیکەشەوە، ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بە ئاراستەی لاوازکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان هەنگاو دەنێت. هەر بۆیەش ئێستا ئیدارەی ئۆباما زیاتر پێداگری لەسەر پڕچەککردنی پێشمەرگە و هێزە سوننەکان دەکات. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئیدارەی ئۆباما نەک تەنیا لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەڕووی سەربازیشەوە دەیەوێ عێراق بەئاراستەی سنووردارکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان ببات.

لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، دوای هاتنی داعش بۆ عێراق، بەرپرسانی ئەمریکا بەردەوام پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبەستنەوە بە ڕێزگرتن لە سیستمی دیموکراسی، فیدراڵی و شەراکەتی ڕاستەقینە لە نێوان پێکهاتە سەرەکیەکاندا. تەنانەت بە ڕاشکاوی بە بەرپرسانی عێراقیان ڕاگەیاندووە کە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق ئەرکی عێراقیەکانە و ئێمە ناتوانین ئەم کارە بۆ عێراقیەکان بکەین لە کاتێکدا خۆیان نەیانەوێ ئەم کارە بکەن. لەو بەیاننامەیەی کە لە کۆشکی سپی دەرچووە سەبارەت بە کۆبوونەوەی بارزانی و ئۆباما، ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ کراوە کە زۆر بە کەمی باسی لێوە دەکرێت. یەکەم: بەرپرسانی ئەمریکا لەم بەیاننامەیەدا جەختیان کردووەتە سەر ئەوەی کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان هەردوولا پابەندن بەپشتگیریکردن لە عێراقێکی یەکگرتوو، هەروەک لە دەستووری عێراقدا هاتووە.

ئەگەر سەیری ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و عێراق بکەین، ئەوا ئەم ڕێککەوتنە پێداگری دەکات لەسەر پابەندبوونی حکومەتی عێراق بە سیستمی فیدراڵی، دیموکراسی، هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتمانی، پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاشتیانە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و هەمبەر دراوسێکان. هەروەها پێداگریش دەکات لەسەر پابەندبوونی عێراق بە پرەنسیپەکانی یاسای نیودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمە بەدەر لەوەی ئەم بەیاننامەیە ئاماژە دەکات بۆ پابەندبوون بە عێراقێکی فیدراڵ و یەکگرتوو وەک لە دەستووری عێراقدا هاتووە.

ئەم ڕستانە زۆر گرنگن و دەکرێت بەو شێوەیە خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە ئەگەر عێراق پابەند نەبێت بەو پرەنسیپانەی لە ڕێککەوتنی ستراتیژی و دەستووری هەمیشەییدا هاتووە، ئەوا ئەمریکا پشتگیری لە عێراقێکی یەکگرتوو ناکات. وەک لە ساڵی 2014 دا بینیمان، لەکاتی هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ و کۆنترۆڵکردنی نزیکەی نیوەی خاکی عێراق، ئەمریکا بەهانای بەغداوە نەهات وێڕای ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان هەردوولادا هەبوو. بەرپرسانی ئەمریکا هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ ڕێزنەگرتنی عێراق لە سیستمی دیموکراسی، فیدراڵی و شەراکەتی ڕاستەقینەی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لەم بەیاننامەیەدا ئەوەیە کە دەڵێت ئەمریکا بە شێوەیەکی بەردەوام و بەهێز پاڵپشتی لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەو پشتگیریەشی پەیوەست نەکردووە بە یەکپارچەی خاکی عێراقەوە.

ئەمەش دەکرێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت. چونکە ئەگەر سەیری هەڵوێستەکانی پێشووی بەرپرسانی ئەمریکا بکەین لە هەمبەر کورد لەدوای 2003 تاوەکو 2014، بەردەوام پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستانیان پەیوەست کردووە بە یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا و بەردەوام ڕایاندەگەیاند کە پابەندن بە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی و یەکگرتوودا.

***خوێندکاری دکتۆرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی کورد — زانکۆی لیستەر- بەریتانیا**

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



سوهێر قەیسی

# مەتەڵی عیزەت دووری

ئەم رۆژانە، عیزەت دووری، ئەمینداری گشتیی حیزبی بەعس، تەنیا لەوەدا لەگەڵ پشیلە هاوبەشە کە بە ئاسانی نامرێ و وەک دەڵێن حەوت رۆحی هەیە.

حکومەتی عێراق زۆر پەلەی بوو بۆئەوەی دەستکەوتێ بۆخۆی تۆمار بکات کاتێک بە پەلەپەل کوژرانی عیزەت دووریی راگەیاند، کەچی دوایی دەرکەوت کوژراوەکە شوانێکی بەستەزمان بووە و لەپێناوی ئەو پاداشتە کوژراوە کە بۆ کوشتن، یان ئاشکراکردنی حەشارگەی دووری دانرابوو. بێگومان عیزەت دووری بۆ حکومەت گرنگە، بەڵام ئەو پەلەکردن و هاتوهاوار و قەرەباڵخیە و هێنانی تیمی ئێرانی بۆ پشکنین و چاوەڕێکردنی ئەنجامەکەی بۆ ماوەی پێنج رۆژ.. هەموو ئەمانە وایان لەمن کرد کە وا هەست بکەم کارە لەپێشینە و هەرە گرنگەکە راوەدوونانی دووری بووە! ئایا بەڕاستی بۆ ئەم قۆناغە ئەوە ئامانجی یەکەمە؟

ئێمە ئەمرۆ دوژمنێکی مەترسیدارترمان هەیە کە شارەکانمان داگیردەکا و ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر لە بەغدای پایتەختەوە نزیکە. بەکوشتنی خەڵکی بێتاوان بەوپەڕی دڵڕەقییەوە، داعش ئەمرۆ بووەتە دیاردەیەکی جیهانیی ئەوتۆ کە هیچ رەفتارێکی تاوانکارانە نەماوە تاقیی نەکردبێتەوە، کەچی سەرەڕای ئەوەش، تۆمارێکی دەنگی کە گوایە هی عیزەت دوورییە، دەبێتە مانشێتی سەرەکیی میدیا عێراقی و نێودەوڵەتییەکان و لەبڵاوبوونەوەدا پێش داعش دەکەوێ!

مەسەلەی ورووژێنەر لەمەدا، رەنگە ئەو قسەوباسانە بێت کە لەبارەی چالاکییە گوماناویەکانی عیزەت دووری دەکرێن لەدوای رووخاندنی رژێمی پێشوو. ئەم چالاکیانە بەگوێرەی راپۆرتەکان لەدوای ساڵی 2006ەوە زیاتر بوون پاش ئەوەی سەرکردایەتی گرووپی نەقشبەندیی گرتەدەست کە هەر ئەمە بۆخۆی شتێکی سەیرە. چۆن ئەمینداری گشتیی حیزبێک کە فڕی بە ئاینەوە نییە، سەرکردایەتی گرووپێکی باوەڕداری سەر بە قوتابخانەی سۆفیزم دەگرێتە دەست؟ سروشتی ئەم پەیوەندییە چییە؟ تێکەڵەیەکی نامەفهومە.. سەرکردەیەکی سیاسی نائاینی دەبێتە سەرۆکی باڵێکی باوەڕداری چەکدار!

زانیارییەکی تری سەرنجڕاکێش لەبارەی عیزەت دووری لەو راپۆرتە میدیاییانەدا هات کە تایبەت بوون بە هەواڵگریی ئەمریکی و گوایە ئەمریکییەکان ئەوەیان وەلا نەناوە کە حیزبی بەعس وەکو لایەنێک ببینن و تەنانەت بیکەنەوە بە بەشێک لەژیانی سیاسی، یاخود بیانەوێ وەک کارتێک بەدەستیانەوە بێت بۆ هەر کاتێک کە بزانن خزمەتیان دەکات.

موقتەدا سەدر، سەرکردەی رەوتی سەدر لەوبارەوە لێدوانێکی هەبوو کاتێک گوتی: "قسەوباس لەبارەی عیزەت دووری هەوڵێکە بۆ بەسیاسیکردنی ئەوەی پێیدەڵێن جیهاد". لەوانەیە لێکدانەوەکەی راست بێت، چونکە عیزەت دووری سەرکردەی سیاسی گرووپێکی چەکدارە کە باوەڕیان بەجیهاد هەیە بەمانا ئاینییە دەمارگیرەکەی.

ئەگەر عیزەت دووری بەڕاستی لەژیاندا مابێ، ئەوە سەرکردایەتی نزیکەی پێنج هەزار چەکداری گرووپی نەقشبەندی دەکات کە ئێستا لەشەڕدان لەدژی داعش و ناوبەناویش چەند کەسێکیان لەلایەن ئەو رێکخراوەوە گوللەباران دەکرێن.

ئەگەر لەمن دەپرسن، بەلای منەوە ئامانجی راستەقینە دۆزینەوەی عیزەت دووری نییە، بەڵکو رزگارکردنی نەینەوا و ئەنبار و ناوچەکانی ترە، گێڕانەوەی ئاسایشە بۆ بەغدا، گەیاندنی کارەبایە بە هاووڵاتی کە ئیدی وا گەرمای هاوین تەنگی پێهەڵدەچنێتەوە.. دوورخستنەوەی مەترسیەکانی شەڕی ناوخۆیە لەپاش رووداوەکانی چەند رۆژی رابردووی ئەعزەمیە.. دۆزینەوەی کار و فەرمانە بۆ گەنجانی بێکار.. بەڵام دووری با مەتەڵێکی تەمومژاویش بێ و جێگری سەرۆکی رژێمێک بێت کە چوو، ئەو چیدی ئەولەویەت نییە و کاری لەو لەپێشتر بەرەنگاربوونەوەی داعشە.



دانا نەوزەر

# بارزانی لە بوداپشت

ئەو کاتەی بارزانی لەڕێی وەرگێڕەکەوە گوێی لە ڤیکتۆر ئۆربان، سەرۆک وەزیرانی هەنگاریا گرتبوو، چاوەڕێ بوو پەیامی پشتیوانیی هەنگاریا بۆ کوردستان و پێشمەرگە ببیستێ، بەڵام ئۆربان زیاتر لەوەشی کرد. ئۆربان بەڕوونی باسی خواستی ئەو گەلانەی کرد کە دەیانەوێ سەربەخۆ بن و باسی گرنگیی کوردستانێکی پێشکەوتووی کرد بۆ هەنگاریا و ئەوروپا. ئەم لێدوانە چەند بارزانی و کوردی دڵخۆش کرد، هێندەش عەبادی و عێراقییەکانی تووڕەکرد. ئەمە یەکەمجارە بەرپرسێکی ئەوروپی بەو ئاشکراییە وشەی سەربەخۆیی و کوردستان لە یەک پەرەگرافدا کۆبکاتەوە.

فڕۆکەکەی بارزانی لە ئەمریکاوە هەستا و لە بوداپشتی پایتەختی هەنگاریا نیشتەوە. ئەمریکا و هەنگاریا لە چەندین بابەتی سیاسی و ئابووریدا جیاواز لەیەکتر بیردەکەنەوە. ڤیکتۆر ئۆربان زیاتر مەیلی بەلای رووسیادا دەڕوات و پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبێت. تەنانەت هەندێک بە "لێکچووە ئەوروپیەکەی پوتین" ی دادەنێن. ئۆربان رەخنەی توندی هەیە لە یەکێتی ئەوروپا و لە مۆدێلی حوکمڕانیی ئەوروپی و پێیوایە دیموکراسیی لیبراڵ فەشەلی هێناوە. چەند ساڵێکی کەم لەمەوبەر، ئۆربان رەخنەگرێکی توندی پوتین بوو، بەڵام ئێستا دۆستی پوتینە و قەبارەی وەبەرهێنانی ئابووریی رووسی لە هەنگاریا تادێ گەورەتر دەبێت. ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستی ئۆرباندا پێماندەڵێت کە ئەو لەکاتێکدا سیاسییەکی راستڕەوە، بەڵام پراگماتیە و ئەوە دەکات کە پێیوایە سوودی ئابووری و سیاسی هەیە بۆ وڵاتەکەی. هەر بۆیە بە دانانی ئاڵای کوردستان و پێشوازیکردنی بارزانی لە پەرلەمانی وڵاتەکەی و باسی سەربەخۆیی، دڵی بارزانیی خۆشکرد ئەگەرچی بارزانی دۆستی ئەمریکاش بێ.

پێشوازی لە بارزانی و بایەخدان بە کوردستان لەبەر بوونی بەرژەوەندی ستراتیجیی ئەو وڵاتانە دێت لە کوردستان لەڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە. باشترین کردار لە ئێستادا سوودبینینە لەم بەرژەوەندیانە و بەگەڕخستنیانە بۆ خزمەتی خۆمان. قۆستنەوەی ئەم ساتە مێژووییانە کارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆرێک مەست دەبن بە لایەنە دیکۆری و پرۆتۆکۆلییەکان و هەندێکیش تەنها لەبەرئەوەی ئەو کەسەی پێشوازیی لێکراوە بارزانییە، دژایەتی دەکەن.

ئێستا نەک هەر فرسەتێکی باشە بۆ ئەوەی کیانی کوردی لە باشوور هەنگاوێک ببەینە پێشەوە و شتێک زیاتر لە فیدراڵی دەستبخەین، بەڵکو چانسێکیشە بۆ ئەوەی قیبلەنومای پەیوەندییە دەرەکیەکانمان بگۆڕین. نزیکەی سەدەیەکە دیبلۆماسیەتی کوردی مەحکومی رۆژانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییە. هێشتا بە خەیاڵی رۆژانی رێککەوتننامەی سیڤەر و سایکس بیکۆوە مامەڵە لەگەڵ ئەوروپا دەکەین. بەڵام ئێستا دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپادا دەستپێبکەین. بوداپشت تەنها دەروازەیەکی بچووکە بۆ ئەوروپای رۆژهەڵات، بەڵام دەبێت چاوی کورد لەسەر بەرلین و رۆما و لەندەن و پاریس بێت. لە رابردوودا بڕیاری گرنگ بۆ کورد لەو پایتەختانەوە دەرچوون کە هەندێکیان چارەنووسساز بوون بۆ باشووری کوردستان. ئێستا لەپاڵ فڕۆکەی ئەمریکادا چەکی میلانیشمان بۆدێ، بەڵام جوڵەیەکی بەهێزی دیبلۆماسی بەرەو ئەوروپا، دەکرێت زیاتر لە میلانمان بۆ بهێنێ.

ئەگەر ئاڵاکەی عێراق نەبووایە، زۆر قورس بوو جیاوازی لە نێوان دوو ئاڵاکەی دیکەی پشت بارزانی و ئۆربان بکەیت. تاکە جیاوازیی نێوان ئاڵاکانمان خۆرە زەردە گەشەکەی سەر ئاڵاکەمانە. سوور و سپی و سەوز سێ رەنگی ئاڵای ئێمە و سێ رەنگی سەرەکی ئاڵاکانی بەشێکی وڵاتانی ئەوروپاشە. هەمان سێ رەنگمان لە ئیتاڵیاش بینی. ئەفسانەیەک دەڵێت سوور و سپی و سەوز ئەو سێ رەنگە بوون کە لە شەوی لەدایکبوونی عیسای مەسیحدا وەک دیاری بە نوێنەرانی گەلانی ئاریایی دراون. ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە لە نزیکیی رەنگەوە بۆ نزیکیی زیاتر هەنگاو بنێین.



هێرش دۆسکی

# ڕێککەوتنێکی تر لەگەڵ بەغدا

ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لە کۆتایی ساڵی رابردوودا لەسەر فرۆشتنی نەوت و بودجەی هەرێمی کوردستان کرا بە یاسا لەناو یاسای بودجەی ساڵی 2015ی عێراق. بەپێی ئەم یاسایە هەر لایەنێک پابەندی رێککەوتنەکە نەبێت، لایەنی دووەم مافی ئەوەی هەیە رێگەی تر بگرێتە بەر بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست.

هەر لە سەرەتای واژووکردنی رێککەوتنەکە، زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان بڕوایان وابوو کە ئەستەمە ئەم رێککەوتنە بچێتە بواری جێبەجێکردن. چونکە ئەزموونی حوکمڕانی لە بەغدا نیشانی داوە تەنیا شتێک کە لە عێراق بەدی ناکرێ پابەندبوونە بە یاسا و رێککەوتنەکان.

بەپێی بەڵگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر پابەندە بەو رێککەوتنەی لەگەڵ بەغدا واژووی کردووە و توانی لە مانگی رابردوودا زیاتر لەو رێژە نەوتەی بۆی دیاری کرابوو (550 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا) رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات. بەڵام بەغدا نەیتوانی رێز لە واژووی رێککەوتنەکەی بگرێت و پارەی دیاریکراو بۆ کوردستان بنێرێت. کەواتە بەپێی یاسای بودجەی 2015ی عێراق کە لە مادەی 11 لە برگەی 3 هاتووە،، هەولێر دەتوانێت پابەندی رێککەوتنەکە نەبێت و مافی ئەوەی هەیە لە دوای رێگەچارەیەکی دیکە بگەڕێت بۆ مامەڵەکردن بە بەرهەمە نەوتییەکانی خۆی و دابینکردنی بودجەی پێویست. بەڵام کورد دووبارە دەیەوێ چانسێکی دیکە بداتەوە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق.


چ چانسێک؟ یان دەبێ بەغدا پابەند بێ بەم رێککەوتنەی کە ئێستا هەیە، یان دارشتن و واژووکردنی رێککەوتنێکی نوێ. ئەوەی تا ئێستا دیارە، رێککەوتنێکی دیکە بە مانای ئەوەیە، کورد بتوانێت نەوتی خۆی بەرهەم بهێنێ و لە رێگەی بۆڕی نەوتی کوردستان- جەیهان بە کۆمپانیای سۆمۆی بفرۆشێ و پارەی نەوتی فرۆشراو لە حکومەتی عێراق (وەک کڕیاری نەوتی کوردستان) وەربگرێت.

بە رای من هەردووکیان یەک شتن، بەڵام بە ناونیشانی جیاواز، چونکە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا هیچ گەرانتیەکی بۆ کورد تێدا نییە. ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم رێککەوتنە نزیک بووە، کورد دەبێ بیر لە رێککەوتنێکی دیکە لەگەڵ بەغدا نەکاتەوە، بەڵکو بەغدا دەبێ بیر لە رێککەوتنێکی دیکە لەگەڵ هەولێر بکاتەوە.

چونکە ئەگەر بەغدا ببێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم رێککەوتنە، چیتر ناتوانێ هەڕەشەی بەکارهێنانی یاساکانی خۆی بکات لەدژی ئەو کۆمپانیا بیانیانەی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن. بەپێی یاسای بودجەی ئەمساڵی عێراق، کورد مافی ئەوەی هەیە نەوت بە کۆمپانیا بیانییەکان بفرۆشێ بۆ دابینکردنی بودجەی خۆی.

هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە کورد ئامادەیە دەستبەرداری ئەم رێککەوتنە ببێت، چونکە ئاستی هەناردەکردنی نەوت (650 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا) دەتوانێت مووچەی فەرمانبەران دەستەبەر بکات و لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم رێژەیە بەرز بکاتەوە کە بتوانێت بودجەی ساڵانەی خۆی مسۆگەر بکات.

لە هەمووی گرنگتر، پێویستە کورد کەمتر پشت بە واژووەکانی بەغدا ببەستێ. دەبێ زیاتر لە لایەنەکانی دیکەی وەک ئەمریکا و ئەوروپا نزیک ببێتەوە هەرچۆن لە سەروبەندی رێککەوتنەکەدا زۆرترین موداخەلەیان هەبوو، گوشاری زۆریان لەسەر لایەنی کوردی دروست کرد بۆئەوەی رێککەوتنەکە واژوو بکەن و پێوەی پابەند بن. دەبێ ئەمجارە سەرکردایەتی کورد هەموو هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ رازیکردنی ئەو دەوڵەتانە کە فشار لەسەر عێراق دروست بکەن تا بتوانێت راستەوخۆ نەوتی خۆی بفرۆشێ و پارەی نەوتی فرۆشراو راستەوخۆ لە کۆمپانیا کڕیارەکان وەربگرێ. نەوەک هەوڵ بدات بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی دیکەی مایەپووچ لەگەڵ بەغدا. چونکە کێشەی کورد لەسەر جۆری رێککەوتنەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەیە کە ئێستا عێراق بە میزاجی شەخسی، تایفی و لەژێر فشار و کاریگەریی دەرەکی وڵات بەڕێوەدەبەن نەوەک بە یاسا و دەستوور.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# داعشی پاش بەغدادی

با وای دابنێین ئەبوبەکری بەغدادی لە هێرشێکی ئاسمانیی هاوپەیماناندا تێداچوو، هەروەها یاریدەدەرێکیشی لەگەڵ لەناوچوو، ئایا بەمە داعش کۆتایی دێت؟ خۆ بۆ قاعیدە کەم تا زۆر وابوو. تا بنلادن مابوو، خۆری قاعیدە دەدرەوشایەوە، کە ئەو نەما، وردە وردە شەوەزەنگ بۆ قاعیدە دەستیپێکرد و منداڵێکی نوێ بەناوی داعش چاوی بە خۆر و دنیا هەڵێنا. دەبێ داعشی دوای بەغدادی چۆن بێت؟

لە دوو هەفتەی رابردووەوە هەواڵی کوشتن و بریندارکردنی سەرکردەکانی داعش لە عێراقەوە بە دنیادا بڵاودەبێتەوە. رۆژێک دەڵێن خەلیفەی داعش بریندارە، رۆژێکی دیکە وەزیری وزەیان دەکوژرێت و رۆژێکی دیکەش یاریدەدەرێکی نزیکی خەلیفە بە دەمانچەیەکی بێدەنگ لەنێو بازاڕی مووسڵدا خەڵتانی خوێن دەکرێت. ئەگەر بەو هەواڵانە بێت، دەبێ بڕوا بکەین کە داعش زۆری نەماوە و ئاوا بڕوات کەسیان نامێنێت سەرپەرشتییان بکات. بەڵام ئایا ئەمە تێگەیشتنێکی راستە لە پێکهاتەی داعش و ئایندەی ئەو گرووپە توندئاژۆیە؟

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەزموونی قاعیدە بمانەوێ حوکم لەسەر ئایندەی داعش بدەین، هەڵەیەکی گەورە دەکەین. چونکە راستییەکەی قاعیدەی جیهانیش لە قاعیدەی عێراقی نەدەچوو. جیاوازییەکە لەوەدابوو کە بنلادن لە گەڕەکێکی شارێکی پاکستان، لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی حەشاردابوو و پشتیوانیی بەکردەوە و بەهێزی گەلێریی پاکستانی و ئەفغانییەکانی لەدەست دابوو. ئەو حوکمی تۆڕێکی تیرۆریستیی دەکرد کە پاش شکستی تاڵیبان لە کابوول، خەریکی تیمارکردنەوەی زامەکانی بوو. بەڵام رەوشی قاعیدەی عێراق جیاواز بوو. ئەو قاعیدەیەی دوای رووخانی رژێمی سەددام لە عێراق دروست ببوو، بەهۆی هەڵەی کوشندەی شیعەی عێراق و نەزانیی ئەمریکییەکان لە هەڵسوکەوتکردندا لەگەڵ سوننەی عێراق، لە پشتیوانیی گەورەی جڤاکی عەرەبی سوننیی عێراق بەرخوردار بوو. بۆیە دوای کوژرانی ئەبو موسعەب زەرقاوی نەک هەر نەپووکایەوە، بەڵکو گەورەتر و پڕچالاکیتریش بوو. بەجۆرێک کە ئەوەی ئێستا داعش لە نێوەڕاست و باکووری عێراق و تەنانەت لە سووریاش دەیخوات، بەرهەمی ماندووبوونی ئەوکاتی قاعیدەی عێراقە. ئەو قاعیدەیەی لەدوای زەرقاوی دوو رێبەری دیکەشی بە نێوەکانی ئەبو عومەری بەغدادی و ئەبو ئەیووبی میسری لەدەست داو هەر بە بەهێزیش مایەوە.

بۆیە هەرچەندە لەناوبردنی سەرکردەکانی داعش بۆ کاریگەریدانان لەسەر مەیدانی شەڕ گرنگە، بەڵام یەکلاییکەرەوە نییە. ئەگەر ئەبوبەکری بەغدادیش نەما، ئەبوبەکری روومادی یان ئەبو هەرامەیەکی هەرامەیی بە هەمان بیرکردنەوەی ئەوەوە شوێنی دەگرێتەوە. واتە تێگەیشتنی راستتر بۆ لەنێوبردنی داعش ئەوەیە کە بزانین شەڕی گەورەتر لەدژی داعش بە شەڕکردن لەدژی ئەو فیکرەی داعشییەکان هەڵیانگرتووە دەکرێت نەک بە لەنێوبردنی داعشییەکان. چونکە ئەو فیکرە تازە هەیە و داعشیش هەر دەمێنن. بەڵام گرنگە چانسی تەشەنەسەندن و گەورەبوونیان بگەیەندرێتە سفر لەسەد.

ئاسۆ



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# مۆتەکەی ئەردۆغان و بەدیلی ئۆجەلان

رۆژی 7ی حوزەیرانی 1990 لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا پارتێک بەناوی پارتی رەنجی گەل HEP دامەزرێنرا. پارتی رەنجی گەل داوای خوێندنی بە زمانی دایک، هەڵگرتنی باری نائاسایی لە شارەکانی باکووری کوردستان، راگرتنی چالاکیی هێزە تایبەتەکان و جەردەوانەکان دەکرد، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. هاوکات هەوڵی بۆ خولقاندنی کەشێک دەدا بۆ گەنگەشەکردنی کێشەی کورد.

ئەم پارتە یەکەم پارتی یاسایی بوو لە تورکیا کە داوای مافی بۆ کورد دەکرد. یەکەم پارتی باڵی سیاسی PKK بوو.

ئەوا 25 ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر ئەو رۆژەدا، لەتورکیا خوێندن بە زمانی دایک هێشتا قەدەغەیە. جەردەوانەکان و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەر لەجێی خۆیانن.

ئەگەر شتێک گۆڕدرابێت لە تورکیا، هەر ئەوەیە کە کێشەی کورد ئەمڕۆ بە ئاسانی گەنگەشە دەکرێت و باری نائاسایی شارەکانی باکووری کوردستانیش هەڵگیراون. لەگەڵ ژمارەیەک گۆڕانکاری بەسەر ناوی HEP دا. کاتێک لە 1993/7/14 پارتی HEP داخرا، DEP چووە جێی، ئەویش داخرا و HADEP دامەزرا، ئەویش داخرا و DEHAP دامەزرا، ئەویش داخرا و DTP دامەزرا، DTP ش داخرا و BDP دامەزرا. دواتر BDP بووە DBP و HDP.

جێی سەرنجە، لە-25ەمین ساڵیادی دامەزراندنی HEP دا، HDP ی میراتگرەوەی ئەو پارتە رۆژی 7ی حوزەیرانی 2015 بەشداری لە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازدا دەکات.

بە ئەپدەیتترین ناویەوە، پارتی دیموکراتی گەلان HDP وەک کیانێکی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا دەکات. گەورەترین بەڵێنی HDP لەم هەڵبژاردنەدا ئەوەیە کە رێگەنادەن سیستەمی پەرلەمانی بگۆڕدرێت بۆ سەرۆکایەتی.

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە تورکیا هەتا ئێستا بە لیستی سەربەخۆ بەشدارییان دەکرد. کاتێک کە وەک کیانی سیاسی بەشداری دەکەیت، پێویستە بەربەستی 10% تێپەڕێنی بۆ ئەوەی بچیتە پەرلەمان. ئەگەر نەتوانی ئەو رێژەیە تێپەڕێنی سەرجەم دەنگەکانت بەهەدەر دەچن و دەرگای پەرلەمانت بەڕوودا دادەخرێ.

ئەگەر HDP لەژێر بەربەستی 10%دا بمێنێتەوە، دەنگی نزیکەی 5 ملیۆن کەس کە زۆربەیان کوردن بەهەدەر دەڕوات. نزیکەی 60 کورسی پەرلەمانیش پێشکەشی پارتی داد و گەشەپێدان دەکرێت.

ئەمە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، دۆزی کورد لە تورکیا بەلایەنی کەمەوە بۆ 20 ساڵ دەباتەوە دواوە. هاوکات ئاسایش و ئارامیی باکووری کوردستان و تورکیا دەخاتە ژێر هەڕەشەیەکی گەورەوە.

پێچەوانەکەی کە تێپەڕاندنی ئەو بەربەستەیە لەلایەن HDP وە، لەلایەکەوە کۆتایی بە خەونی بوون بە سەرۆکی رەجەب تەیب ئەردۆغان دەهێنێ، لەلایەکی دیکەوە ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێز بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دروست دەکات.

ئەگەر HDP یەک پۆینت لەسەرووی 10% دەنگ بهێنێ، بەلایەنی کەمەوە نزیکەی 60 کورسی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. ئەمە مانای ئەوەیە کە کورسییەکانی AK Parti دادەبەزێ بۆ نزیکەی 300 کورسی یان کەمتر. ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە AKP ناتوانێ گۆڕانکاری لە دەستووردا بکات بۆ گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی.

لەلایەکی دیکەشەوە ئێوارەی 2015/6/7 سەرکردەیەکی کاریزماتیکی لێهاتووی نوێ لەدایک دەبێت کە نەک تەنها کورد، بەڵکو بەشێک لە تورکەکانیشی قایل کردووە دەنگی بدەنێ. ئەو سەرکردەیە کەس نییە جگە لە سەلاحەددین دەمیرتاش. لە ساڵیادی دامەزراندنی یەکەم پارتی کوردی (یاسایی)دا لە تورکیا، بەدیلێکی راستەقینە بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دێتە کایەوە.

بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بەیانی 2015/6/8 دەمیرتاش جارێکی دیکە نەچێتەوە ژێر فەرمانی ئۆجەلان. ئەگەر ئەو هەڵەیە بکات، هەم سەرکردەبوونی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەم بەدەستی خۆی ناچار دەبێت رێگەی سەرۆکایەتی بۆ ئەردۆغان بکاتەوە. چونکە ئۆجەلان بەڕوونی گوتبووی کە پشتگیری لە سەرۆکایەتیی ئەردۆغان دەکات.

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



مۆنیکا وازی هێنا
« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد
هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پا
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

croix-rouge française

## LOCAL OPEN TENDER NOTICE

FRENCH RED CROSS (FRC) is a humanitarian organization which is currently working on the response of the Syrian Crisis in Iraq. In regard to its support to Non-camp and Camp IDP and Refugee population in the Northern Iraq, FRC wishes to invite interested registered companies to participate into a Tender Qualification process.

As part of its programs in Iraq, French Red Cross wants to buy the services/goods listed below:

**Tender Ref Number:** *2015-IQ-DK-005-AO*

- **LOT N°1 :** Machines: ***2015-IQ-DK-005A-AO***
- **LOT N°2 :** Concrete Mixer: ***2015-IQ-DK-005B-AO***
- **LOT N°3 :** Truck Services: ***2015-IQ-DK-005C-AO***

**Tender Ref Number:** *2015-IQ-DK-006-AO*

- **LOT N°1:** Pipes and fittings: PVC (Polyvinylchloride), PP (Polypropylene), PE (Polyethylene)

The companies who wish to bid to one or several lots are invited to collect a tender dossier at the French Red Cross before the ***28/05/2015 by 4pm*** at the following address:

**French Red Cross**:

Awat St. Shakhqee Qu. / Duhok / Iraq

**frc.tender@gmail.com**

The deadline for the submission of tenders is set on the ***07/06/2015 before 4pm***.

